# ناسینەوەی کورد لە شوێنەواردا

سارا سەردار

خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

ناوی کتێب: ناسینەوەی کورد لە شوێنەواردا
نووسەر: سارا سەردار
دیزاین: باسم ڕەسام
پێداچوونەوەی زانستی: د. کەیوان ئازاد، د. ئاری کامیل
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٤٠٠٠ دینار
چاپی یەکەم، چاپخانەی ئازادی، هەولێر، ٢٠٢١
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٢٤٢)ی ساڵی (٢٠٢١)ی پێدراوە.

زنجیرەی کتێب (١٠٥٤)
ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیڵ: info@mukiryani.com

# ناسینەوەی کورد لە شوێنەواردا

سارا سەردار

## بەرچاوڕوونی

مەبەست لە نووسین و چاپ و بڵاوکرنەوەی ئەم کتێبە، زیاتر ئاشناکردنی خوێنەری کوردستانە بە مێژوو و ڕابوردووی خۆیان، ئەم کتێبە دەکرێ دەروازەیەک بێت بۆ جووڵاندنی هەستی مێژوودۆستیی و وردبوونەوە لە دیرۆکی خۆمان، وەک خەڵکی کوردستان.

ئەم کتێبە کۆکراوەی زنجیرە بابەتێکی ڕۆژنامەوانییە کە لە ساڵی (٢٠١٨) لەلایەن بەندەوە بە پشتبەستن بە کۆتا دۆزینەوەکانی شوێنەواریی کە تا ساڵی (٢٠٢٠) لەلایەن هەر سێ بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەواری پارێزگاکانی هەولێر، دهۆک و سلێمانی و تیمە بیانییەکانی بواری شوێنەوار، کراون. هەروەها بە خوێندنەوە و توێژینەوە لەسەر کتێبە مێژووییەکانی ناوخۆ و زمانانی تر، هاوکات سوودوەرگرتن لە توێژینەوە ئەکادیمییەکانی شوێنەوارناسانی کورد لە هەر سێ زانکۆی سەلاحەددین، دهۆک و سلێمانی و ڕاوێژ و گفتوگۆ لەگەڵ پسپۆڕەکانی بواری مێژوو و شوێنەوار.

سەرەتا بەشێک لەم کتێبە وەک زنجیرە بابەتێک لە دەزگای ڕۆژنامەوانی «وشە» بڵاوبۆتەوە، لەژێر ناونیشانی «ڕەگوڕیشەی کورد»، دواتر بەمەبەستی بە چاپ گەیاندنی ئەم کتێبە بەدواداچوونی ورد و زانستییانەمان بۆ بابەتەکان کردووە و چەند بەشێکی دیکەمان بۆ خستۆتە سەر.

**سارا**

## بەشی یەکەم
## سەرەتای ژیان لە ئەشکەوتەکان

یەکەم شوێن کە بە مەنزڵگای مرۆڤ دادەنرێت، ئەشکەوتەکانن. ئەشکەوتەکان بۆ مرۆڤی سەرەتایی پەناگەیەکی باشبوون بۆ پاراستنیان لە مەترسی سروشتیی و درێژەدان بە ژیان.
ئەو ئەشکەوتانەی وەک سەرەتایەک بۆ ژیانەوە لە کوردستان دەناسرێن بریتین لە:

### ئەشکەوتی شانەدەر

یەکێک لە یەکەمین شوێنەکان کە شوێنەواری مرۆڤی نیاندەرتاڵ تێیدا دۆزرابێتەوە ئەشکەوتی (شانەدەر)ـە، ئەم ئەشکەوتە دەکەوێتە شارۆچکەی (مێرگەسوور) و دەڤەری (بارزان)ی باکووری ڕۆژهەڵاتی (هەولێر)، بە دووریی ١٤٢ کیلۆمەتر، بەرزی ئەشکەوتەکە لە ئاستی ڕووی دەریاوە دوو هەزار و ٢٠٠ پێیە، لەسەر بەرزایی لووتکە چیای برادۆست هەڵکەوتووە.
مێژووی ئەشکەوتی (شانەدەر) بۆ چاخی بەردینی کۆن دەگەڕێتەوە و بەرزییەکەی ١٨ مەتر و درێژییەکەی ٤٠ مەتر و پانییەکەیشی ٢٧ مەترە، لە ناوەوە فراوانتر دەبێ و پانییەکەی دەگاتە ٦٠ مەتر، بە کۆنترین و گەورەترین ئەشکەوت لە (عێراق) دادەنرێت.

ئەشـكەوتەكە دەكەوێتـە دووری سـێ كیلۆمەتـر لـە ڕووبـاری زێـی گـەورە، ڕووی پێشـەوەی لـە شـێوەی سێگۆشـەیەک هەڵكەوتـووە و بەرزییەكـەی هەشـت تـا ٢٥ مەتـر دەبێ، تیشـكی خـۆر بـە ئاسـانی دەچێتـە نـاوی و شـوێنێكی تـەواو گونجـاو و سـەرنجڕاكێش بـووە بـۆ ژیـان.

بۆ یەكەمینجار لە ساڵی ١٩٢٠ زانای شوێنەوارناسی بەریتانیایی (دوروسی گارود) ئێسكی گیانەوەرێكی لە ناوچەكە دۆزیوەتەوە و پاشان لە ماوەی ساڵانی ١٩٥١ تـا ١٩٦١ پرۆسـەی هەڵكۆڵیـن لەلایـەن (ڕالـف سـولیكی – Ralph Solecki) لە زانكۆی (میشیگان)ی ئەمەریكا، ئەنجام درا و تا قووڵایی ١٤ مەتر ڕۆیشتبوو.

لـە ئەنجامـی ئـەم هەڵكۆڵینـە، كارەكـە دابـەش دەبێتـە سـەر چـوار چیـن:

چینیA: كە بۆ چاخی بەردینی كۆن دەگەڕێتەوە.

چینیB: كە دابەش دەبێتە سەر دوو بەش:

B1: چاخی بەردینی نوێ كە كۆمەڵێ كەلوپەلی تایبەت بەم سەردەمەی تێدا دۆزراوەتەوە.

B2: چاخی بەردینی ناوەڕاست.

چینیC: واتە چاخی بەردینی ناوەڕاست و سەردەمی شوێنەواری برادۆست.

چینیD: دۆزینەوەی كۆمەڵێ كەلوپەل كە بۆ سەردەمی چاخی بەردینی ناوەڕاستی كۆن، دەگەڕێتەوە.

لە ئەنجامی كنە و پشكنینی چینی چوارەم، لێكۆڵەرەكان گەیشتن بە زەوی تەخت و دۆزینەوەی كۆمەڵێك ئێسک

و پرووسکی مرۆڤی نیاندەرتاڵ و ئێسکی ئاژەڵ و هەندێ ئامێری بەردین. کۆپییەکی کەللەسەری مرۆڤی نیاندەرتاڵ و کۆمەڵێک ئامێری بەردین کە لە ئەشکەوتی شانەدەر دۆزراونەتەوە لە مۆزەخانەی شارستانی هەولێر دانراون، هەروەها ۱۰ پەیکەری مرۆڤی نیاندەرتاڵ کە لە ماوەی یەکەم پشکنین لە ئەشکەوتەکە دۆزراونەتەوە، بەڵام ئەمانە بەشی زۆریان بۆ مۆزەخانەی بەغدا و هەندێکیشیان بۆ ئەمەریکا گواستراونەتەوە.

ڕاڵف سولیکی لە ئەنجامی کارە شوێنەوارییەکانی لە ئەشکەوتی شانەدەر سێ کتێبی نووسیوە، یەکێکیان بە ناوی (شانەدەر یەکەمین میللەتی گوڵ)ـە کە باس لە کۆمەڵێ داوونەریتی مرۆڤی نیشتەجێی ئەشکەوتەکە کردووە، وەک ئەوەی مرۆڤی نیاندەرتاڵی نیشتەجێی ئەو ئەشکەوتە، لەگەڵ ناشتنی مردووەکانیان، چەپکە گوڵێکیان لەناو گۆڕەکەی دادەنا، ئەوەیش نیشانەی ڕێز و خۆشەویستیان بۆ مردووەکە بووە، ئەم سەلماندنە لە دۆزینەوەی پەیکەرێکی نیاندەرتاڵ کە شوێنەواری گوڵی سروشتی لەسەر ئێسکەکانی مابوو، دەرکەوتووە.

لە یەکێک لە کتێبەکانی تری ڕالف سولیکی، بە ناوی (گۆڕستانی سەرەتایی نوێ و بەردین لە شانەدەر)، باس لە دۆزینەوەی گۆڕستانێک لە قووڵایی یەک مەتری ئەشکەوتەکە دەکات کە پێکهاتبوو لە ۲٦ گۆڕ و جەستەی ۳۵ مرۆڤی تێدا دۆزراونەتەوە.

بە گوێرەی ئەو توێژینەوە و پشکنینانەی بۆ ئەو

ئێسکەپەیکەرانە کراون، دەرکەوتووە ئەم ئێسکانە تایبەتن بە منداڵی ساوا و کۆرپەلە. شێوازی ناشتنی مردووەکان بە شێوازی گرمۆڵە بووە، واتا منداڵ چۆن لە ناو سکی دایکیدایە، هەر بەو شێوازە نێژراوە.
بابەتێکی سەرنجڕاکێشی دیکە هەیە، ئەویش ئەوەیە کە تەواوی گۆڕستانەکە چینێک گوڵی سروشتی لەسەر دانراوە و بەدوایدا بە زیخ، یان بە بەردی بچووک داپۆشراون.
لە دوایین کاری هەڵکۆڵین کە لە ساڵی ٢٠١٩ لەلایەن تیمی زانکۆی (کامبریجی) بەریتانی بۆ ئەم ئەشکەوتە کراوە، ئێسکەپەیکەری بەشی پەراسوو و بڕبڕەی پشتەوەی یەکێک لە کەللەسەرە دۆزراوەکان دەرکەوتووە، شوێنەوارناسان تەمەنی ئەم ئێسکە شوێنەوارییانە بۆ نزیکەی ٧٠ تا ٧٥ هەزار ساڵ پێش ئێستا دیاری دەکەن.





ئەشکەوتی شانەدەر

## ئەشکەوتی هەزارمێرد

ئەشکەوتی هەزارمێرد بە دووریی ١٣ کم لە ڕۆژهەڵاتی سلێمانی هەڵکەوتووە و نزیکە لە گوندی هەزارمێرد لە بەکرەجۆ.
مێژووی ئەم ئەشکەوتە بۆ ٥٠ هەزار ساڵ پێش ئێستە دەگەڕێتەوە، ئەم شوێنەوارە هەزار و ٢٠٠ مەتر لە ئاستی دەریاوە بەرزە و لە ڕووی قووڵیی و قەبارەوە تا ئێستا ڕووپێوی بۆ نەکراوە، بەڵام بە هۆی قووڵی و بەرینییەکەیەوە لە ڕابردوودا پێی گوتراوە «ئەشکەوتە تاریکەکە».
لە ساڵی ١٩٢٦ بۆ یەکەمجار کاری پشکنین بۆ مێژووی ئەم ئەشکەوتە لەلایەن شوێنەوارناس (سپایزەر)، پاشان لەلایەن خاتوو دوروسی گاروود کە پسپۆڕی چاخەکانی پێش مێژوو بووە، لە ساڵی ١٩٢٨ کراوە، ١٨ ڕۆژی خایاندووە و لە کۆتاییدا توانی چینەکانی ناو ئەشکەوتەکە دیاری بکات بەسەر سێ چین، یان سەردەم، کە ئەمانەن:
چینی A: نیشانەکان و پاشماوەکانی ئەم سەردەمە بۆ چاخی مێژوو دەگەڕێنەوە، واتا هەزارەی چوارەم بەرەو ژوور.
چینی B: سەردەمەکەی بۆ چاخی بەردینی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە.
چینیC: ئەم چینە گرنگترین بەشی ئەم ئەشکەوتەیە

کە دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی کۆن و پێش مێژوو، لەم چینە شوێنەواری ئاگردان و کۆمەڵێ ئێسک و پرووسک و هەندێ ئامێری بەردین، دۆزراونەتەوە.



ئەشکەوتی هەزارمێرد

## ئەشکەوتی زەرزی

بە گوتەی شوێنەوارناسان، بەپێی کۆتا دۆزینەوەی شوێنەواری کە لەم ئەشکەوتە بەدەست هاتووە، پێدەچێت ئەم ئەشکەوتە لە ڕووی تەمەن و مێژووەوە لە ئەشکەوتی شانەدەر و هەزارمێردیش کۆنتر بێت، بەڵام تا ئێستا نەسەلمێنراوە.

شوێنی جیۆگرافی ئەشکەوتی زەرزی دەکەوێتە پارێزگای سلێمانی لە ناوچەی سووورداش نزیک هەردوو ئەشکەوتی (قزقاپان) و (کوڕ و کچ) لە بناری چیای (کونەکۆتر) هەڵکەوتووە.

بەشی پێشەوەی ئەشکەوتەکە بە شێوازی نیو بازنەییە و کۆتاییەکەیشی کە دەکاتە ژوورەوەی، شێوە چوارگۆشەییە، بە قووڵایی هەشت مەتر.

زەرزی، ئەشکەوتێکە بە مێژوویەکی ١٢ هەزارساڵیی، یەکەم جار لە ساڵی ١٩٢٧ لەلایەن پسپۆڕێکی ئەمەریکایی بە ناوی گاروود کنە و پشکنینی سەرەتایی بۆ کراوە و بەپێی ئەم هەڵکۆڵینە چەندان کەلوپەلی بەردینی تێدا دۆزراوەتەوە.

لە ئەنجامی کاری هەڵکۆڵینی گاروود و تیمەکەی، بەهەمان شێوەی ئەشکەوتەکانی تر، سێ چینی نیشتەجێبوون لەم ئەشکەوتەیش دۆزراونەتەوە کە دابەش دەبن بەسەر:

چینی A: کە بەهۆی دۆزینەوەی کۆمەڵێ پارچەی

گڵینە و بەرد، مێژووەکەی بۆ سەردەمی پاش زایین، واتا بۆ چاخە مێژووییەکان دەگەڕێتەوە.

چینی B: ئەم چینە بە هۆی دۆزینەوەی پارچە شوێنەواری دروستکراو لە بەرد و ئێسکی ئەو ئاژەڵانەی ڕاویان کردوون، تایبەتمەندییەکی گرنگی هەیە، مێژووی ئەم چینە بۆ چاخی بەردینی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە.

چینی C: چینی کۆتایی هەڵکۆڵینەکەیە و دەکەوێتە بەشی خوارەوەی ئەشکەوتەکە، سەبارەت بە دۆزینەوەی کەلوپەلی شوێنەواری، شتی گرنگ و جیاواز لەم چینەدا نەدۆزراوەتەوە.





ئەشکەوتی زەرزی

## هاتنەوە خوارەوە لە ئەشکەوتەکان
## بە شێوازێکی کاتی

قۆناغێکی تر کە هاوکات لەگەڵ نیشتەجێبوون لە ئەشکەوت دەستی پێ کردووە، کۆچی هاوینەی ئەشکەوتنشینەکان بووە لەناو ئەشکەوتەوە بۆ قەراخی ڕووبار و چەمەکان، هەر ئەمیش هۆکار و دەستپێکێک بووە بۆ هاتنە خوارەوەی یەکجاری مرۆڤ لە ئەشکەوت.

بەپێی لێکۆڵینەوە مێژوویییەکان، نیشتەجێبوونی مرۆڤ لە ئەشکەوتەوە بەرەو قەراخ ڕووبار و چەم، بۆ یەکەمجار لەلایەن مرۆڤە نیشتەجێبووەکانی ناو ئەشکەوتی شانەدەر ئەنجام دراوە.

## بەشی دووەم
## ژیان لە گوند و گوندی کشتوکاڵی

لە پاش تێپەڕاندنی قۆناغی ئەشکەوتنشینی و دواتر کۆچکردنی هاوینەی ئەشکەوتنشینان، مرۆڤ ڕووی لە نیشتەجێبوونی یەکجارەکی کرد، واتا لە ئەشکەوتەوە بەرەو پێدەشتەکان چووە.

دوای دۆزینەوەی ئاگر و هەوڵدان بۆماڵیکردنی ئاژەڵ، مرۆڤ بیری لەوە کردەوە بە چاندنی دانەوێڵە و ڕاگرتنی ئاژەڵ بتوانێت لە شوێنێک نیشتەجێ ببێت و ژیانێکی جێگیری هەبێت، بۆیە بەرە بەرە دەستیکرد بە گواستنەوەی ژیان لە ئەشکەوتەوە بەرەو دەشتەکان.

تا چەند ساڵێک لەمەوبەر، کۆنترین گوندی شوێنەواری کە ژیانی نیشتەجێبوون لەوێوە دەستی پێ کردبێت، گوندی (چەرمۆ)ی نزیک کەرکووک بوو، بەڵام بە گوێرەی نوێترین کاری هەڵکۆڵین و کنە و پشکنینی شوێنەوارییی کە لە کوردستان کراون، واتا بەپێی بەڵگە مێژوویی و شوێنەوارییەکان، یەکەم و کۆنترین شوێنی نیشتەجێبوون کە شوێنەواری ژیانی سەرەتایی تێدا دۆزرابێتەوە، گوندی (بێستانسوور)ی دەشتی شارەزوورە لە پارێزگای سلێمانی.

## گوندی شوێنەواری بێستانسوور، کۆنترین شوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤ لە کوردستان

کوردستان بە یەکێک لە کۆنترین لانکەکانی مرۆڤایەتی دادەنرێ و ناوچە شوێنەوارییەکان بە تەواوی ئەوەیان سەلماندووە، بەگوێرەی لێکۆڵینەوە لەسەر پارچە شوێنەوارییەکانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، مێژووی هاتنە خوارەوەی مرۆڤ لە ئەشکەوتەوە بۆ ناوچە دەشتاییەکانی کوردستان، بۆ ماوەی نێوان حەوت هەزار و دووسەد تا هەشت هەزار ساڵی پێش زایین دەگەڕێتەوە، گوندی بێستانسووریش بە کۆنترین گوند و شوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤ دادەنرێ لە کوردستان.

گوندی بێستانسوور ٢٤ کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی شارەدێی عەربەت و ٢٧ کیلۆمەتر لە سلێمانی دوورە، بەڵگەنامە شوێنەوارییەکان و کنە و پشکنینی کەلوپەلە شوێنەوارییەکانی ئەو گوندە دێرینەی کوردستان دووپاتی دەکەنەوە کە یەکێکە لە سەرەتاییترین گوند لە مێژووی مرۆڤایەتی و کوردستان، هەڵبەت دوای ئەوەی مرۆڤ ئەشکەوتەکانی جێهێشتووە و گوندیان درووستکردووە و دەستیان بە کاری کشتوکاڵی کردووە.

ئەو گوندە شوێنەوارییە لە ساڵی ١٩٤٧ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری عێراق وەک گردێکی

شوێنەواری ناوی خرایە تۆماری ناوچە شوێنەوارییەکان، لە ساڵی ٢٠١٢ خێزانێکی شوێنەوارناس بە ناوی (ڕۆجەر ماتیۆس، وێندی ماتیۆس) دەستیان بە کاری کنە و پشکنینی گردە شوێنەوارییەکەی بێستانسوور کرد.

شوێنەوارناسان لەو بڕوایەدان نیشتەجێبوونی مرۆڤ بۆ سەردەمی (هۆلۆسین) دەگەڕێتەوە، بەهۆی ئەوەی لەو سەردەمە پلەکانی گەرما بەرز بوونەتەوە و سەرچاوەی زۆری ئاو دەرکەوت کە بوونە هۆی ئەوەی مرۆڤ ڕوو لە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بکەن.

سەرچاوەی ئاو یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی درووستبوونی شارستانییەت لەم ناوچەیە، بە تایبەت ئاوی بێستانسوور تا ئێستاش سەرچاوەیەکی گرنگی ئاودێریی ناوچەکەیە، بۆیە لە کۆنەوە مرۆڤی لێ کۆبووەتەوە و سێ گردی شوێنەواریی نزیک گوندی بێستانسوور بەڵگەن لەسەر گرنگی ناوچەکە بۆ کشتوکاڵ و ئاوەدانی. بەگوێرەی پاشماوە شوێنەوارییەکان، ئەم گوندە بە یەکێک لە کۆنترین شوێنەکانی نیشتەجێبوونی مرۆڤ لە کوردستان هەژمار دەکرێ.

بێستانسوور سەرەڕای ئەوەی بە یەکەم شوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤ لە کوردستان دادەنرێ، هاوکات لە ڕووی بیناسازی و بنیاتنانەوە زۆر پێشکەوتوو بووە و هەندێ لە خانووەکانی ئەم گوندە لە چەندان ژوور و ڕاڕەو و هۆڵ پێکهاتوون، بەپێی لێکۆڵینەوە

شـوێنەوارییەکان دەرکەوتـووە هەندێک لـە ژوورەکان بـە مەبەسـتی کۆکردنـەوەی دانەوێڵـە، یـان کـۆگا و هەندێکیشـیان وەک تەنـوور، بەکارهێنـراون.
دانیشـتووانی ئـەم گونـدە بـۆ ڕێکخسـتنی زەویـی نـاو ژووری خانووەکانیـان، سـوودیان لـە ڕێکخسـتن بـە قـوڕ (سـواغدان) وەرگرتـووە، یاخـۆ بەردڕێژیـان کـردووە، بۆ سـەربانی ماڵەکانیـش لقی دار و گـەڵا و خۆڵیـان بەکارهێنـاوە.
بەپێی شـوێنەوارە دۆزراوەکان، خەڵکی بێستانسـوور هەوڵـی ماڵیکردنـی ئاژەڵـی وەک مانـگا، ئاسـک، بـزن، مـەڕ و بەرازیـان داوە و بـە چاندنـی دانەوێڵـە و نیسـک و گەنـم و جـۆوە سـەرقاڵ بـوون.
هەرچەنـدە پێشـتر گونـدی چەرمـۆی سـنووری کەرکـووک بـە مێژوویەکـی حـەوت هـەزار سـاڵە، بـە کۆنتریـن گونـدی نیشـتەجێبوونی مـرۆڤ هەژمـار دەکرا، بەڵام بـەم دواییە لێکۆڵینـەوەکان لەسـەر پارچـە شـوێنەوارییەکانی ناوچەکـە ئەوەیـان بـە تـەواوی ڕەتکـردەوە، چونکـە مێـژووی گونـدی بێستانسـوور سـەلماندی پێـش هاتنـی مـرۆڤ و دروسـتکردنی گونـدی چەرمـۆ، بێستانسـوور بوونـی هەبـووە و مرۆڤ تێیـدا خەریکـی کشـتوکاڵ و ئاژەڵـداری بـووە.
مرۆڤـی سـەرەتایی بەگوێرەی سـەرجەم لێکۆڵینەوەکان لـە ئەشـکەوتەکان ژیانیـان بەسـەر دەبـرد و بـە مرۆڤـی نامـۆ و ناشارسـتانی ناودەبـران، بـەڵام هاتنـە خوارەوەیـان لـە ئەشـکەوت و شـاخەکانەوە بـۆ ناوچـە

تەخت و دەشتاییەکان و دەستکردن بە بەخێوکردنی ئاژەڵ و داچاندنی زەوی، بە قۆناغێکی گرنگی مێژووی مرۆڤایەتیی دادەنرێ و گۆڕانێکی زۆر گرنگ و کاریگەریشە بۆ سوودوەرگرتن لە خاک و ئاژەڵ و دامەزراندنی شارستانییەت.





بێستانسوور

## بەکرئاوا پاشماوەی کۆنترین شار لە شارەزوور

بەپێی کۆتا کنە و پشکنینەکانی شوێنەواری کە تا ئێستا کراون، گردی (بەکرئاوا)ی سنووری دەشتی شارەزوور لەلایەن شوێنەوارناسانەوە بە کۆنترین شاری شوێنەواری لە مێژووی کوردستان دیاری دەکرێت.

بەگوێرەی توێژینەوەکان، ئەم شوێنەوارە پاشماوەی شاری (ئەتێلا)ی کۆنی سەردەمی ئاشوورییەکان بووە، بەهۆی گەورەیی شوێنە شوێنەوارییەکە و پاشماوە بیناسازی و ئەندازیارییەکان، بەکرئاوا بە کۆنترین شاری میزۆپۆتامیا و ناوچەکەیش دادەنرێ، بەڵام دواتر ژیانی تێدا نەماوە و بووەتە وێرانە، واتا بە کۆنترین شاری وێرانبوو دادەنرێت کە ماوەیەکی یەکجار زۆرە خەڵکی لێ نەژیابێت، نەک کۆنترین شار کە تا ئێستاش ژیان تێیدا بەردەوام بێ.

گردی بەکرئاوا، یەکێکە لە گردە شوێنەوارییەکانی دەڤەری شارەزوور کە کەوتووەتە نێوان هەڵەبجەی شەهید و شارەدێی سیروان، بە دووری چوار کیلۆمەتر لە رۆژئاوای هەڵەبجە و حەفتا کیلۆمەتر لە باشووری رۆژهەڵاتی سلێمانی هەڵکەوتووە.

مێژووی ئەم شارە بۆ پێنج هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، ٤٠ مەتر قووڵە و لەسەر ڕووبەری

٦٠٠ تا ٨٠٠ مەتر دووجایە، بۆ ئەوکات شارێکی گرنگ بووە.
بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٢٧ شوێنەوارناس (ئەفرایم سپایسەر) سەردانی ئەو گردەی کرد، چەند ڕۆژێک کنە و پشکنینی تێدا کردووە، بەڵام دواتر لە ساڵی ١٩٦٠ و ١٩٦١ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتیی شوێنەواری عێراق کنە و هەڵکۆڵین لەو ناوچەیە دەستی پێ کردووە.
جارێکی تریش لەلایەن تیمێکی زانکۆی هایدلبێرگی ئەڵمانی لە ٢٠٠٩ تا ٢٠١١ کنە و پشکنین لەو شوێنەوارە مێژووییە دەستی پێکردووەتەوە، کە پرۆفیسۆر (پیتەر میگڵس) سەرپەرشتی کنە و پشکنینی لەو شوێنە مێژووییە دەکرد.
بە گوێرەی دەرئەنجامی لێکۆڵینەوە لەسەر پارچە شوێنەوارییەکانی ئەو گردە، مێژووەکەی بۆ پێنج هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، پاشماوەی شوێنەواری سەردەمی ئیسلامیی و ئاسنی و برۆنزی لێ دۆزراوەتەوە.
لە سەردەمی ئیسلامییەکان و دواتریش عوسمانییەکان زۆرتر گرنگی پێ دراوە و پتەو و بەهێز کراوە، پاشان ساسانییەکان دەستیان بەسەر ناوچەکەدا گرتووە، گۆڕستانی سەردەمی ئاسنی لێ دۆزراوەتەوە و هەندێک لە گۆڕەکانیش بۆ سەردەمی ئەخمینییەکان دەگەڕێنەوە، باڵەخانەکانیشی بۆ سەردەمی ئاشوورییەکان، تەنانەت نەخشی شاهانەی ئاشوورییەکان لەسەر دیوارەکان کێشراون.

لـە سـەردەمی ئیمپراتۆریەتـی ئاشـووری، دەشـتی شـارەزوور نـاوی ناوچـەی (مازامـوا، زامـوا) بـووە و لـەو گـردەوە کـە ئـەوکات هاوشـێوەی شـارێک بـوو، ناوچەکـە بەڕێـوە بـراوە.

سـەرەتای کاری پشـکنین بۆ ئـەم گردە بـەو شـێوەیە دەسـت پێـدەکات کـە دەکەوێتـە پـاش سـەردانی شوێنەوارناسـە ئەڵمانییەکـە بـۆ بەکرئـاوا. دواتـر شوێنەوارناسـانی عێراقی دەسـتیان بـە هەڵکۆڵیـن لـەو ناوچەیـە کـرد، هەندێـک دەقـی میخـی دۆزرانـەوە کـە باسـی ئاییـن و گرنگـی بـۆ ئـەو سـەردەمە دەکـەن.

بەگوێـرەی ئەنجامـی هەڵکۆڵینـەکان، خانووەکانـی ئـەو شـوێنە شـوێنەوارییە بـە شـێوەیەکی زۆر پێشـکەوتوو بیناسـازییان تێدا کـراوە، خشـت و بـەرد زۆر بـە وردی و ڕێکـی بـۆ درووسـتکردنی دیـوار بەکارهێنـراون و بـە شـێوەیەکی ئەندازەیـی زۆر پتەویـش، خانـووەکان بەرزکراونەتـەوە.

دۆزینـەوەکان جیا لـەوەی لـە سـاڵی ١٩٦٠ کۆمەڵێـک تابلێتـی بزمـاری و دەیـان پارچـە شـوێنەواری تـر بـوون، براونەتـە مۆزەخانـەی بەغـدا، لـە ئەنجامـی پشـکنینەکانی سـاڵی ٢٠٠٩یـش ژمارەیـەک دەفـری فەخفـووری سـەردەمی ئـۆرک دۆزرانـەوە.

ئەفرایـم سپایسـەری شوێنەوارناسـی ئەڵمانیـی کـە لـە ١٩٢٧ سـەردانی ناوچـە شـوێنەوارییەکەی کـردووە، ناوچەکـەی بـە پاشـماوەی شـاری ئەتێـلای کـۆن ناسـاندووە.

شـارەکە شـوێنەواری جەنگیشـی بەسـەرەوە دیـارە و لـە سـاڵی ٨٨٠ی پێـش زاییـن، دوای وێرانبوونـی دووبـارە لەلایـەن (ئاشوورناسـیربالی دووەم) پاشـای ئاشـوورییەکان نۆژەن کراوەتـەوە و لـە شـوێنی نـاوی زامـوا ناوەکەیشـی بـۆ (دورئاشـوور) گۆڕیـوە.

(پیتـەر میگڵس) لـە لێکۆڵینـەوەی خۆی لەبارەی ئەو ناوچـە شـوێنەوارییە، دەڵـێ: لێکۆڵینـەوەکان بۆیـان دەرخسـتووین ئـەو ناوچەیـە لـە هـەزارەی سـێیەمی پێـش زاییـن زۆر ئـاوەدان و پێشـکەوتوو بـووە و خەڵکەکـەی زۆر دەوڵەمەندبـوون و خـۆش ژیـاون، جیـا لـەوەش شـوێنێکی تـەواو گرنـگ بـووە و بـە تـەواوی بەسـەر دەشـتی شـارەزووردا زاڵ بـووە، بۆیـە لـە هەڵمەتـی پێنجەمـی هێرشـی (ئاشـووربانیباڵ) دژ بـە پاشـا (ماناجـای ئاشـووری لـە ٦٦٠)ی پێش زاییـن، دووبـارە شـارەکە شـەڕی تێکەوتـووە و لەلایـەن ئاشـووربانیباڵەوە کۆنتـڕۆڵ کراوەتـەوە.

لـە ئەنجامی کنە و پشـکنین، دەیـان گۆزە و سـەری ڕم و چەکـی ئـەو سـەردەمە، لەگـەڵ کەلوپەلـی بیناسـازی و هەڵکەنـدن و چەقـۆ و دەفـر و کەلوپەلـی چێشـتخانە و زۆر پارچـەی تـری شـوێنەواری لـێ دۆزراونەتـەوە، زۆربەیـان لـە ئاسـن و سـیرامیک و قـوڕ درووسـت کـراون.

هەروەهـا ٦٣ تەرمـی سـەردەمە جیاجیاکانـی لـێ دۆزراونەتـەوە، تەمەنیـان بـە شـێوەیەکی گشـتیی لـە نێوان سـاڵێک تـا چـل و پێنـج سـاڵ بـووە، زۆرینەیـان

ئی سـەردەمی ئاسـنین، هـاوکات کەلوپەلـی زۆربـەی سـەردەمەکانی تێـدا دۆزراوەتـەوە، وەک سـەردەمی ئاشـووریيەکان، ئەکەدییـەکان، بابلییـەکان، ئیسـلامی و ساسـانییەکان.





بەکرئاوا

## بەشی سێیەم
## درووستبوونی یەکەم هێز و دەسەڵاتداری بە ڕەگەز کوردی، سوباری و (سوبارتو) کۆنترین ناوی خەڵک و خاکی کوردستان

(سوبارییەکان/ سوبارتو)، ناوی یەکەمین گەل و نیشتمانی سەر خاکی ئێستای کوردستانی گەورە بووە و بەگوێرەی سەرچاوە مێژووییەکان، سوبارییەکان کۆنترین دانیشتووانی کوردستانی گەورەن و لە هەزارەی سێیەمی پێش زایینەوە لە کوردستان خەریکی کشتوکاڵ بوون و شانشینی تایبەت بە خۆیان هەبووە و ناوچەکانی ئەوانیش لە جیاتی کوردستان پێی گوتراوە (سوبارتو).

لەبارەی ناوی سوبارتو بەپێی گوتەی سەرچاوەکان، سوبارتو کۆنترین ناوی کوردستانە کە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان لەخۆ دەگرێت. لە سەرچاوە ئەکەدییەکان وشەی سوبارتو بەکار هاتووە کە (تو) لە زمانی ئەکەدی بە مانای ناوچە دێت، واتا ناوچەی سوبار، هەروەک ناوەکانی (ئیلام تو - مارو- ئوراتو)، هەروەها لە زمانی سۆمەریش سوبار بە مانای باکوور دێت، واتا خەڵکی باکوور.

هەندێ سەرچاوەش دەڵێن (سوئییەکان) واتا دانیشتوانی ناوچەی (سو) کە کۆنترین دانیشتووانی کوردستانی گەورەن و لەگەڵ گوتییەکان و لولوبییەکان

و خورییەکان-دا لەسەر خاکی کوردستان ژیاون. لە داستانی (نەفرەتی ئەکەد و تۆڵەی خواوەند ئینلیل) ناوی وەک هێزێکی گرنگ هاتووە، جگە لەوە لە دەقە ئەدەبییەکەی (لاواندنەوەی شاری ئوور) ناوی سوبارییەکان لەگەڵ ئیلامییەکان هاتووە کە دەوڵەتی (ئووری)یان ڕووخاند و شاری (ئوور)یان وێران کرد.

کۆنترین سەرچاوە کە ناوی سوئییەکانی تێدا هاتووە بۆ سەردەمی بنەماڵەی سۆمەرییەکان دەگەڕێتەوە، کاتێک سۆمەرییەکان باسی کوردستانیان دەکرد، پێیان دەگوت (سوبیر) مێژووی ئەو ناولێنانە بۆ دوو هەزار و چوارسەد ساڵ پ. ز دەگەڕێتەوە. وشەی (شوبور، سوبارو)یش بەکار هاتووە، پاشان گۆڕانکاری بەسەر ئەم ناوەدا هات و لە سەردەمی ئەکەدییەکان پێیان دەگوترا سوبارتو.

بۆ یەکەم جار وشەی سوبارتو لە نووسینەکانی پاشا (ئیناتوم لە ساڵی ٢٤٧٠ - ٢٣٥٥ پ. ز). بەکار هێنراوە.

لەبارەی زمانی دانیشتووانی وڵاتی سوباری دەتوانین بڵێین زمانێکی کۆنە و هەندێ لە وشەکانی لە زمانە نەنووسراوەکانی سۆمەرییەکان و ئەکەدییەکان و خورییەکاندا ماونەتەوە و پێی دەڵێن پاشماوەی زمانی سوباری. یەکێک لەو وشانە ناوی شاری (ئەربیلیوم)ی (قەڵای هەولێر)ە کە پسپۆڕانی زمانە کۆنەکانی میزۆپۆتامیا پێیان وایە ناوێکی سوبارییە.

لەبارەی شوێنی نیشتەجێبوونی سوئییەکان، لە سەرچاوەکاندا بە دوو جۆر باس لە سوبارتو کراوە:
یەکەم، سوبارتوی مەزن، زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی گەورە بە کوردستانی ڕۆژئاوا و بەشێک لە کوردستانی باکوور تا دەریای ناوەڕاست دەگرێتەوە.
دووەمیش سوباری بنە، ناوچە شاخاوییەکانی باشووری کوردستان و بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتووەتەوە.
لە پڕۆژەی گوتنبێرگ بۆ لێکۆڵینەوە، شوێنی سوبارییەکان بە ڕۆژهەڵات و باکوور و ڕۆژئاوای ناوچەی سۆمەرییەکان ناو براوە، هاوکات بە زۆری سوبارییەکان لە شوێنی هەڵقوڵان و درێژبوونەوەی ڕووباری دیجلە ژیاون، کە دەکاتە باکووری دۆڵی ڕافیدەین، بۆیە هەموو سەرچاوەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە سوبارییەکان کۆنترین دانیشتووانی کوردستانی گەورە بوون و زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی گەورە لەژێر دەستیاندا بووە و گرنگترین شانشینی سوبارییەکان ناوی (خەمازی) بووە.
لە بەڵگە و سەرچاوە نووسراوەکانەوە هێما بۆ ئەوە کراوە کە لە شوێنێکی کوردستانی ناوەڕاست بووبێت، مێژوونووسان هێما بۆ ئەوە دەکەن شانشینی خەمازی لە سەردەمانی دواتردا لە دەوروبەری هەزارەی دووەمی پێش زایین، ناوی لەناو ناوان نەماوە و لە سەرچاوە نووسراوەکاندا باسی ناکرێت،

بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە شانشینەکە بوونی نەمابێت و خاپوور کرابێ، بەڵکو ناوێکی تری وەرگرتووە و ئیتر بە ناوە نوێیەکەوە باسی لێوە کراوە.

یەکێک لە کۆنترین سەرچاوەکان کە ناوی سوبارییەکانی لێ تۆمار کراوە، تابلۆکانی گردی (فارە)یە کە لەو تابلۆیانە باس لە ئابووریی سوئییەکان دەکات و دەڵێ: زۆربەیان پیشەگەر بوون، وەک نانەوا، کانزاساز، نووسەر و.. هتد.

بەپێی ئاماژەی سەرچاوەکان، سوبارییەکان گرنگییان بە کشتوکاڵ داوە و خەریکی داچاندنی گەنم و بەرهەمهێنانی میوەکانی هەنجیر، هەنار و قۆخ بوون و تا ئاستێک لەم بوارەدا سەرکەوتوو بوون. لە دەقە میخییەکان ئاماژە بە ناوبانگیی هەنجیری سوباری دەکرێ، هەروەها لە نووسینێک لە شاری (ئالالاخ) لە (تەل عەتشانە)ی سووریا، دەرکەوتووە ناوچەکانی سوباری هەنجیری زۆرباش و پڕ چێژی لێ بەرهەم هێنراوە.

پڕۆژەی گوتنبێرگ بە پشتبەستن بەو لێکۆڵینەوانەی ئەنجامی داون، لەسەر نامەکانی پاشا (ئیناتوم) لە لاگاش دووپات لەوە دەکاتەوە، لە سەردەمی سەرجۆنی پاشای ئاشوورییەکان و نەرامسینی نەوەی، بە هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەرمەنەکان لە هەموو لایەکەوە هێرش کراوەتە سەر سوبارییەکان و توانیویانە زۆربەی خاکەکەیان داگیر بکەن، هاوکات لە تێکستەکانی حامورابیش باس لە سەرکەوتن بەسەر سوبارییەکان کراوە.

لە سێ تەختە تێکستی بزماری سەردەمی ئەکەدییەکان کە لە میسر دۆزراونەتەوە، ئاماژە بەوە کراوە کە چەند خێزانێکی ئامورووییەکان بە سوبارییەکان فرۆشراون و لە شاری ئەرکاتاوەیش خۆراک و کەلوپەلی خواردەمەنی بۆ سوبارییەکان ڕۆیشتووە لەو کاتەی گەمارۆ دراون.




نەخشەی فەرمانڕەوایی سوبارییەکان

## لولوبییەکان کێن؟

یەکێک بوون لە کۆنترین گەلە نیشتەجێکانی کوردستانی ناوەند، نزیکەی سێ هەزار ساڵ پێش زایین فەرمانڕەواییان کردووە، ئەوان بە یەکێک لە باپیرەکانی کورد دادەنرێن کە لە ناوچەکانی کوردستانی باشوور و کوردستانی ڕۆژهەڵات، ژیاون.

شوێنی نیشتەجێبوونی لولوبییەکان دەشتی شارەزوور و دەوروبەری بووە، بەپێی ئەو دەقانەی لە سەردەمی (ئەراپخا)وە نووسراون، ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە نزیکترین دراوسێی ئەراپخا، لولوبییەکان بوون و کەوتبوونە ڕۆژهەڵاتی ئەراپخا.

سەرچاوەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە سنووری شانشین، یان میرنشینی یەکگرتووی هێزەکان لەژێر ناوی لولوبییەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە دەگەیشتە دەوروپشتی شاری مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەو میرنشینە، یان یەکێتییەی هۆزە کوردییەکان، بە درێژایی سێ هەزار ساڵ وەک دەسەڵاتێکی بەهێز لە ناوچەکانی (کۆیە، تەقتەق، ڕانیە، قەڵادزێ، دەریاچەی ورمێ، دەریاچەی زرێبار، ناوچەکانی پیرەمەگروون، سلێمانی، دەشتی شارەزوور، قەرەداخ، ناوچەکانی دەربەندیخان و سەرپێلی زەهاو)، بڵاوبوونەتەوە، فەرمانڕەوایەتییان کردووە و گرنگترین و بەهێزترین

پاشـاکانی لولوبیـی پاشا ئانوبانینـی ٢٢٠٠ - ٢٢٣٨ پ. ز، پاشـا تاردونـی ١٩٠٠ - ١٨٠٠ پ. ز، پاشـا ئامێخـا ٨٨١ پێش زاییـن، بـوون.

## ناوی لولوبییەکان

ناوی ئـەو شانشـینە لـە نـاوی وڵات، یـان ئـەو ناوچەیـەی تێیدا نیشـتەجێبوون، هاتـووە، لـە سـەرچاوە مێخییەکانـدا بـە چەنـدان شـێوەی جیـاواز ناویـان هاتـووە، وەک لوللومـی Lullume و لولوبونـا Lulubuna، جیا لـەوەش لە شـوێنەواری شمشـارە/ نزیک دەربەندی ڕانیـە/ نـاوی ئـەم گەلـە بـە لولـووم lullum هاتـووە و لـە شـوێنەواری نوزیـی بـە شـێوازی نولـوو Nullu ناویـان ئامـاژەی بـۆ کـراوە.

## ناکۆکی لەسەر شوێنی ئاوی زاموا

لـە نووسـینێکی (شەلمانسـەر)ی سـێیەم پاشـای ئاشـوورییەکان، باس لـە لەشکرکێشـی ئاشـوورییەکان بۆ سـەر لولوبییـەکان دەکات، لەوێدا باسـی دەریایـەک بەنـاوی دەریـای (زامـوای نـاوەوە) دەکات، هەندێک لـە شـارەزایانی مێـژوو و لێکۆڵـەران لـەو بڕوایـەدان ئـەم دەریایـە بریتـی بـووە لـە دەریاچـەی ورمـێ، هەندێکی تریـش بـە دەریاچـەی زرێبـار نزیـک شـاری مەریـوان، دەیخەملێنـن.
سـەرەڕای ئەمانـە، لـە تێکسـتێکی مێژوویـی کـە لـە شـوێنەواری بۆغازکۆی دۆزراوەتـەوە، تێیدا بـاس لـە شـوێنێک بەنـاوی شـودول – Shudul دەکات کـە لـە وڵاتـی لولوبییـەکان بـووە و کەوتووەتـە ڕۆخـی دەریـا، ئەمـەش بەڵگەیەکـی تـرە بـۆ ئـەوەی بیسـەلمێنین کـە وڵاتـی لولوبیـی لـە لایەکییـەوە گەیشـتووەتە سـەر دەریـا، یـان دەریاچەیـەک.

### پێکهاتەی کۆمەڵایەتی

کۆمەڵگـەی لولوبییـەکان کۆمەڵگـەی هـۆز بـووە و لـە چەنـدان شانشـین و میرنشـین پێکهاتبـوو، پێدەچـێ پاشـاکان، یـان میرەکانـی لولوبـی، لـە کاتـی تەنگانـە و شـەڕ و مەترسـی دەرەکـی یەکیـان گرتبێـت و لـە کاتـی ئاسـایی هـەر میرێـک دەسـەڵاتداریی ناوچـەی

ژێر دەسەڵاتی خۆی کردووە، ئەمەش لە دەقی نامە دۆزراوەکانی شمشارە و ساڵنامەی ئاشوورناسیرپاڵ دۆزراوەتەوە و ناوی چەندان پاشا، یان میری لولوبییەکان هێنراوە.

یەکێک لە بەناوبانگترین پاشاکانی لولوبییەکان پاشا (ئانوبانینی)یە کە لە ساڵی ٢٢٠٠ - ٢٢٣٨ی پێش زایین پاشای لولوبییەکان بووە، یەکێک لە بەهێزترین پاشاکان بووە، توانیویەتی دەسەڵاتی خۆی فراوان بکات و بگاتە ناوچەی زەهاو، هەر بەم بۆنەیەوە نەخشی سەرکەوتنی خۆی لەگەڵ خواوەندی عەشتار لە یەکێک لە چیاکانی سەرپێلی زەهاو لە بەرزی ٣٥م هەڵکۆڵیوە.

لەم نەخشەیە پاشا ئانوبانینی بە کەلوپەلی سەربازییەوە کە وەک دەردەکەوێت تەنوورەیەکی کورتی لەبەرە و کڵاوێکی لەسەرە و ڕیشێکی درێژ و چوارگۆشەی هەیە، لە بەرانبەریدا خواوەندی عەشتار دەبینرێت کە دوو دیلی بە دەستەوەیە، لەژێر قاچی پاشاش حەوت دیلی تر بە ڕووتی دەبینرێن.

ئەم نەخشە بە ٧٥ دێڕی خەتی مێخی ڕازاوەتەوە و تێیدا باسی سەرکەوتنەکەی پاشا ئانوبانینی دەکات و نووسراوە، ئانوبانینی پاشای بە توانا، پاشای شاری لوللوبی نەخشی خۆی و نەخشی خواوەندی عەشتاری لەسەر کێوی باتیر نەخشاندووە، ئەو کەسەی ئەم نەخش و داتاشراوە لە ناو ببات، بەر نەفرەتی خواوەند

ئانو، ئانوتروم، بل بلیت، ڕامان، عەشتار، سین، شمش، دەکەوێت و دوو پشتی ئەو بە با دەڕوات.

لولوبییەکان خەڵکێکی جەنگاوەر بوون، بەتایبەت لە سەردەمی پاشا (نەرامسینی ئەکەدی) کە هێرشی کردووەتە سەر لولوبییەکان و لەسەر بەردێک سەرکەوتنەکەی تۆمار کردووە، ئەم بەردە تا ئێستا لە مۆزەخانەی لۆڤەر لە پاریس پارێزراوە، ئەم بەردە کە بە میلی سەرکەوتنی پاشا نەرامسینی ئەکەدی ناسراوە، لە ناوچەی شوش دۆزراوەتەوە و وێنەی چەند کەسێکی لولوبیش دەبینرێ کە پۆشاک و جلوبەرگیان لە پێستی ئاژەڵ و بە تایبەتی لە پێستی مەڕ درووستکراوە، قژیان درێژە و ڕم و تیروکەوانیان بەدەستەوەیە.

لە ڕووی ئابوورییەوە لولوبییەکان بە گشتی کاری کشتوکاڵیان دەکرد، ئەم بابەتە لە تابلێتێکی دۆزراوە لە شوێنەواری شمشارە (SH812) دەردەکەوێت، کە لولوبییەکان دانەوێڵەیان دەچاند و دوای دروێنەکردنیش دەیانفرۆشتەوە، سەربارى ئەوەش وڵاتی لولو سەرچاوەیەکی گرنگی کۆیلەبوون و کۆیلەکانی لە ئەڕاپخا بەهایەکی بەرزیان هەبووە و پێیان گوتراوە کۆیلەی نوللو/ لوللو.

## ئایین لای لولوبییەکان

کۆمەڵگەی لولوبی بڕوایان بە فرە خواوەندی بووە، ئەویش لە چەندان سەرچاوەی گرنگ هاتووە وەک ساڵنامەکانی پاشایەتی ئاشوور (تیگلات پیلێسەری یەکەم) ١١١٥- ١٠٧٧٩ پێش زایین، کە دەڵێ: بتی ٢٥ خواوەندی لولوبییەکانم بە تاڵان بردووە، هەروەها ئاشوورناسیرپال باسی بە تاڵانبردنی گایەکی کێویی مس دەکات.

لە نووسینە شاهانەکەی پاشای لوللو ئانوبانینی لە سەرپێلی زەهاو ناوی کۆمەڵێک لە خواوەندەکانی هاتووە، ئەمانە دەرخەری ئەوەن کە لولوبییەکان باوەڕیان بە چەندان خواوەندی جیا جیا هەبووە.

## زمانی لولوبییەکان

شارەزایان و لێکۆڵەرانی مێژوو و شوێنەوارناسی لەسەر زمانی لولوبی زانیاری زۆر و وردیان تا ئێستا دەست نەکەوتووە، بەڵکو تەنیا چەند وشەیەکی زمانی لولوبییان زانیوە و سەرجەم سەرچاوەکان هێما بۆ ئەوە دەکەن، لولوبییەکان زیاتر لە دیالێکتێک و زاراوەیەکیان هەبووە و ئاخاوتنیان پێ کردووە.

## هەڵە مێژووییەکان

هەرچەند بەشێوە ڕاستەقینەکەی لولوبییەکان باپیرانی ڕاستەقینەی گەلی کوردن و بە هیچ شێوەیەک ئێرانیی

لە شارەزوور و ئەو ناوچانەی مەڵبەندی میرنشینەکەدا نەبوون کە لەژێر حوکمی لولوبییەکاندا بووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی گەلی کورد بەردەوام خەریکی ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن و ئەو ستەم و زوڵمە بووە کە لەلایەن گەلانی داگیرکەری ناوچەکەوە بەسەریدا سەپێنراوە، بۆیە گەلانی داگیرکەر بە تەواوی مێژووی ئەو خەڵکە و میرنشینەکەیان خستووەتە سەر ناوی ئێران و بە هیچ شێوەیەک باس لە کوردبوونیان ناکرێ.

ئینسایکلۆپیدیای بەریتانیکان، لە بارەی لولوبییەکان نووسیویەتی: کۆمەڵێک هۆزن لە دەشتی شارەزوور و زنجیرە چیای زاگرۆس لە ڕۆژئاوای ئێران نیشتەجێبوون و خەڵکێکی شەڕکەر بوون، گرفتی زۆریان بۆ ئیمپراتۆریەتی ئەکەدی درووست دەکرد، بەتایبەت لە سەردەمی پاشا نەرامسین دا.

هاوکات پێگەی (ئێرانۆلۆجی) بە تەواوی لولوبییەکان و ئیلامی و گوتی و مانییەکان وەک بەشێک لە ئێران و مێژووی دێرینی ئەوان تۆمار کردووە و بەهیچ شێوەیەک ناوی کورد ناهێنێت.

توێژەر جۆرج جی کامیرۆن لە کتێبەکەی بەناوی (مێژووی سەرەتای ئێران) گەلی لولووبی و ماد و تەواوی شانشین و فەرمانڕەواکانی تری پێش زایینی بە جۆرێک لە جۆرەکان بە ئێرانی کۆن هەژمار کردوون و کتێبەکەشی بە فەرمی لەلایەن زانکۆی شیکاگۆی ئەمەریکا پەسەند کراوە و وەک سەرچاوەیەکی گرنگ زانکۆکە سوودی لێ وەردەگرێت.

زۆر لـە ئینسـایكلۆپیدیا و فەرهەنگـە مێژوویـی و توێـژەر و لێكۆڵەرانـی دنیـا بـە زمانـی بیانـی، ئـەو زوڵمـە گەورەیـان لـە كورد كردووە كە فەرمانڕەوایی لولوبییەكانیـان لـە بەرەبەیانـی مێـژووەوە بـۆ ئێـران هەژمـار كـردووە. ڕاسـتە ئێرانییـەكان و كـورد لـە ڕیشـەی ئاری و لە ڕەگەزی هیندوئەورووپین، بەڵام دوو گەلی لە یەكتر جیاوازن و مێژوو و كولتوور و شارسـتانیەتیان بـە تـەواوی جیـاوازە.

## شوێنەوارێكی گرنگی لولوبییەكان

یەكێـك لـە شـوێنەوارە هـەرە گرنگەكانـی سـەردەمی لولوبـی، شـوێنەواری گـردی (كوناره)یـە لـە نزیـك بەكرەجۆی شاری سلێمانی، ئەم شـوێنەوارە مێژووەكەی بۆ نزیكەی ٢٢٠٠ سـاڵ پێش زایین دەگەڕێتـەوە، تایبەتـە بە سـەردەمی دەسـەڵاتداری لولوبییەكان كە هاوسـەردەمی ئەكەدییـەكان و سـۆمەرییەكان بـوون.
لـە سـاڵی ٢٠١٤ـەوە كنـە و پشـكنین بـۆ ئـەم گـردە دەكرێـت، بـەڵام بەپێـی كۆتـا هەڵكۆڵیـن كـە لەلایـەن تیمێكـی شوێنەوارناسـی زانكـۆی سـۆربۆنی فڕەنسـا بـۆی كراوە، نزیكـەی ١١٦ دەقی میخـی كـە تایبەتن بە بـواری سیاسـی و ئابـووری و تەلارسـازی و ژیانـی ئاسـایی ڕۆژانـە و كۆمەڵێ پارچـەی شـوێنەواری وەك مـۆر و ئامێـری كانزایـی و ئێسكوپرووسـكی ئاژەڵـی درنـدەی وەك شـێر لـەوێ دۆزراونەتـەوە.

لە ژمارەیەک لەو دەقە میخییانە کە تایبەتن بە ئابووری، باس لە کڕین و فرۆشتنی ئارد دەکات، ئەمە نیشانەی ئەوەیە گردی کونارە لە ڕووی ئابوورییەوە زۆر بەهێز بووە و وەک ناوەندێکی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بووە، هەروەها دۆزینەوەی پاشماوەی تەلارسازی و شوێنێک بۆ کۆکردنەوەی دانەوێڵە، سەلمێنەری دەستڕەنگینی لە ڕووی هونەریی و ئاستی باڵای تەلارسازییە لەو شوێنەوارەدا.

لەبارەی پاشماوەی تەلارسازی لەم شوێنەوارە، شوێنەوارناسان باس لە دۆزینەوەی پاشماوەی دوو خانوو دەکەن کە یەکێکیان بەرزیی دیوارەکانی دەگاتە دوو مەتر و شەست سانتیمەتر، هەروەها خانوویەکی تر ڕووبەرەکەی دەگاتە بیست مەتر پانی کە پێدەچێت ئەمە خانووی فەرمانڕەوا، یان دەسەڵاتداری ئەو ناوچەیە بووبێت.

بە گوتەی شوێنەوارناسان پێدەچێ هۆکاری ڕووخان و نەمانی ئەم شارە، کەوتنەوەی ئاگرێکی گەورە بووبێت.




نەخشەی فەرمانڕەوایی لولوبییەکان

## گوتییەکان، یەکەم گەلن پاشاکانیان بە هەڵبژاردن دیاری کردووە

گوتییەکان باپیرە گەورەی نەتەوەی کوردن و سێ هەزار ساڵ پێش زایین لە ناوچەکانی شارەزوور ئیمپراتۆریەتی خۆیان ڕاگەیاندووە، بەر لە ڕۆمانی و یۆنانییەکان بۆ یەکەمجار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەم گەلە پاشاکانیان بە هەڵبژاردن و دەنگدان دیاری کردووە و ژن هەموو مافێکی هەبووە و وەک سەرکردەی سەربازی و سیاسی دەرکەوتوون.

## ڕەچەڵەکی گوتییەکان

گوتییەکان یەکێک بوون لە گەلە کۆنەکانی کوردستان کە بە باپیرە گەورەی کورد دادەنرێن، ئەوان لە نەتەوە دێرینەکانی زاگرۆسن کە سێ هەزار ساڵ پێش زایین فەرمانڕەوایی بەشێک لە خاکی کوردستانیان کردووە و بەردەوام لە هەوڵی زیادکردنەوەی قەڵەمڕەوییەکەیاندا بوون.
لە هەندێ سەرچاوە وشەی گەلی قەوقازی بۆ گەلانی زاگرۆس بەکارهاتووە، مەبەست لە ناوچەی قەوقاز شوێنێکە لەلای زەنجیرە چیای زاگرۆس کە شوێنی سەرەتایی نیشتەجێبوونی گەلی ئاریایی بووە.

## ناوی گوتییەکان لە سەرچاوە مێژووییەکان و شوێنی نیشتەجێبوونیان

ناوی گوتی، بە زۆر شێوازی جیاواز لە سەرچاوە کۆنەکاندا نووسراوە، بە تایبەت بەشی یەکەمی ناوەکە بە شێوەی جیاوازی _ qu_ku_gu _ هاتووە و لە هەندێ نووسراودا دەنگێکی b خراوەتەوە ناوەکە و کردوویەتی بە (گوتیبۆم).

کۆنترین سەرچاوە کە ناوی گوتییەکان تێیدا هاتبێ، نووسینێکی (لوگالانێموندو)ی پاشای (ئاداب)ی سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکانە کە بە ڕێنووسێکی سەردەمی بابلی کۆن، دۆزراوەتەوە.

لەبارەی شوێنی نیشتەجێبوونی گوتییەکان، بە گشتی سەرچاوەکان شوێنی ئەم گەلە بۆ باشووری دەشتی شارەزوور دەگێڕنەوە، واتە ناوچەی نێوان زێی بچووک و ڕووباری سیروان کە لە ساڵی ٣١٤٦ پ. ز، بە سەرکردایەتیی پاشا (ئەنناتووم) ئیمپراتورییەتێکیان لەسەر خاکی کوردستان دامەزراندووە و شاری ئەڕاپخایان کردووەتە پایتەختی خۆیان.

### شێوازی دەسەڵاتداری گوتییەکان

گوتییەکان نەتەوەیەکی ژیر و زیرەک بوون، بۆ یەکەم جار لە مێژوو توانیان پاشاکانیان بە هەڵبژاردن دەستنیشان بکەن. بەپێی گوتەی سەرچاوەکان،

پاشاكانی گوتی بە سیستمی هەڵبژاردن دەسەڵاتیان وەرگرتووە، نەک سیستمی پشتاوپشت و بۆماوەیی، بەڵكو هەڵبژاردنەكە بە كۆبوونەوەی سەركردە سەربازییەكان و سەرۆک عەشیرەتەكان بووە، لە چوارچێوەی ئەنجوومەنی پیران كە یەكێكیان وەک پاشا دیاری دەكرد و دەبوا لە ڕووی سەربازییەوە زیرەک بێ، بۆ ئەوەی بتوانێت ڕووبەڕووی مەترسیی دەرەكی ببێتەوە.

دیاكۆنۆف، پێی وایە كە ماوەی فەرمانڕەوایی پاشاكانی گوتی كەم و كورت بووە، هەروەها هەڵبژاردنەوەیان زیاتر لە جارێک شیاو بووە، ئەم بابەتە لە دێڕی سەرەتای لیستی ناوی پاشایانی گوتی كە لە لیستەكەی پاشایانی سومەریدایە، هاتووە و دەڵێ: هۆزی گوتی پاشای نەبوو.

لە لای زۆر نەتەوەی ئەو سەردەمە و سەردەمەكانی دواتریش، گوتییەكان بە كەسانێكی شەڕكەر و ئازا و چاونەترس دانراون، لە نووسینەكانی ئاشوورناسیرپالی دووەم، ئەسەرحەدوون، سارگۆنی دووەم و ئاشوورناسیرپالی ئاشووری، ئابونائیدی بابلی، ناوی گوتییەكان وەک دوژمن و ڕكابەری ئەوان هاتووە.

## كۆمەڵگای گوتی و پێكهاتەكانی

بە شێوازێكی گشتی پێكهاتەی كومەڵایەتی لە كۆمەڵگە كۆنەكاندا لە سێ چین پێكهاتووە:

**یەکەم:** دەسەڵاتدار و پیاوە ئایینییەکان.
**دووەم:** سەرباز و خێزانەکانیان.
**سێیەم:** کۆیلەکان، کە کۆمەڵگەی گوتی بەپێی ئەم یاسایە داڕێژرابوو، تەنانەت ئەوان یەکەم کەس بوون کۆیلەی جەنگیان وەک کرێکار لە کێڵگە و ماڵدا خستووەتە کار.
لە کۆمەڵگەی گوتی ژمارەی خواوەندەکان زۆر بوون، بەڵام پیرۆزترین خواوەندیان ئاڕاپخا و ئەبووبلاب بوون.
گوتییەکان زۆرتر خەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بوون و بەرهەمەکانیان وەک هەنجیر و خوری و عەرەبانە، زۆر بەناوبانگ بووە.
لە کۆمەڵگەی سەردەمی گوتی، ڕێزێکی تایبەت لە ژن گیراوە و تەنانەت چەندان ژنیان گەیشتوونەتە پلەی فەرماندەیی سوپا و ژنێکی گوتییەکان بە ناوی شاژن (کوبابە) بۆ یەکەمجار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا فەرمانڕەوایی کردووە،
ئەم شاژنە یەکەمین کەسی بنەماڵەی کیشی سێیەمە کە لە دەوڵەتەشاری کیشی سۆمەریی دەسەڵات بگرێتە دەست و ماوەیەکی زۆر فەرمانڕەوایی کردووە.

## زمانی گوتی

لە ڕووی زمانەوانییەوە تا ئێستا هیچ دەقێک نەدۆزراوەتەوە بە زمانی گوتی نووسرابێت، تەنیا هەندێ زانیاری لە لیستی پاشایەتی سۆمەریدا

هاتووه کە ناوی هەندێ کەسی گوتی تێدایە. ئەم ناوانە ئەوە پێشان دەدەن کە زمانی گوتی سەر بە گرووپی گەورەی زمانەکانی زاگرۆس بووە. لە هەندێ سەرچاوەش وا هاتووە کە گوتییەکان، جگە لە زمانی خۆیان، زمانی ئەکەدیشیان بەکار هێناوە، ئەم زانیارییە لە بەردەنووسێکی سەردەمی سارگۆنی ئەکەدی ٢٣٣٤ - ٢٢٧٩ دووپات کراوەتەوە.

بە گوێرەی ئەوەی شوێنەوار زانستێکە نەک سالآنە، بەڵکو رۆژانە بەپێی کۆتا دۆزینەوە و هەڵکۆڵین لەبارەیەوە زانیارییەکانی نوێ دەکرێتەوە، دەکرێ لە داهاتوودا زانیاری زیاترمان دەست بکەوێت لەبارەی زمانی گوتی.

**ڕای (دیاکۆنۆف) لەسەر شوێنەوارە بەجێماوەکانی گوتی:**

پەیکەری کەللەسەرێک بە ڕێکەوت لە نزیکی هەمەدان لە سەرزەوینی ماد دۆزراوەتەوە و دواجار براوەتە مۆزەخانەی (برمر گەلەری)ی ئەمەریکا لە نیویۆرک، بە ڕای زۆرینەی پسپۆڕان، پەیکەرەکە کەلەسەری یەکێکە لە پاشاکانی (گوتی) کە یەکێک لە مامۆستایانی (ئەکەدی) یان ئیلامی دروستی کردووە یان دەستکردی وەستایەکە کە زۆر ئاشنای هونەری (ئەکەدی)ییەکان بووە، چونکە زۆر شارەزایانە کاری تێدا کردووە.

هەروەها دۆزینەوەی پەیکەری پیاوێکی بەردین کە پێشانی دەدات ئەو پەیکەرە لە ڕووی نەژادەوە لە

مرۆڤێک دەچێت کە ئێستەیش لە کێوەکانی زاگرۆس دەژین، لەو پەیکەرەدا پیاوەکە مێزەرێکی گەورەی لەسەر ناوە کە تا ئاستێک لە مێزەری سەری ئیلامییەکان دەچێت و لە ژێریدا چەپکێک موو دیارە، چاوەکانیشی بادەمیین و ڕووی گردەڵەیە.

**گرنگترین ڕووداوە سیاسییەکانی سەردەمی گوتی**

لە گرنگترین ڕووداوەکانی سەردەمی دەسەڵاتداریی گوتییەکان، دەتوانین ئاماژە بە کۆتاییهێنان بە دەوڵەتی ئەکەدی بکەین لەلایەن گوتییەکانەوە کە لە ساڵی ٢١٥٤ پ. ز. پاشا (ئەمبیا)ی پاشای گوتییەکان سەرکردایەتیی سوپای کردووە و هێرشی بردووەتە سەر شاری ئەکەد پایتەختی دەوڵەتی ئەکەدییەکان و کۆتایی پێ هێناون، پاشا (شوتورول)ی ئەکەدیشی بە دیل گرتووە و دواتر کوشتوویەتی، هاوکات زۆربەی پەرستگا و خواوەند و گەنجینەکانیان بە تالان برد.

هەروەها لە سەردەمی پوزودرسویین ٢٠٧٤ – ٢٠٤٩ پ. ز کە حەڤدەیەمین پاشای گوتی بووە، توانی بنەماڵەی چوارەمی دەوڵەتەشاری کیشی سۆمەری دابمەزرێنێت و عێراقی ئێستا بە تەواوی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و دەسەڵاتداریەتی هەموو عێراق بکات.

ئیمپراتۆریای گوتییەکان تا ساڵی ٨٤٣ پ. ز. فەرمانڕەوایی کردووە و لەو ساڵەدا لەلایەن ئاشوورییەکانەوە کۆتایی بە دەسەڵاتیان هێنراوە.

گوتییـەکان تـا سـاڵی ٥٣٩ پ. ز. ناویـان هەبـوو لـە مێژووی کوردسـتاندا، بـەڵام دواتـر بەشـێکی زۆریـان بـەرەو ئەورووپا ڕۆیشـتن، تا ئێسـتاش نازانرێت لـە چ سـەدەیەکدا بۆ ئەورووپا ڕۆیشـتوون، واتا گوتییـەکان بـوون بـە دوو بـەش:

**یەکەم: گوتییە ڕۆژهەڵاتییەکان (٤٤٧ – ٥٥٣ زایینی)**

گوتییە ڕۆژهەڵاتییەکان، لە دوای ئەوەی شا (بالمەبەر/ بالامبـەر ٣٧٥ – ٣٧٨ زایینـی) بـووە فەرمانـڕەوای ئیمپراتۆریـای هۆنـەکان، لـە سـاڵی ٣٧٥ زایینی هێرشـی کردە سـەر هێزەکانی گوتی (گوتییە ڕۆژهەڵاتییـەکان و ڕۆژئاواییـەکان)، لـە ئەنجامـدا توانـی بـە گشـتی سـوپای گوتـی و بەتایبەتـی هێزەکانـی گوتییـە ڕۆژهەڵاتییـەکان تێکبشـکێنێت، ئیتـر گوتییـە ڕۆژهەڵاتییـەکان بـوون بـە ژێردەسـتەی ئیمپراتۆریـای هۆنـەکان.

لـە سـاڵی ٤٤٧ زایینـی بـە سـەرکردایەتی (شـاڤالامیر ٤٤٧ – ٤٦٥ زایینی) شانشینی (گوتییە ڕۆژهەڵاتییەکان) یـان دامەزرانـد و دوای ئـەوەی ئیمپراتـۆر (ئەتیـلای گـەورە ٤٤٥ – ٤٥٣ ز) فەرمانـڕەوای ئیمپراتۆریـای هۆنـەکان کۆچـی دوایی کـرد، ئەوەبوو شانشـینی گوتییە ڕۆژهەڵاتییـەکان توانیـان سـەربەخۆیی بەدەسـت بێنـن.

**دووەم: گوتییە ڕۆژئاواییەکان**

ئەمان لە دوای جیابوونەوەیان لە گوتییە ڕۆژهەڵاتییەکان بـەرەو ناوچەکانـی (ترانسـلڤانیای باڵـکان) ڕۆشـتوون،

واتــه لــه كەنــاری ڕووبــاری (دانــووب) نیشــتەجێ بــوون، لـە سـاڵی ٣٦٩ زایینـی بـە سـەرکردایەتی شـا (ڤریتیجیـرن) ٣٦٩ - ٣٨٠ زایینــی شانشــینی گوتییــه ڕۆژئاواییەکانیــان دامەزرانــد و لــە دوای ئــەوەی شــا بالمەبــەر/ بالامبــەر ٣٧٥ - ٣٧٨ زایینــی، بــوو بــە ئیمپراتــۆری هۆنــەکان، لــە ســاڵی ٣٧٥ زایینــی هێرشــی کــردە ســەر هێزەکانــی گوتــی (ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی) و بە گشتی توانی سوپاکەیان تێکبشـکێنێت، بەتایبەتـی سـوپای گوتییە ڕۆژهەڵاتییـەکان.

ئەوەبوو گوتییە ڕۆژهەڵاتییـەکان بوون بە ژێردەستەی ئیمپراتۆریــای هۆنــەکان، بــەڵام (گوتییــە ڕۆژئاواییــەکان) ژێردەسـتبوونیان ڕەت کـردەوە و داوایـان لـە ئیمپراتـۆری ڕۆمانییــەکان کــرد بواریــان پــێ بــدەن لــە ڕووبــاری (دانــووب) بپەڕنــەوە و لــە نیمچــە دوورگــەی باڵــکان نیشـتەجێ بـن، ئیمپراتـۆر داواکـەی قبـووڵ کـردن و ئیتـر گوتییــە ڕۆژئاواییــەکان لــە ڕووبارەکــە پەڕینــەوە و لــە چەنـد ناوچەیەکـی بولغاریـای ئێسـتا نیشـتەجێ بـوون.

سـەرچاوە مێژووییـەکان دەڵێـن، ئەوانـەی کـە لـە ڕووبـاری دانـووب پەڕینـەوە، ژمارەیـان زۆر بـووە.

## ناوی پاشاکانی گوتی

لیسـتی پاشـاکانی سـۆمەری کـە نـاوی ٢١ پاشـای گوتیشـی تێدایـە، واتـە لەلایـەن سـۆمەرییەوە ددان بـە دەسـەڵاتی ئـەم پاشـایانەدا نـراوە، کـە کۆمەڵێـک پاشـان بـەر لـە (تۆفانی نووح) ژیاون و دەسـەڵاتدارییان کردووە، بـەڵام بـە بەڵگـەی سـەلمێنراو یـەکلا نەکراوەتـەوە، بۆیـە

ماوەی ساڵەکانی حوکمڕانی زۆر جیاواز و گوماناوین، بەڵام ئێمە وەک خۆی لێرەدا دەیانخەینە ڕوو، کە ئەمانەن:

١- ئالولیم، ٨ ساڵ.
٢- ئولانگەر، ١٠ ساڵ.
٣- ئن مین لو ئانا، ١٢ ساڵ.
٤- ئیمین گالانا، ٨ ساڵ.
٥- دۆموسید شێپێرد، ١٠ ساڵ.
٦- سپاید زید، ٨ ساڵ.
٧- ئەن مین دور ئانا، پێنج ساڵ و نیو.
٨- ئوبارا تاتو، ٥ ساڵ.
٩- ئوشور، ١٢٠٠ ساڵ.
١٠- کوللا سینابێل، ٩٦٠ ساڵ.
١١- نانگی شلیشما، ٦٧٠ ساڵ.
١٢- ئین تاراه – ئانا، ٤٢٠ ساڵ.
١٣- بابوم، ٣٠٠ ساڵ.
١٤- پئاننوم، ٨٤٠ ساڵ.
١٥- کالیبوم، ٩٦٠ ساڵ.
١٦- کالوموم، ٨٤٠ ساڵ.
١٧- زوقاقیپ، ٩٠٠ ساڵ.
١٨- ئاتاب یا با، ٦٠٠ ساڵ.
١٩- ماشدا، ٨٤٠ ساڵ.
٢٠- ئارویوم، ٧٢٠ ساڵ.
٢١- ئیتانا، ١٥٠٠ ساڵ.
٢٢- بالیح، ٤٠٠ ساڵ.

٢٣- ئیم می نونا، ٦٦٠ ساڵ.
٢٤- مێلم کیش، ٩٠٠ ساڵ.
٢٥- بارسال نونا، ١٢٠٠ ساڵ.
٢٦- زاموگ، ١٤٠ ساڵ.
٢٧- تیزگار، ٣٠٥ ساڵ.
٢٨- للکو، ٩٠٠ ساڵ.
٢٩- ئیلتاسادوم، ١٢٠٠ ساڵ.
٣٠- ئین می باراگەس، ٩٠٠ ساڵ.
٣١- ئاغای کیش، ٦٢٥ ساڵ.
٣٢- مەش کی ئانگ گاشیر، ٣٢٤ ساڵ.
٣٣- ئینمەرکار، ٤٢٠ ساڵ.
٣٤- لوگالباندا، ١٢٠٠ ساڵ.
٣٥- دوموزید، ١٠٠ ساڵ.
٣٦- گیلگامیش، ١٢٦ ساڵ.
٣٧- ئور – نئنگال، ٣٠ ساڵ.
٣٨- ئودول کالاما، ١٥ ساڵ.
٣٩- لا باعشوم، ٩ ساڵ.
٤٠- ئین نون تاراهـ ئانا، ٨ ساڵ.
٤١- میش هی، ٣٦ ساڵ.
٤٢- مێلم ئانا، ٦ ساڵ.
٤٣- لوگال کیتون، ٣٦ ساڵ.
٤٤- مش ئانن پادا، ٨٠ ساڵ.
٤٥- مش کی ئانگ نونا، ٣٦ ساڵ.
٤٦- ئیلولو، ٢٥ ساڵ.
٤٧- بالولو، ٣٦ ساڵ.

**بەشی یەکەم:** لیستی ناو و سەردەمی پاشاکانی گوتی پێش داگیرکردنی پایتەختی دەوڵەتی ئەکەدییەکان لە باشووری عێراقی ئێستا:

١- ئەنناتووم
٢- ناوی دیار نییە
٣- لوگال زاکیس
٤- ناوی دیار نییە
٥- چەندان پاشا
٦- لاسیراب
٧- سارلیگاب
٨- ئیلۆلوومیش
٩- ئیریدو پزێر
١٠- ئیلۆلوومیش
١١- لەم سەردەمەدا شەش پاشا دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست.

**بەشی دووەم:** ناوی پاشاکانی ئیمپراتۆریای گوتی پاش داگیرکردنی پایتەختی دەوڵەتی ئەکەدییەکان لە باشووری عێراقی ئێستا:

١- ئەمبیا/ ئیمتا
٢- ئینگەشووشی یەکەم/ ئینگیشو
٣- سالارلاب/ کیکی لاب
٤- شولمەر/ یالاگاش
٥- ئیلویلویمش
٦- ئینی ماناکش/ ئیلی ماباکش

٧- ئینگەشووشی دووەم/ ئیکش هوش/ ئیگەشایوش
٨- ئیرلگێب/ یارلاگاب
٩- ئیباتە
١٠- ئیالاکا/ یارلا – ئیالانگاب
١١- کوروم
١٢- هابیلکین
١٣- لائەرابووم
١٤- ئیرانووام
١٥- هابللوم
١٦- پوزودرسویین
١٧- ئەیارلاگاندا
١٨- سی ئووم
١٩- نادیار
٢٠- تیریگان.

**بەشی سێیەم:** ناوی پاشاکانی بنەماڵەی چوارەمی شاهانەی دەوڵەتەشاری کیشی سۆمەری:

١- پوزودرسویین
٢- وور زابابا
٣- زیمودار
٤- ووسی واتار
٥- ئیشارموتی
٦- ئیشامی شاماش
٧- شوئیلیشو
٨- ننییا.




نەخشەی فەرمانڕەوایی گوتییەکان

## کاشییەکان
## دەوڵەتێکی کوردی چوار سەدە فەرمانڕەوایی میزۆپۆتامیا دەکەن

کاشییەکان یەکێکی ترن لە پێکهاتەکانی گەلی کورد کە لە سەدەی شازدەی پێش زایین حوکمی وڵاتی (نێوان دوو ڕووبار - ڕافیدەیین)یان کردووە و ئەوان بە یەکەم گەل دادەنرێن کە گرنگیی تەواویان بە ئەسپ و نەوەکانی داوە و گالیسکەیان درووست کردووە، هاوکات کچی خۆیان بە فیرعەونەکانی میسر داوە.

پاش ئەوەی گوتییەکان لە شەڕی (ئوتوحیگال) شکستیان هێنا، بەهۆی نزیکی شوێنی نیشتەجێبوونیان لە بابل و پێوەندی هەمیشەیی لەگەڵیان و دەسەڵاتی حەمورابی لە بابل، کاشییەکان گرنگیی تایبەتیان پەیدا کرد و بەهێز بوون.

کاشییەکان لە کۆمەڵێک هۆز و عەشیرەتی بچووک پێکهاتبوون کە یەکەمجار لە ڕۆژهەڵاتی زەنجیرە چیای زاگرۆس دەسەڵاتیان هەبووە، بەڵام بەهۆی سیاسەتی زیرەکانە و درووستکردنی پێوەندیی باش لەگەڵ خەڵکی ناوچەکانی ژێر دەسەڵات و ناوچەکانی دەوروبەریان، توانیان بۆ ماوەی چوار سەدە حوکمی ناوچەکانی بابل بکەن.

## کاشییەکان کێن؟

هۆزێکی کوێستاننشین بوون کە پیشەیان ئاژەڵداری و بە زمانێک قسەیان دەکرد زۆر لە زمانی ئیلامی چووە، زۆربەی سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە ناتوانین مێژوویەکی دیاریکراو بۆ نیشتەجێبوونی کاشییەکان لە زێدی ڕەسەنیان دیاری بکەین، لەبەرئەوەی ڕابوردووی ئەم تیرە زاگرۆسییە کوردە، زۆر کۆنە و تەنانەت هەندێ لە مێژوونووسان لەو بڕوایەن کاشییەکان خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو خاکەن و پێش (ئارياييەكان) لەوێ نیشتەجێ بوون.

ناکۆکی زۆر هەیە لە نێوان سەرچاوەکان کە ئایا کاشییەکان لە تیرەی هیندوئەورووپین یان نا؟ بەڵام دیاکۆنۆف لە کتێبی (میدیا)دا دەڵێ: سەردەمێک وایاندەزانی و دەیانگوت کاشییەکان هیندوئەورووپی بوون، بەڵام هەندێک سەرچاوە کە زۆرترین پێوەندییان بە بوارەکانی هیندوئەورووپی و کاشییەکانەوە هەیە، ئەوەندە سستن بە هیچ جۆرێک بەڵگەیەکی بە کەڵک لەبارەی پێوەندی کاشییەکان بە گەلانی هیندوئەورووپییەوە نادەن بە دەستەوە و بە هیچ جۆرێک باسیان لێوە ناکەن.

لەسەر شوێنی نیشتەجێبوونی کاشییەکان، زۆربەی سەرچاوەکان هاوڕان لەسەر ئەوەی زێدی سەرەکییان

ناوچەی لوڕستان بووە، بەڵام دواتر گەشەی کردووە و لە زاگرۆسی ڕۆژئاوا واتا لوڕستان تا دەریاچەی قەزوین لەخۆ دەگرێ.
شپایزەر دەڵێ: ئەگەری زۆر هەیە ناوی شار و دەریاچەی قەزوین کە لە سەرچاوەکان بە (کاسپین) هاتووە، لە ناوی کاسییەکان، یان هەمان (کاشییەکان) ـەوە هاتبێت.
کاشییەکان هۆزێک بوون گرنگییان بە ئاژەڵداری داوە و لەو سەردەمە سامانی ڕەسەنی خەڵک ئاژەڵ و ئاژەڵداری بووە، ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە لەو سەردەمەدا ژمارەی ئاژەڵە وردەکانی وەک بەراز و بزن بە تایبەتیش مەڕ، بەرە بەرە لە ئاژەڵە گەورەکان زۆرتر دەبوون و ئاژەڵداری وردە وردە لەگەڵ ژیانی خەڵکیدا دەقی دەگرت و خەڵکیش هاوینان ئاژەڵەکانیان بردووە بۆ کوێستان.
پێ دەچێت لێرەوە ژیانی کۆچەری دەستی پێکردبێت و کاشییەکان بە یەکەم گەل دادەنرێن کە نەژادی کۆنی ئەسپیان هێنایە ناوچەی دۆڵی ڕافیدەین، هەروەها چەندان یاسا و نووسین لە پاش خۆیان بەجێماوە کە باسی چۆنیەتیی پەروەردەکردنی ئەسپ دەکات.
لەلایەکی ترەوە، هەندێک لە هۆزەکان خەریکی بەرهەمهێنانی هەموو جۆرە کەرستەیەکی سەرەتایی پیشەسازی لە کانزا بوون و بەو هۆیەوە پیشەی هەمەجۆریان هەبووە و گەلێکی بەرهەمهێن بوون.

## هونەر و ئەدەب و زمانی کاشییەکان

کاشییەکان لە ڕووی هونەری کانزاکاری و بەکارهێنانی ئاسن، زیرەک بوون و توانیویانە لە بڕۆنز هەندێ شتی نوێ وەک لغاو، کورتان و زنجیری ئەسپ درووست بکەن، هەروەها کەلوپەلێکی وەک تەور و گورز لەو سەردەمە درووست دەکرا کە سەری لە شێوەی ئەسپ بوو، جگە لە پێداویستی ڕۆژانە دەستکراوە بە درووستکردنی بابەتی جوانکاری ژنان.

لە زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان سەردەمی کاشییەکان و ناوچەی لوڕستان بە سەردەمی دۆزینەوەی بڕۆنز دادەنرێت کە هەر بەو ناوەش بەناوبانگە، واتا بڕۆنزی لوڕستان.

کاشییەکان تەنانەت گرنگییان بە لایەنی هونەری و فەلسەفی داوە، هەروەها کاریان کردووە لەسەر نووسین یان وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی بۆ سەر زمانی ئەکەدی و بابلی.

لەڕووی زمانەوانییەوە، زۆربەی سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە زمانی کاشیی زمانی کۆنی قەوقاز، واتە مەڵبەندی بنەڕەتی زاگروس بووە، بەڵگەش بۆ ئەمە دۆزینەوەی فەرهەنگێکی زمانەوانییە کە یەکێک لە نووسەرەکانی بابلی بۆ زمانی کاشی و ئەکەدی نووسیویەتی، لەوێ دەردەکەوێت زمانی کاشی زمانێکی تەواو قەوقازییە.

کاشـییەکان دوو زمانیـان بـەکار هێنـاوە، یەکیان زمانی گشـتی بـووە کـە خـەڵک قسـەی پێ کردووە و ئەویتریش زمانـی خانـەدان و دەزگاکانـی دەسـەڵاتداری و پاشـاکان بـووە، کـە ڕیشـەی هیندوئەورووپـی هەبووە.

## پێکهاتەی کۆمەڵگە و بواری ئایینی

پێکهاتـەی کۆمەڵایەتـی کاشـییەکان لەسـەر بنەمـای هۆزایەتـی بـووە و بـەو هـۆز و خێڵانـە گوتـراوە (ماڵـی فـلان یـان خانـەی فـلان) و بـە ئەندامـی ئـەو ماڵانـە گوتـراوە کوڕی فلان و سیستمی خێزانیان سیستمی باوکسـالاری بـووە، هـەر خێزانێـک سـەرگەورە واتـە سـەرۆکی خێزانـی هەبـووە و ئەوانیـش پێوەسـتبوون بـە سـەرۆکی هۆزەکـەوە.

لـە سـەردەمی کاشـییەکاندا کشـتوکاڵ پێشـکەوتنی بەخۆیەوە بینی و سیستمێکی پێشکەوتووی کشتوکاڵییان دامەزراند، پاشـاکان زەوییـان بەسـەر سـەرۆک هۆزەکاندا دابـەش کردووە و هـەر ماڵێک پارچە زەوییەکی هەبووە کـە بـۆ کاری کشـتوکاڵ بـە کاری هێنـاوە، نیشـانە و سنووریان لـە نێوان زەوی تـاک و کۆمەڵەکاندا داناوە و بایەخیـان بـە جۆگەلـەی ئاودێری داوە.

لەم سـەردەمە شـێوازی بەرهەمهێنانی کشـتوکاڵ پەرەی سـەندووە و بووەتە شـێوازێکی نیمچە دەرەبەگی، ئەمەش بـووە هـۆی زۆربوونـی بەرهەمهێنـان و نیشـتەجێبوونی دانیشـتووان، لـە کۆمەڵگـەی کاشـیدا هـەروەک زۆربـەی

کۆمەڵگـە کۆنـەکان، بڕوایـان بـە فرەخواوەنـدی و بتپەرستی هەبووە و لە هەندێ لە نووسراوە کۆنەکاندا نـاوی هەنـدێ لـە خواوەندەکانـی کاشـی تۆمـار کـراون، وەک:

خواوەنـدی (کاشـو) کـە لـە زمانـی ئەکـەدی بـەم جـۆرە هاتـووە و شـێوەی خواوەندەکـەش دیـار نییـە.

خواوەنـدی (شـیمالی، یـان شـیبارو) کـە خواوەنـدی کوێسـتان بـووە.

خواوەنـدی (شـوکامون، یـان شـومو) خـوای ئاگـری ژێـرزەوی و پشـتیوانی زنجیـرەی پاشـایان.

جگـە لەمانـە، خواوەندەکانـی (ماربـە و شـیخۆ) لـە خواوەنـدە زۆر گـەورە و خوشـەویسـتەکان بـوون کـە لەگـەڵ خواوەندەکانـی (ئینلیـل و مـەردوک)ی بابـل، یەکسـان بـوون.

## پێوەندی و ڕووداوە سیاسییەکان لە سەردەمی کاشییەکان

بەهـۆی کار و کاسـبییەوە ژمـارەی کاشـییەکان لـە وڵاتـی بابـل ڕووی لـە زیادبـوون بـووە و زۆربوونـی ژمارەیـان لـەو وڵاتـە بووەتـە هـۆی زیادبوونـی کاریگەرییان لە ژیانی هاووڵاتییانی بابلدا، بە تایبەتی لـە ڕووی ئابوورییـەوە، هـاوکات کاشـییەکان چەنـدان دیاردەی شارسـتانیان هێنایە بابل وەکوو بەکارهێنانی ئەسـپ و گالیسـکە.

بەپێی سەرچاوە شوێنەوارییەکان، کاشییەکان ڕۆڵیان هەبووە لە درووستبوون، یان گۆڕینی پێوەندییە سیاسییەکان لەو سەردەمە، لەو نووسراوانەی تایبەتە بە تەل (عەرمانە) و لە میسر دۆزراونەتەوە و زۆربەی دەقی بزمارین و باس لە پێوەندی دیپلۆماسی ئەو سەردەمەی میسر لەگەڵ دنیای دەرەوە دەکەن، لە چەند تابلێتێکدا باس لە پێوەندیان لەگەڵ کاشییەکان کردووە، بەتایبەت کە ئاماژە بەوە دەکرێ کاشییەکان پێوەندی دیپلۆماسی باشیان هەبووە لەگەڵ میسرییە کۆنەکان، ئەویش لە بەخشین و ناردنی خەڵات و دیاری بۆ میسرییەکان دەردەکەوێت کە مێژوو خستوونیەتە ڕوو، هەروەها باسی شووکردنی خاتوونێکی کاشیی بە یەکێک لە فیرعەونەکانی میسر دەکەن.

سەبارەت بە چۆنیەتی دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتدا لەلایەن کاشییەکانەوە، لە سەرچاوە مێژووییەکاندا هاتووە: لە سەردەمی دوایین پاشای بنەماڵەی یەکەمی بابل کە ناوی (سەمسۆ - دیتانا ١٦٢٥ - ١٥٩٥ پ. ز) بوو، بابل کەوتە بەر پەلامارێکی لە ناکاوی (هیتییەکان) و کۆتایی بە دەسەڵاتی ئەو بنەماڵەیە هات، بەڵام بەهۆی پیلانێکەوە کە لە دژی پاشای هیتی و لە پایتەختەکەی خۆی لێی هاتە گێڕان، ناچار بەزوویی لە بابل کشایەوە و وڵاتەکەی بێ خاوەن بەجێهێشت.

کاشییەکان کە دەمێک بوو لە وڵاتی بابل و ناوچەی ناوەڕاستی فورات (ناوچەی خانا و تێرقا)

بە تاک و گرووپی گەورە دەژیان و دەستڕویشتوو بوون، توانیان بە یارمەتی هاوخوێنەکانی خۆیان لە زاگرۆس، دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرن و بنەماڵەیەکی بەهێز دابمەزرێنن کە نزیکەی چوار سەدە فەرمانرەوایی هەموو ناوەڕاست و باشووری میزۆپۆتامیایان کرد.

زۆربەی سەرچاوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە سەردەمی کاشییەکان سەردەمێکی ئارام و بێ کێشە بووە و شەڕ زۆر کەم بووە، دەکرێ هۆکارەکەشی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئەوان ڕێزیان لە ئایین و خواوەندەکانی بابلی و ئەکەدی، گرتووە.

ئەوان پاش گەڕانەوەی ئارامی و جێگیربوونی دۆخی ناوچەکە، دەستیان بە نۆژەنکردنەوە کرد و شارێکی نوێیان بە ناوی (دورکوریکالزو) بنیاتنا کە بووە پایتەختیان، ناوی ئەم شارە لە ناوی پاشای کاشی (کوریکالزۆی دووەم)ەوە هاتووە.

کاشییەکان لەم شارە کۆشک و پەرستگایان دروست کردووە و بۆ ڕووپۆشکردنی زەوی شەقامەکان خشتیان بەکار هێناوە، لە گرنگترین شوێنەکانی ئەم شارە زەقورەی (عەقرقوف)ە کە تا ئێستاش هاووڵاتییە نیشتەجێبووەکانی ئەو سنوورە پێی دەڵێن (حاڕی کوردان).

سەرەڕای ئەمانە، فەرمانڕەوایی کاشییەکان دەستی بە دروستکردنی لەشکرێکی ڕێک و تۆکمە و بەهێز کردووە، جیا لە کورد، ئەکەدی و بابلیشی تێدا

بـووە، تـا سـەدەی نۆیەمـی پێش زاییـن هـەر بەنـاوی لەشـکری کاشـییەکان نـاو بـراوە.

ولاتی میزۆپۆتامیا لە سەردەمی دەسەلاتداری کاشییەکان (کاردۆنیاش)ی پێ گوتراوە، بـە مانـای (بەندەری دۆنیاش) دێـت، (دۆنیـاش نـاوی یەکێـک لـە خواوەندەکانـی کاشـی بـووە). لەبـارەی واتـای وشـەی دۆنیـاش، دکتـۆر فەیـاز حوسـێن مامۆسـتای بەشـی شـوێنەوار لـە زانکۆی مەلەکی ئوردەن، دەڵێ: بۆچوونێک هەیـە پێی وایە وشـەی دۆنیاش، بـە مانـای هێـز بێت، چونکـە لـەو سـەردەمە پێوەندییەکـی پتـەو لـە نێوان کاشـییەکان و میسـرییەکاندا هەبووە، بۆیـە خواوەندێکیـان هەبـووە بـە نـاوی دۆنیـاش کـە خـوای هێـز و دەسـەلات بـووە.




نەخشەی فەرمانڕەوایی کاشییەکان

## خورییەکان
## فەرمانڕەوایەتییەکی کوردیی خاوەن زمان و شارستانیەتی تایبەت

(خوری، یان حوری، یاخۆ هوری) ناوی گەلێکی کۆنی ڕەسەنی کوردستان بوو کە لە چوار هەزار و پێنج سەد ساڵ لەمەوبەر ناویان لە نووسینە مێخییەکاندا هاتووە.

بەپێی گوتەی هەندێ سەرچاوە، خورییەکان لە سەرەتاوە خەڵکی ناوچەکە نەبوون، بەڵکو کۆچەر بوون و پێدەچێ شوێنی سەرەتاییان کوێستانەکانی باکوور و ناوچەکانی قەوقاز بووبێت، بەڵام دواتر لە ناوچەکانی باکووری میزۆپۆتامیا و سووریا نیشتەجێ بوون.

### لایەنی زمانەوانی و نووسین لای خورییەکان

ئەوان ڕەگەزی سامی نەبوون و زمان و نووسینی تایبەتیی خۆیان هەبووە و دەیان دەقی نووسراویان بە زمانی خۆیان لێ بەجێ ماوە، بەڵام بەهۆی کاریگەری دەوڵەتە بەهێزەکانەوە زۆرجار زمانی ئەکەدی و ئاشوورییان بەکارهێناوە.

بە پشتبەستن بەو پێوەندییە زمانەوانییەی لە نێوان خوری و ئورارتی هەبووە، پێدەچێت ڕەگوڕیشەیەکی

کۆنـی هاوبەشـیان هەبێت و لەنـاو زمانەکانـدا زمانـی (خـوری - ئورارتـی بنـه) proto Hurro-Urartian پـێ دەگوترێت.
شـارەزایانی بـواری زمانـە کۆنـەکان پێیـان وایـە ئـەم زمانـە هاوبەشـە کۆنـە لـە هـەزارەی سـێیەمی پێـش زاییـن بـە دواوە، ئیتـر بـۆ دوو لقـی جیـای (خـوری و ئورارتـی) دابـەش کرابێت.
خورییـەکان بـۆ نووسـین خەتـی بزماریـان بـەکار هێنـاوە، بـەڵام بۆ ئەوەی لەگەڵ دەنگەکانـی زمانەکەیان بگونجێت گۆڕانکارییـان بەسـەردا هێنـاوە و خەتەکەیان ئاسـانتر کردووە و نیشـانەکانیان کەمتر کردووەتـەوە.

## ئایین لای خورییەکان

خورییـەکان وەک نەتـەوە کۆنەکانـی تـری کوردسـتان، پانتیۆنیـان هەبـووە بـۆ کۆکردنـەوەی خواوەندەکانیـان، زۆرجار هەندێ خواوەندی لە نەتەوەکانی تر وەرگرتووە و خسـتوویانەتە سـەر پانتیۆنەکـەی خۆیـان.
گـەورەی هەمـوو خواوەندەکانـی خـوری خواوەنـدی (بـا و بـاران) بـووە کـە نـاوی (تێشـوب tešš up) بـوو، مەڵبەنـدی پەرسـتنی ئـەم خواوەنـدە لـە شـاری (کوممـێ Kumme) بـووە، بـەڵام دیـار نییـە دەکەوێتـە چ ناوچەیـەک.

## له خواوەندەكانی تری خورییەكان

خواوەنـدی (شاوشـكا Šauška) خواوەندێـك بـووە هاوتـای (عەشـتار)، كـە زۆر بـەرز و بەڕێـز بـووە لایـان، بـە تایبەتـی لـە ڕۆژهەڵاتـی دیجلـە و مەڵبەنـدی پەرسـتنی نەینـەوا بـووە.
خواوەندی (كوماربی Kumarbi و خواوەندی خێپات Hepat) كـە ئەمانـە زیاتـر لـە باكـووری سـووریا و ڕۆژئـاوای كوردسـتان بـوون، خواوەنـدی نوپاتیـك، یـان هەمـان خواوەنـدی (لوبـاداگا Lubadaga) لـە نووسـینەكەی (تیـش – ئەتـال)، خواوەنـدی (شـیمیكێ $imike) كـە خواوەنـدی خـۆر بـووە، خواوەنـدی (كوشـواخ ku$u\ah) خواوەنـدی مانـگ.
(پانتیـۆن pantheon كۆمەڵـەی، یـان ئەنجوومەنـی خواوەندەكانی نەتەوەیەك، یان وڵاتێك، یان شارێكە).

## لایەنی ئابووری و شارسازی

لایەنـی شارسـازی لای خورییـەكان بابەتێكـی پـڕ بایـەخ و گرنـگ بـووە، بـۆ نموونـە ئـەو شـارانەی لـە سـەردەمی ئـەوان درووسـتكراون، شـاری (نـوزی/ گاسـور، ئەڕاپخـا/ كەركـووك، شـاری ئەربیلیـوم/ هەولێر، شـاری نەینەوا/ مووسڵ و شـاری شوێنەواری شمشـارە) بـوون.
مەڵبەنـدی سـەرەكیی خورییـەكان شـاری (ئوركیـش)

نزیک بە قامیشلۆی ئێستە بووە کە وەک پایتەخت بەکار هاتووە و دەکەوێتە ڕۆژئاوای کوردستان.
بەپێی دوایین هەڵکۆڵین و توێژینەوەی شوێنەواری کە لە شوێنەواری (باستکێ) لە شاری دهۆک لە ٢٠١٧ کراوە، دەرکەوتووە ئەم شوێنەوارە شارێکی سەردەمی خورییەکانە بە ناوی (مەردەمان) کە لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین دامەزراوە.
لە ئەنجامی ئەم کارە هاوبەشە کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری دهۆک و تیمی شوێنەوارناسی زانکۆی توبنگنی ئەڵمانی بەسەرپەرشتی پرۆفیسۆر (پیتەر) کراوە، زیاتر لە ٩٠ پارچە تابلێتی شوێنەواری دۆزراونەتەوە کە لە پاش خوێندنەوە و توێژینەوە لەسەریان دەرکەوت ئەم شوێنەوارە شارێکی کۆنی سەردەمی خورییەکانە. بەڵگە بۆ ئەم زانیارییانە هەبوونی دوو پارچە تابلێت لەناو تابلێتە دۆزراوەکانە کە بە زمان و خەتی (خوری) نووسراون.
ئەو شارە لە ڕووی بازرگانییەوە گرنگییەکی تایبەتی هەبووە، شاری مەردەمان پردی بازرگانی نێوان (میزۆپۆتامیا و سووریا و ناوچەی ئەنادۆڵ) بووە، بۆیە بە بەردەوامی کەوتووەتە ژێر ڕکابەری دەوڵەتەکان، بۆ ئەوەی فەرمانڕەوایی بکەن.
پسپۆرانی مێژوو و شوێنەوار، باس لە گرنگی و مێژووی ئەم شارە دەکەن و دەڵێن: لە نزیکەی (٢٢٤٠ پ. ز) لەلایەن (نەرامسین) پاشای ئەکەدییەوە وێران کراوە و میلی سەرکەوتنی (باستکێ) تومار کراوە. لە

پاش ئەکەدییەکان ئەم شارە سەربەخۆ بووە، پاشان لە سەردەمی (شەمشی ئەدەد)ی پاشای ئاشووریدا شانشینێکی خورییەکانی لێ بوو و پاشاکەی ناوی (تیش - ئولمی) بوو. توروکووەکان لە ناوچەکانی قەلادزێ و ورمێ-وە هێرشیان کردووەتە سەر ئەو شارە و وێرانیان کردووە، پاشان میتانییەکان بوون بە فەرمانڕەوای ئەم ناوچەیە و دواتر دەوڵەتی ئاشووری ناوەڕاست ئەم ناوچەیەی داگیر کرد.

پێش دەرکەوتنی ئەم تابلێت و پارچە شوێنەواریانە، شوێنەوارناسان پێیان وابوو ئەم شارە لە کوردستانی ڕۆژئاوایە لە نزیک ڕووباری خاپوور، بەلام لە پاش هەڵکۆڵین و خوێندنەوەی تابلێتەکان دەرکەوت مەبەست لە شاری (خابورا) شارێکی نزیک ڕووباری خاپووری زاخۆیە کە تا ئێستا نەدۆزراوەتەوە و لە سەرچاوەکان وەک دراوسێی مەردەمان ناوی هاتووە.

## کۆنترین نەخشەی مێژوویی

لە ساڵی ١٩٣٣ لە شاری شوێنەواری گاسور (نوزی) لە باشووری کەرکووک، شوێنەوارناسان پارچەیەکی شوێنەوارییان دۆزییەوە و دوای توێژینەوە دەرکەوت کە ئەم پارچە شوێنەوارییە تاتە قوڕێکە وێنەی چەند شارێک بە شێوازی بازنەیی تێدا دیاری کراوە و بە دروستکردنی

چەندان کەوانە لە ڕۆژهەلاَت و ڕۆژئاوا، ئاماژە بە شاخاویبوونی ناوچەکە دەکات.

لەسەر نەخشەکە بە بەکارهێنانی خەت و نووسینی بزماری، هەر چوار ئاراستەی باکوور، باشوور، ڕۆژهەلاَت و ڕۆژئاوا دیاری کراوە، لە ناوەندی نەخشەکە ڕووبارێکی گەورە دیاری کراوە کە چەند لقی لێ دەبێتەوە.

مێژووی نەخشەکە بۆ (٢٢٠٠ ساڵ پێش زایین) دەگەڕێتەوە کە زۆربەی شوێنەوارناسان پێیانوایە هی سەردەمی خورییەکانە.




نەخشەی فەرمانڕەوایی خورییەکان

## میتانییەکان
## ئیمپراتۆرییەتێکی کورد لە سووریا و کوردستان

لە سەدەی شازدەی پێش زایین، دەسەڵاتداری (میتانی) لە کوردستانی گەورە و لە ناوچەی باکووری سوریای ئێستا، دامەزرا. ناوی ئەم ئیمپراتۆرییەتە لە تەورات بە (ئارام/ ناهارام) و لە سەرچاوە میسرییەکان بە (ناهاری) واتا وڵاتی نێوان دوو ڕووبار هاتووە.

میتانییەکان باپیرە گەورەی کوردن کە هاوڕەگەزی خورییەکان بوون. کۆنترین بەڵگەی شوێنەواری کە ناوی گەلی میتانی تێدا هاتبێت، پارچە چەرمێکە کە لە خاکی دێرینی سوبارتو دۆزراوەتەوە و ناوی میتانی بەشێوەی (مای – تی – نی) و (میتاناو)ی لێ نووسراوە.

سنووری ئەم ئیمپراتۆرییەتە لە باشوور تا دەشتەکانی ئاڕابخا واتە کەرکووک گەیشتووە و لە ڕۆژهەڵات تا بەرزاییەکانی زاگرۆس و لە ڕۆژئاواوە تا دەریای سپی و ناوجەرگەشی ناوچەی ڕووباری خاپوور بووە. پایتەختی ئەم ئیمپراتۆرییەتە لە سەرەتاوە شاری (واشۆکاننی) کە دەکاتە کۆبانیی ئێستا و بە عەرەبیش (ڕەئس عەین)ی پێ دەڵێن، دواتر پایتەختی میتانییەکان بۆ (تایدۆ) گۆڕا، پاشان بەهۆی بەرفراوانبوونی دەسەڵاتداری میتانییەکان و بۆ

باشتر کونترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان، شاری (ئالالاخ) (تەل عەتشانە)ی ئێستا، هەروەها شاری (نوزی) یان (یۆرغان تەپە) لە باشووری ڕۆژئاوای کەرکووک وەک پایتەختی هەرێمایەتی بۆ تێپەڕاندنی کاروبارەکانی وڵات بە کارهێنراون.

## ئابووری ئیمپراتۆریی میتانی

بەهۆی بە پیتی و بەرەکەتی ئەو خاکەی لەژێر دەستیان بوو، میتانییەکان لەڕووی ئابوورییەوە زیاتر خەریکی کشتوکاڵ و چاندنی دانەوێڵە بوون، بەڵام بێجگە لە کشتوکاڵ ئەوان دەستێکی باشیان هەبوو لە پەروەردەکردنی ئەسپ و دروستکردن و بەکارهێنانی گالیسکە کە بە دوو تایە بە ئەسپێکەوە ڕادەکێشرا، لەو سەردەمە ئەم جۆرە گالیسکەیە بۆ ناو شەڕەکانیش بەکار هاتووە.

## زمان و نووسین

بەپێی دۆزینەوەی تاتە قوڕی سەردەمی میتانییەکان، وا دیارە زمانی میتانی و هوری زۆر لە یەک نزیک بوونە، هەندێ وشە هەن کە لەناو زمانی میتانی بەکارهاتوون و ڕەگوڕیشەیان بۆ زمانی سانسکریت دەگەڕێتەوە کە زمانی کۆنی خەڵکی نیمچە دوورگەی هیندییە، وەک ناوی شاری (واششوکانی) کە لە زمانی سانسکریت بە مانای (کانگای سەروەت) دێت.

## ئایین

دۆزینـەوە شـوێنەوارییەکان ئـەوە پاتـە دەکەنـەوە، میتانییـەکان شـوێنی تایبەتیـان هەبـووە بـۆ دانـان و پەرسـتنی خواوەندەکانیـان، خواوەنـدە بەناوبانگەکانـی میتانـی بریتیـن لـە (ئەنـدرا، ئاروونـە، ناسـیتە، ئینـدرا، نشـیا، ئاتیـا و ئانـا)، بـەڵام خواوەنـدی سـەرەکییان (تیشـوب) بـووە، کـە لەسـەر گیاندارێـک ڕاوەسـتاوە و تاجـی چـوار قۆچـی لەسـەر نـاوە، ئـەم خواوەنـدە کـە وەک پاشـای خواوەندەکانـی میتانـی بـووە، بـە خواوەنـدی بـا و بـاران و هەورەتریشـقە دانـراوە و هاوتـای (ئامـوون)ی میسـری بـووە.

خواوەنـدی هێپا خواوەنـدی هەتـاو و ڕۆژ، خێزانـی خواوەند تیشوب بووە، کە ئەویش یەکێک لە خواوەندە سـەرەکییەکانی میتانییـەکان بـووە. بەهـۆی گرنگیدانـی میتانییـەکان بە خواوەندی ڕۆژ، دەکرێ بڵێین میتانییەکان بڕوایـان بـە یەکتاپەرسـتی بـووە.

## زنجیرەی پاشایەتی

یەکـەم پاشـا و دامەزرێنـەری شانشـینی میتانی پاشـا کیرتـا (١٤٩٠ - ١٤٥٠ پ. ز) بـوو

پاشا شوتارنای یەکەم

پاشا پارسا تاتار

پاشا شاوشتاری یەکەم (١٤٤٠ - ١٤٢٠ پ. ز) دەسەڵاتی گرتووەتە دەست، بەگوێرەی سەرچاوەکان پاشایەکی زانا و زیرەک بووە و هەوڵی داوە بۆ فراوانکردنی سنووری وڵاتەکەی لە هەموو لایەکەوە، بە تایبەت لە ڕۆژئاواوە کە گەیاندوویەتی بە کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست و توانی بە هاوکاری میسرییەکان دەوڵەتی ئاشوور و ئاڕاپخا بخاتە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتەکەی.

لە سەردەمی پاشا (شاوشتاری یەکەم) پێوەندی دەوڵەتی میتانی لەگەڵ میسرییەکان لە چوارچێوەی سیاسی گەورەتر بوو و پاشای میتانی کچی خۆی پێشکەشی (ئاموون حەوتپی دووەم ١٤٢٨ - ١٤٠٥) پاشای میسر، دەکات.

پاشا پارتانای دووەم (١٤٢٠ - ١٤٠٠ پ. ز) دوای شاوشتار، حوکمڕانی میتانییەکانی گرتووەتە دەست، لەم سەردەمە پێوەندی نێوان میتانی و میسرییەکان بەرەو ئاڵۆزی هەنگاوی نا.

پاشا ئارتاتامای یەکەم (١٤٠٠ - ١٣٦٠ پ. ز) هاتووەتە سەر حوکم، شورتانای یەکەم (١٣٨٠ - ١٣٦٠ پ. ز)، لەم سەردەمەدا دەوڵەتی میتانی و میسرییەکان پێوەندییەکی بەهێزیان هەبوو، بۆیە کاتێک پاشای میسر ئاموون حوتپی سێیەم تووشی ئازاری کلۆربوونی ددان بووە، پاشا شوتارنای دووەم بە پەلە پەیکەری خواوەندی شاوشکای بۆ ناردووەتە میسر بە مەبەستی چاکبوونەوەی پاشای میسری لە

نەخۆشـی، چونکـە ئـەو خواوەنـدە ناوبانگێکـی باشـی هەبـووە لـە چاککردنـەوەی نەخۆشـییەکان.

هەروەهـا (شـوتارنا) بـە مەبەسـتی درێـژەدان بـە هاوپەیمانیی میتانی و میسرییەکان، کچەکەی خۆی بە ناوی (تیدۆخیپا) لەگەڵ ٣١٧ کەنیزەک و خزمەتکار وەک دیـاری ناردووەتـە میسـر بەمەبەسـتی هاوسـەرگیری لەگەڵ (ئامـوون حوتپ) و ئەم هاوسـەرگیرییە جێبەجێ دەبێـت و لـە شـازادە میتانییەکـە (ئامـوون حوتپـی چـوارەم) ١٣٥٣ - ١٣٣٦ پ. ز) لـە دایـک دەبێـت کـە دواتـر بـە ئەخناتـوون ناسـراوە.

(ئەرتەشـومرا ١٣٦٠ پ. ز) لە پاش شـوتارنای دێتە سـەر دەسـەڵات، بەڵام پاش ماوەیەک بە پلانی پیاوێک بە نـاوی (ئووتخی) کە لە چینی خەڵکی ئاسایی بوو، بـە دەسیسـەی (هیتییـەکان)، ئەرتەشـومرای کوشـتووە و بـرا بچووکەکـەی هێناوەتـەوە سـەر تەخـت، کاتێـک کە (تووشـراتتا ١٣٦٠ – ١٣٤٠ پ. ز) برا بچووکەکەی پاشـا کۆچکردووەکـە هاتـە سـەر تەخـت، لـە تۆڵـەی براکـەی، بکوژەکـەی کوشـتووە، پاشـان بـۆ دووبـارە بەهێزبوونـەوەی پێوەندییەکانـی میتانـی و میسـر، کچێکـی خـۆی بـە نـاوی (تادووخیپـا) بـە دیـاری و بەمەبەسـتی هاوسـەرگیری لەگـەڵ پاشـا (ئامـوون حوتپـی سـێیەم ١٤٠٧ - ١٣٥٣ پ. ز) لەگـەڵ نامەیـەک کە لـە شـەش هـەزار و پێنـج سـەد دێڕ پێک هاتـووە، ناردووەتـە میسـر.

ئـەم شـاژنە کوردە لـە میسر بـە (نەفر تی تی)، واتـە

ئافرەتی جوان ناسراوە و خەڵکی میسر بە ملبەرز، یان کەڵمل ناویان لێ ناوە.

شاژن (نەفر تی تی) لەڕووی ئایینییەوە کاریگەری لەسەر فیرعەونی میسر هەبووە، بۆ ئەوەی ئایینەکەی لە فرەخواوەندی بگۆڕێت بە یەکتاپەرستی، کە ئەویش پەرستنی خواوەندی هەتاو بوو.

نامە گۆڕینەوەی پاشای میتانی و فیرعەونی میسر ١٠ ساڵ زیاتر درێژەی کێشاوە، دواتر بەهۆی تێکچوونی باری ناوخۆیی دەوڵەتی میتانی، پاشا تووشراتتا لەناو کۆشکەکەی خۆی دەکوژرێت.

لەبارەی نامەکانی پاشای میتانی بۆ فیرعەونی میسر، ئەم نامانە لەلایەن شوێنەوارناسانەوە لە ساڵی (١٨٨٧ ز) لە گردی شوێنەواری (تەل عەمارنە)ی سەر بە پارێزگای مینای میسر دۆزرانەوە. ئەم شارە شوێنەوارییە شاری (ئەخناتوون) یان (ئاسۆی ئاتوون)ی پایتەختی فیرعەون (ئاموون حوتپی چوارەم - ئەخناتوون ١٣٥٣ - ١٣٣٦ پ. ز) بووە. ئەو نامانە ئێستا لە مۆزەخانەی بەریتانیا پارێزراون.

## ڕووداوە سیاسییەکان

(میتانییەکان، هیتییەکان، کاشییەکان و میسرییەکان) چوار دەسەڵاتداری زلهێزی ئەو سەردەمە بوون کە هەندێ جار یەکیان دەگرت لە دژی ئەوەی تر. لە سەدەی چوارەمی پێش زایین میتانییەکان لەگەڵ

هیتییـەکان هاوپەیمـان بـوون و توانیـان سـەرکەوتنی گـەورە بـە نـاوی خۆیـان تۆمـار بکـەن و لـە کۆتایـی سـەدەی ١٣ی پێش زاییـن توانیـان سـوپای میسـر لـە وڵاتـی ئامـوری دوور بخەنـەوە و پاشـا (کوشـان ڕیشـی میتانی) بەشـێکی زۆری سووریای خستە ژێر دەسـەڵاتی خۆی و بۆ ماوەی هەشت سـاڵ حوکمڕانی (بەنـی ئیسـرائیل)ی کـرد.

لـە سـاڵی (١٣٠٧ - ١٢٧٥ پ. ز) هێرشـی هیتییـەکان و پەلامـارە یـەک لـە دوای یەکەکانـی ئاشـوورییەکان، بـووە هـۆی داگیرکردنی نیـوەی وڵاتـی میتانی لەلایـەن ئاشـوورییەکانەوە و بە دیلگرتنی پاشـای میتانی و خێزان و منداڵ و بەشـێکی زۆر لـە خەڵکەکە و بردنەوەیـان بۆ وڵاتـی ئاشـوور.

لـە ئەنجامـی ئـەم داگیرکارییانـە دەسـەڵاتی فراوانـی میتانی کە نزیکەی ١٥٠ ساڵ حوکمڕانی کردووە، بوو بـە دەسـەڵاتێکی بچـووک لـە دەوروبـەری ڕووبـاری خاپـوور، بۆیـە نـاوی دەوڵەتەکەیـان گـۆڕی بـە (خانـی گاڵ بـات)، دواجاریـش میتانییـەکان لەلایـەن پاشـای ئاشـووری (شەلمانسـەری سـێیەم ٨٥٠ - ٨٢٤ پ. ز) کۆتایـی بـە دەسـەڵاتیان هـات.




نەخشەی فەرمانڕەوایی میتانییەکان

## ئورارتو
## دەوڵەتێکی مەزنی کورد لە سەدەی نۆیەمی پێش زایین

لاوازبوونی کاتیی دەوڵەتی ئاشوور لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەشتی پێش زایین، بووە هۆی پەرەسەندن و بەهێزبوونەوەی (ئورارتو) کە لە ماوەیەکی کەمدا بووە بەهێزترین دەسەڵاتی ناوچەکە.
ئەم دەوڵەتە لە یەکگرتنی هۆزەکانی نیشتەجێی کەنارەکانی دەریاچەی (وان) بە پایتەختێک بە ناوی (توشیبا) درووست بووە. ئورارتییەکان لە ساڵەکانی (١٥٠٠ - ٦٠٠ پ. ز) لە ناوچەکانی دەریاچەی وان و دەریاچەی ورمێ و چیاکانی ئارارات دەسەڵاتدار بوون.
ئاشوورییەکان بە زمانی خۆیان پێیان گوتوون (ئورارتو)، بەڵام (ئورارتی)یەکان خۆیان بە خۆیان گوتووە (بیاینی یان ڤیانیلی) و لە تەوراتیش بە (ئورارتو) ناویان هاتووە.
ئەم ئیمپراتۆرییەتە لە ڕووی جیۆگرافییەوە کەنارەکانی دەریاچەی ورمێ، دەریاچەی وان و چیاکانی ئاراراتی لەخۆ گرتووە.
هەندێ پسپۆڕی شوێنەواریی لەو بڕوایەدان کاتێک ئیمپراتۆریی میتانی لاواز و دابەش بوو بۆ دوو دەوڵەت، یەکەمیان (خانی گەلبات) لە ناوچەی خاپوور کە دوایی بەرە بەرە لەلایەن ئاشوورییەکانەوە لەناو برا،

دووەمیان ئورارتو بوو کە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی پاشا (مینوا) لە دەوروبەری (٨١٠ - ٧٨٦ پ. ز) بووە بە هێزێکی گەورەی ناوچەکە و ڕکابەرییەکی سەرسەختی ئاشوورییەکانی کردووە.

## ناوی ئورارتو

هەندێ سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە ناوی ئورارتی لە ناوی چیای ئاراراتەوە هاتووە، کۆنترین بەڵگە کە ئاماژەی بە ناوی ئورارتی کردبێت لە ساڵنامەکانی (شەلمانسەری یەکەم ١٢٧٤_١٢٤٥ پ. ز)دا بەشێوەی (ئورارتری)ی هاتووە و دەڵێ: ئورارتری لە یەکێتیی چەند هۆزێکی ناوچەی کوێستانی ئەرمەنستان درووست بووە، بە دەستی ئاشوورییەکان داگیر کرا.

## زمان و نووسین

لە زمانی ئورارتوییدا چەند بەردەنووسێک بە خەتی بزماری بە جێ ماوە و دەرکەوتووە کە زمانی ئورارتی نە لە بنەماڵەی زمانی سامییەکان بووە و نە لە بنەماڵەی زمانە هیندوئەورووپییەکان، پێشتر هەندێک لە مێژوونووسان تێبینییان کردبوو کە ڕەنگە زمانی ئورارتی و زمانی خوری لە یەک خێزانی زمانەوانی بن، بەڵام لە پاش توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زۆر لەلایەن زانا شوێنەوارییەکانەوە

دەرکەوت زمانی ئورارتی لقێک نییە لە زمانی خوری، بەڵکوو زمانێکی جیاوازە و پێوەندی ئەم دوو زمانە ڕەنگە تەنیا لە ڕیشە کۆنەکەیانەوە بێت.

## هونەر و بیناسازی لای ئورارتییەکان

قەڵا و شوێنەوارە بیناسازییە گەورەکان، پڕۆژە نایابەکانی ئاودێری کە بۆ سەردەمی ئورارتی دەگەڕێنەوە، سەلمێنەری ئەوەن کە دەستی باڵایان لە بیناسازیدا هەبووە، ئەو بینا و قەڵا و شارانەی لە سەردەمی ئورارتی درووستکراون، لەڕووی تەناهییەوە زۆر بەهێز بوون و دەتوانین بڵێین بیناکانی سەردەمی ئورارتی بینای پتەو و جێگیر بوون، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوان بە بەردەوامی لەگەڵ ئاشوورییە دراوسێیەکانیان لە شەڕ و هێرشکردنە سەر یەکتردا بوون.

لە سەردەمی ئورارتی هەر کاتێک لەشکری ئاشووری نزیکی سنووری دەسەڵاتدارییان دەبوونەوە، لەسەر لووتکەی چیاکان ئاگریان دەکردەوە، ئەمە مانای ئەوەبوو کە لەشکری ئاشووری نزیک دەبنەوە، بۆیە زۆربەی دانیشتووان، ئاواییەکانی خۆیان بەجێ دەهێشت و ئاژەڵەکانیان دەبرد بۆ چیا، بەڵام ئەو ئاواییانەی شوێنیان سەخت بوو مەڕوماڵاتیان لەناو ئاواییدا کۆ دەکردەوە و خۆیان ڕووبەڕووی ئاشوورییەکان دەبوونەوە، بۆیە لە سەردەمی ئورارتوییەکان بینای

سـەخت و شـوورای پتـەو درووسـت کـراون.
نووسـینە شـاهانەییەکانی ئۆرارتـی کـە لەسـەر بـەرد نووسـراون و هەندێکیان تا ئێستاش بە قەدپاڵی چیاکانی کوردسـتانی باکـوور و ڕۆژهەڵاتـەوەن و سـەرچاوەی مێژوویـی باشـن بـۆ سـەلماندنی هونەرمەندیـی و دەسـتڕەنگینیی ئورارتییـەکان لـە بیناسـازیدا.

## ئایین

ئایین لای ئورارتییەکان بابەتێکی گرنگ بوو، ئەوانیش وەک نەتـەوە کۆنەکانـی تـر بڕوایـان بـە فرەخواوەنـدی بـووە، بـەڵام لەنـاو هەمـوو خواوەندەکان، خواوەندێکیان زیاتـر ڕێـز لێگیـراو بـووە و کردوویانـە بـە گـەورەی خواوەندەکانـی دیکـە، ئەویـش خواوەنـدی (خالیدی)یـە کە بۆ ئورارتییـەکان خواوەندی سـەرەکی و نەتەوەیی بـووە کـە پەرسـتنەکەی لـە کۆتاکانـی سـەدەی نۆیەمـی پێش زاییـن لەلایـەن پاشـای ئورارتییەکانـەوە پـەرەی سـەند.
پەرسـتگای تایبەتـی ئـەم خواوەنـدە لـە شـاری (موساسـیر/ گونـدی مجێسـیر) بـووە لـە هەرێمـی (موساسیر). پەرستگای خواوەندی خالیدی گەورەترین و پیرۆزترین پەرستگای ناوچەی زاگرۆس بووە کە لە سـەردەمی پاشـا (ڕۆسـا) زۆر گرنگـی پـێ دراوە.
لـە خواوەندەکانی تری ئورارتی دەتوانین ئاماژە بە ناوی خواوەند (ئیشکور) خواوەند (شیمشی) بکەین.

## سیاسەت

ئورارتییەکان یەکێک لە زلهێزە بەناوبانگەکانی سەردەمی خۆیان بوون، بۆیە دەبینین بەشێکی زۆری ئەو نامە و نووسینە ئاشوورییانەی لەبارەی ئورارتوەوە بڵاوکراونەتەوە، ئاماژە بەوە کراوە کە ئەوان هەڕەشەیەکی ترسناک بوون بۆ سەر ئاشوورییەکان، لە نێوان ساڵانی (٨٢٠ - ٨١٠ پ. ز).

پاشاکانی ئورارتو واتا (ئیشپۆئینی و مێنۆنا) توانیان پێوەندی باش لەگەڵ پاشای هەرێمی موساسیر درووست بکەن و بەهۆی یارمەتیدانی سوپای یەکتر و درووستکردنی پەرستگا بۆ خواوەندە نەتەوەییەکەیان (خالیدی)، ئەو هەرێمەشیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و پاشاکانی موساسیر گوێڕایەڵی پاشاکانی ئورارتی بوون، ئەم پێوەندییەی ئورارتی و موساسیرییەکان بووە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ ناوەندی ئیمپراتۆریی ئاشوور.

ئاشوورییەکان لە سەردەمی شەلمانسەری سێیەم هێرشیان کردە سەر ئورارتییەکان و پایتەختەکەیان (ئارزاشکون) ڕووخاند و سووتاند، بۆیە ساردۆری یەکەمی پاشای ئورارتی پایتەختێکی نوێی بە ناوی (توشیبا) لە ناوچەیەکی سەخت لە باشووری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی وان دامەزراند، پاشان هەوڵی فراوانکردنی دەسەڵاتی دا.

لەم سەردەمەدا دەسەڵاتی ساردۆری یەکەم دەگەیشتە ناوچە چیاییەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئاشوور، لە باشووریش لە ئازەربایجان تا دەگاتە دەریاچەی ئورمییە، ئورارتییەکان پاشان توانیان دەوڵەتی (مەلاتییە) کە یەکێک بوو لە هاوپەیمانەکانی ئاشوور لە ئەنادۆڵ بڕووخێنن، دوای ئەوە زۆر شانشینی تر کە لەژێر دەستی ئاشوورییەکان بوون، داوای سەربەخۆییان کرد و ئامادە نەبوون چیتر باج و سەرانە بە ئاشوورییەکان بدەن، ئەمەش بووە هۆی پچڕانی ڕێی بازرگانی ئاشوورییەکان کە زۆر کاریگەری خراپی لەسەر دۆخی وڵاتی ئاشوور هەبوو.

## شوێنەوارە بەجێماوەکانی ئورارتی

لە سەرچاوە مێژوویی و شوێنەوارییەکان باسی دوو بەردەنووس دەکرێ کە لە گرنگترین شوێنەوارەکانی سەردەمی ئورارتی بوون، ئەوانیش شوێنەواری (کێلەشین و تۆپزاوە)ن.

## بەردی کێلەشین

یەکێک لە گرنگترین شوێنەواری بەجێماو لە سەردەمی ئورارتی کە لە ناوچەی موساسیر دۆزراوەتەوە، بەردی کێلەشینە، ئەمەش بە کۆنترین دەقی مێخی ئۆرارتی دادەنرێت کە تێیدا باسی باڵادەستی ئورارتییەکان دەکات.

نووسـینه بزمارییەکـەی سـەر ئـەم شـوێنەوارە بـۆ سـەردەمی پاشـا (ئیشـپوینی) و کوڕەکـەی (مینـوا) دەگەڕێتـەوە کە ئەمانە هاوسـەردەم پاشـای ئاشـووری شەمشـی ئـەدەدی پێنجـەم بـوون. ئورارتییـەکان بـۆ نووسین لەسـەر ئـەم میلە دوو زمانیـان بـەکار هێنـاوە، ڕوویەکـی ئـەم شـوێنەوارە بـە زمانـی ئاشـووری نووسـراوە کـە لـە ٤٢ دێڕ پێک هاتـووە و ڕووەکـەی تریشی بە زمان و خەتی ئورارتی کە بە ٤١ دێڕ کۆتایی پێ هاتـووە، بـەڵام هـەردوو دەقەکە باسـی سـەردانەکەی پاشـای (بیانیلی یـان ڤیانیلی) (مینوا)ی کوڕی ئیشـپوینی دەکـەن، کـە لـە سـەردانەکەیدا پەرسـتگایەکی بـۆ خواوەند (خالیدی) لەسـەر بەرزاییەک درووستکردووە و کۆمەڵێک دیـاری گرانبەهـای پێشـکەش بـە (خالیـدی) کـردووە و هـەزاران سـەر ئاژەڵـی بـۆ کردووەتـە قوربانـی، لـە کۆتاییدا نەفریـن لـەو کەسـانە دەکات کـە هەوڵـی تێکدان، یـان دزینی پەیکـەری خواوەند خالیدی، یـان دیـاری و بەردەنووسـەکان بـدەن.

ئـەم شـوێنەوارە یەکـەم جـار لەلایـەن (شـولز) دۆزراوەتـەوە و کۆپیشـی لـێ درووسـت کراوە، بـەڵام دواتـر شـولز لەلایـەن خەڵکی ناوچەکـەوە کوژراوە و کۆپییەکـەی ونبـووە. دواتر ئـەم میلە لەلایـەن (هێنری ڕۆلینسـون) لـە سـاڵی (١٨٤١ ز) خوێنراوەتـەوە.

ئـەم بەردەنووسـە لـە مـاوەی شـەڕی ئێران و عێراق لەلایـەن سـوپای ئێرانـەوە دزرا و گوازرایـەوە بـۆ ئێران، ئێسـتا لـە مۆزەخانـەی ورمـێ لـە ئێران دانراوە.

## میلی تۆپزاوە

ئـەم میلـە وەک میلـی کێلەشـین لـە دوو ڕووەوە بـە دوو زمانـی ئاشـووری لـە ٣٧ دێـڕ و ئورارتـی ٣٨ دێڕ نووسـراوە، کـە بۆ سـەردەمی پاشـای ئورارتـی (ڕۆسـا) دەگەڕێتـەوە، تێیـدا باسـی بەهاناوەچوونـی پاشا ڕۆسا بۆ پاشا ئورزانا لە موساسیر دەکات لە کاتـی هەڕەشـەی ئاشـوورییەکان بـۆ سـەری.

نووسـینەکە باسـی بەسـتنی هاوپەیمانـی لـە نێـوان پاشـا ڕۆسـا و پاشـا ئورزانـا دەکات، دواتـر پاشـا ڕۆسا هەوڵی پرچەککردنی سوپاکەی ئورزانا دەدات و فەرمانـی پـێ دەکات هێـرش بکاتـە سـەر بنکەکانـی ئاشـووری لـە ناوچـەی موساسـیر و داگیریـان بکات، لـەم شـەڕەدا ئورزانـا سـەرکەوتوو دەبێـت، میلـی تۆپـزاوە ئێسـتا لـە مۆزەخانـەی شارسـتانی هەولێـر پارێـزراوە.

**پاشاکانی ئورارتی بریتین لەمانەی خوارەوە:**

١- ئارام - ئاراگیشتیشی یەکەم

٢- لوتیبری

٣- ساردووری یەکەم

٤- ئیشپوینی

٥- مینوا

٦- ئارگیشتی یەکەم

٧- ساردووری دووەم
٨- ڕۆسای یەکەم
٩- ئارگیشتی دووەم
١٠- ڕۆسای دووەم
١١- ساردووری سێیەم
١٢- ئەریمەنا
١٣- ڕۆسای سێیەم
١٤- ساردووری چوارم
١٥- ڕۆسای چوارم.




نەخشەی فەرمانڕەوایی ئورارتو



بەردی کێلەشین

## مانناییەکان
## دەوڵەتێکی تری کورد لە پێش زاییندا

مانناییەکان یەکێک لە پێکهاتە کۆنەکانی کوردن کە نیشتەجێی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و پێدەشتەکانی بوون، نزیکەی ٩٠٠ ساڵ پێش زایین لە دەشتی باشووری دەریاچەی ورمێ لە دەڤەری (سابڵاغ/ مەهاباد)، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ڕێککەوتنی هەموو هۆزەکانی ناوچەکە دەسەڵاتی خۆیان ڕاگەیاند.

مەبەستی سەرەکی دروستکردنی یەکێتیی نێوان هۆزەکانی ئەم دەڤەرە، یەکگرتوویی و بەهێزبوونیان بوو لە بەرانبەر هێرش و پەلاماری هێزەکانی دەوروبەر کە دەیانکردە سەر ناوچەکانیان، دیاریکردنی ناوچەی دەسەڵاتداری مانناییەکان تا ئاستێک کێشەیە، لەبەرئەوەی زۆرجار بەربەرەکانێ هەبووە لە نێوان ماننا و ئاشوور و ئورارتو، بۆیە ناوچەکانیان جێگیر نەبووە.

زۆر جار ناوچەکانیان لە فراوانبوون و تەسکبوونەوەدا بووە، بەڵام بە شێوازێکی گشتی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی مانناییەکان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی میزۆپۆتامیا تا ئازەربایجانی ئەمڕۆی لەخۆ گرتووە. لە کاتی لاوازبوونی ئورارتو و بێهێزی دەسەڵاتی ئاشوورییەکان کە دراوسێی ماننا بوون توانیان دەسەڵاتیان بەرەو

ناوچـەی ئاشـوور و ئورارتـو فـراوان بکـەن.
لـە هەنـدێ سـەرچاوە مێژووییـەکان ناوچـەی دەسـەڵاتداریماننـا بـۆ دوو بـەش دابەشـکراوە: یەکـەم، ناوچـەی (مانیـای تـەواو Mannea Proper) کـە شـوێنی دەسـەڵاتداری هەمیشـەییان بـوو، دووەم، (مانیای گـەورە Great Mannea) کە لـە کاتـی بەهێزی ماننایيـەکان دەخرایـە ژێـر دەسـەڵاتیان و مانیـا تـەواو گەورەتـر دەبـوو.
پایتەختـی ماننايیـەکان شـاری (ئیزیرتـو) بـووە لـە نزیک شـاری مەهاباد و سـەقزی ئێسـتا، بـەڵام هێشـتا شـوێنەوارەکانی نەدۆزراونەتـەوە، دەوڵەتـی ماننـا کۆمەڵێـک ناوچـەی سـەرەکی لەژێـر دەسـتدا بـوو، لەوانـە: زیرتـە zirta، ناوچـەی زێوەی ئەمـڕۆ zibiya، ئەرمێتـە Armeta، سـەنها sanha، شـمێری shimeri و... تـاد.

## ناو و ڕەگەزی ماننایيەکان

لەبـارەی مانـای نـاوی مانـی، یـان ماننـا، دەتوانیـن بڵێیـن ئـەم وشـەیە کوردییـە و لـە زمانـی کـوردی ئێسـتاش مانـای هەیـە و بەکاردێت، وشـەی (ماننا) لـە زمانی میدیدا بـە واتـای هـزر و هۆش دێت و لە زمانی کوردی وشـەی (مینـە) مانـای توێژینـەوە و پشـکنین و گـەڕان دەدات و (ماننا) بـە واتـای لێکدانـەوەی شـتێک، یـان واتایەکی ڕوونتر دێت و پێدەچێت مانـای ناوەکە

خاوەن هزر و هۆش و زانایی بێت.
یەکەمجار لە ساڵی ٨٤٣ پێش زایین لە سەرچاوە ئاشوورییەکان ئاماژە بە ناو و خاکی (مات مەنای mat mannai) کراوە کە مەبەست مانناییەکانن و هەندێ جاریش بە (مونا، منناس و ماننا) هاتووە.
لە سەرچاوە ئورارتوییەکان بە (مانانا mannane / مێنا mina) و لە تەورات مەملەکەتەکەیان بە (مینی mini) باس کراوە و لە سەرچاوە (ئەکەدییەکان) بە (مانای کانو) لای بابلییەکان (مینی)یان پێ گوتراوە.
لەبارەی تیرەی مانییەکان، ئێمە ناتوانین ڕەگەزێکی تایبەت بۆ ئەوان دیاری بکەین، ئەویش لەبەر نزیکی و تێکەڵاوی زۆربەی نەسلە کۆنە کوردییەکان لەو ناوچەیە، بۆیە زۆرجار مانییەکان بە هوری و کاشی و گوتی، باسیان لێوەکراوە، بەڵام ئەوەی نابێت فەرامۆش بکرێت ئەوەیە کە (ماننا) ناوی میللەت نەبووە، بەڵکو ناوی بنەماڵەی حوکمڕانی ئەو ناوچەیە بووە.

## زمان و نووسین و هونەری ماننا

لەبەرئەوەی تا ئێستا تێکستێکی تایبەت بە مانناییەکان نەدۆزراوەتەوە، ناتوانین زۆر بە دڵنیاییەوە قسە لەسەر زمان و نووسینیان بکەین، بەڵام ئەوەی دڵنیامان دەکات، ئەوەیە کە مانناییەکان نووسینیان هەبووە و ئەو نووسینە هیرۆگلیفییەیە کە لەسەر قاپێکی زێڕین

نەخشێنراوە و شوێنەوارێکی سەردەمی مانناییەکانە و لە ناوچەی زێوێی نزیک شاری سەقز دۆزراوەتەوە، بەڵام ئەم نووسینە تا ئێستا نەخوێنراوەتەوە و نازانرێ مانای نووسینی سەر قاپە زێڕینەکە چییە.

هەندێ لە سەرچاوە شوێنەوارییەکان لەو بڕوایەدان کە مانناییەکان بە زمانێک قسەیان کردووە زۆر لە زمانی سەرەتایی کوردی نزیک بووە، هەندێ شوێنەوار لە سەردەمی ئەوان بەجێ ماون کە تا ئێستاش جێی سەرنجن، وەک کاشی سەر زەوی کە ڕووەکەی شووشەییە و بە ڕەنگی جیاواز بابەتی ئەفسانەییان لەسەر نەخشێنراوە و لە تەپەی (قەڵاپچی) دۆزراونەتەوە.

جامی زێڕینی کە لە (حەسەنلو) دۆزراوەتەوە، بابەتی ئایینی و ئەفسانەیی زۆر گرنگی لەسەر نەخشێنراوە، ئەمانە نموونەی باڵادەستیی مانناییەکان لە هونەر و دەستڕەنگینی دەردەخەن.

## کۆمەڵگا و ئابووری

کۆمەڵگای ماننایی لە کۆمەڵێک هۆز و عەشیرەتی جیاواز پێکهاتبوو کە بەسەر چەندان چینی کۆمەڵایەتی و ئابووری جیاوازدا دابەش کرابوون. لە هەندێ لە سەرچاوەکان باسی هەبوونی سیستمی کۆیلایەتی لە ماننا کراوە، هەرچەندە پێدەچێت سیستمی کۆیلایەتی

زۆر سەرەتایی بوو‌بێت، بەڵام لەمجۆرە کۆمەڵگایەدا خاوەن کۆیلەکان باڵادەست بوون.
ولاتیماننا و پێکهاتەی جیۆگرافی و خاکەکەی بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری زۆر گونجاو بووە، بۆیە لە سەرچاوە مێژووییەکان باسی ئەم دوو بابەتە بە گرنگی کراوە. لە سەرچاوە ئاشوورییەکاندا هاتووە کە مانناییەکان زیاتر خەریکی بەخێوکردنی مەڕ و بزن و ئاژەڵی قۆچدار و ئەسپ و گوێدرێژ و تا ڕادەیەکیش حوشتری دوو کۆپان بوون.
لە تەورات و نووسینەکانی بەجێماو لە (سارگۆنی دووەم)دا هاتووە، جۆرێک لە گەنم بە ناوی (مى نیت) لە ماننا چێنراوە کە جۆرەکەی زۆرباش بووە و بە ناوی خۆیانیان کردووە.

## سیاسەت و دەسەڵاتداری

مانناییەکان یەکێک بوون لەو دەوڵەتانەی پێش گەورەبوونی (میدییەکان) دەسەڵاتدارییان کردووە و ڕۆڵیان هەبووە لە یەکخستنی کوردستانی گەورە لە پێش زایینددا، لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین دەوڵەتی ماننا پێگەیەکی گرنگی هەبوو لە ناوچەکەدا، بەڵام زۆرجار نەیتوانیوە ببێتە قەوارەیەکی زۆر بەهێز، چونکە بەردەوام لەگەڵ ئاشوورییەکان و ئورارتوییەکان لە شەڕدا بووە، زۆر جار مانناییەکان لەگەڵ ئاشووریی دەبوونە هاوپەیمان لە دژی

ئورارتو کە دوژمنی هاوبەشیان بوو.
لە ساڵی ٧٤٣ پێش زایین، مانناییەکان توانیان بە هاوکاری ئاشوورییەکان وڵاتەکەیان کە لەلایەن پاشای ئورارتو داگیر کرابوو، ڕزگار بکەن، بۆیە لە پاش ئەم هێرشە هاوبەشە ئورارتو زۆر بێ هێز بوو و نەیتوانی جارێکی تر هێرش بکاتەوە سەر مانناییەکان.
بەپێی بەڵگەنامە شوێنەوارییەکان سیستمی دەسەڵاتداری مانناییەکان پاشایەتی ڕەها نەبووە، بەڵکو ئەوان ئەنجوومەنێکیان هەبوو وەک ئەنجوومەنی پیران کە یارمەتیدەری پاشا بوون لە بەڕێوەبردنی دەسەڵات و کاروباری وڵاتدا. ئەو ئەنجوومەنە دەبووە هۆی سنووردارکردنی دەسەڵاتی پاشا، بۆیە دەتوانین بڵێین دەوڵەتی ماننا یەکەم قۆناغی کۆمەڵگای چینایەتی بوو کە پاشا و ئەنجوومەنی گەورە پیاوان هەموویان بەیەکەوە وڵاتەکەیان بەڕێوە دەبرد، خەڵکی تری مەملەکەتەکە لەگەڵ حکوومەت و بنەماڵە باڵادەستەکانی دەوڵەتدا لە بەربەرەکانێدا بوون، بەردەوام چالاکی و خۆیەکخستنیان هەبووە.
لە بەڵگەنامەکانی سەردەمی پاشای ئاشووری (سارگۆنی دووەم) کە وا دەردەکەوێت سەردانی ماننای کردووە، هاتووە: پاشای ماننا لەگەڵ حوکمڕان و ئەو سەرۆکانەی وڵاتیان بەڕێوە دەبرد بەرەو پێشوازیم دەهاتن. هەروەها لە نامەیەکی دیپلۆماسیدا کە پاشای ماننا بۆ پاشای ئاشوور ناردوویەتی،

پاشا بە تەنیا باسی خۆی ناکات، بەڵکوو لەگەڵ گەورە پیاوان و ڕاوێژکارانی وڵاتەکەیدا ناوی خۆشی دەهێنێت.

### شوێنەواری مانناییەکان

سەرەڕای دۆزینەوەی بینا و باڵەخانەی شوێنەواری زۆری مانناییەکان، کە لە گردی شوێنەواریی وەک شار، گوند، یان پەرستگا پێکهاتوون، هەروەها پارچەی شوێنەواری ئێجگار زۆر و جیاواز و دانسقەی گونجاو لەگەڵ سەردەمانی پێش خۆیان، بەڵام دەکرێ بڵێین ئەم دەوڵەتە لە سەرچاوە و نووسراوە کۆنەکانی سەردەمی خۆیدا پشتگوێ خراوە، هۆکارەکەشی دەکرێ ئەوە بێت کە زۆربەی سەرچاوەکانی ئەوکاتە هی سەردەمی ئاشوورین، بۆیە شتی زۆر لە سەرچاوە ئاشوورییەکان لەبارەیانەوە دەست ناکەوێت.

### زێوێ

ئەم قەڵایە لەسەر گردێکی بەرز درووستکراوە، کە دەکەوێتە گوندی (زێوێ) لە نزیک شاری سەقز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
لە ساڵی ١٩٥٢ بەهۆی باران و بەفرێکی زۆر کە بووە هۆی دەرکەوتنی لە ناکاوی هەندێ پارچەی شوێنەواریی لەم شوێنە، دەست کرا بە

کاری هەڵکۆڵین لەسەر ئەم قەڵایە و یەکەم کاریش لەلایەن (ڕۆبەرت ڕایسون)ی ئەمەریکی کرا، دواتر لەلایەن کابرایەکی جوو بە ناوی (ئەیووب ڕەب نو) بەردەوامی بە هەڵکۆڵینەکە درا.

بەپێی ئەو مۆڵەتەی بۆ کارکردن لەسەر ئەم قەڵایە دراوە، بۆ ماوەی هەشت ساڵ دەست کرا بە کنە و پشکنین و توانراوە لە سەدا هەشتای شوێنەوارەکان بدۆزرێنەوە و گواسترانەوە دەرەوەی ئێران. ئەم ڕووداوە کە لە ساڵەکانی پاش جەنگی دووەمی جیهانییەوە بوو، بە یەکێک لەو سیاسەت و کارانەی محەمەد ڕەزا شای ئەوکاتی ئێران دادەنرێ لە دژی مێژووی نەتەوەی کورد، کە کاری دەرهێنان و تاڵانکردنی ئەم قەڵایە بەپێی ڕێککەوتنێک بەو لێکۆڵەرە جووە درا، ئێستا زۆربەی شوێنەوارەکان لە مۆزەخانەکانی لۆڤەر و بەریتانیا و ڕمیتاژن.

لە شوێنەوارە دۆزراوەکانی قەڵای زێوێ، دەتوانین ئاماژە بە دۆزینەوەی گەنجینەیەکی ئێجگار گرانبەها بکەین، کە لە کۆمەڵێک ملوانکەی دروستکراو پێکهاتبوو لە زێڕ و قاپوقاچاخی زێڕین و زیو و مس و کۆمەڵێک بابەتی جوانکاری ژنان و ناوماڵ، وەک نەخش لەسەر زێڕ و عاجی فیل.

ناوی زێوێ یەکەمجار لە ساڵنامەکانی ئاشووریدا هاتووە، کە باس لە قەڵای زێوێ دەکات لە کاتی شۆڕش و شەڕەکاندا.

## قالایچی

دەکەوێتە ١٢ کم لە باکووری ڕۆژئاوای شاری بۆکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ساڵی ١٩٨٤ کاری کنە و پشکنین بۆ ئەم شوێنەوارە دەستی پێکردووە و تا ئێستاش بەردەوامە، لە ئەنجامدا تابلێتێکی نووسراو بە خەتی ئارامی دۆزراوەتەوە، کە هێشتا نەخوێنراوەتەوە، هەروەها دۆزینەوەی گڵێنەی ڕازاوە بە نەخش و بۆیەی تایبەت لە دەستکەوتەکانی پشکنینی ئەم شوێنەوارەن.

## تەپەی حەسەنلو

ئەم گردە شوێنەوارییە بە دووریی نۆ کیلۆمەتر لە باکووری ڕۆژئاوای شاری نەغەدە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکەوتووە، شوێنەوارە دۆزراوەکانی ئەم گردە سەردەمی مێژووی بەردینی نوێ تا سەردەمی ئاسنی لەخۆ دەگرێ.

کاری کنە و پشکنینی ئەم گردە لەلایەن تیمێکی هاوبەشی ئەمەریکی - ئێرانی بە سەرپەرشتی (ڕۆبەرت هنری دایسن) بەڕێوەچووە، کە بووەتە هۆی دۆزینەوەی بینا و پاشماوەکانی بینای سووتاو، هۆی سووتانی دیواری بیناکانی ئەم شوێنەوارەش بۆ ڕووداوێکی گەورەی ئاگرکەوتنەوە و وێرانبوون دەگەڕێتەوە کە لە ساڵی ٨٠٠ی پێش زایین ڕووی داوە.

له گرنگترین شوێنەوارە دۆزراوەکانی تەپەی حەسەنلو دەتوانین ئاماژە بە (جامی زێڕینی حەسەنلو) بکەین.

## ڕەبەت

١٧ کم لە شاری سەردەشت دوورە، ئەم شارە بە خاڵی پێوەندیماننا و ئورارتو و ئاشوور دادەنرێت.
لە شوێنەوارە دۆزراوەکانی ئەم شارە شوێنەوارییە دەتوانین ئاماژە بە خشتی بۆیەکراوی نەخشێنراو بە وێنەی ئاژەڵ و خواوەندەکان و دۆزینەوەی گڵێنەی تایبەت بەو سەردەمە لەڕووی نەخش و دیزاین بکەین.

**پاشاکانی ماننایی ئەمانە بوون:**
ئیرانزۆ ٧١٩ - ٧١٧ پ. ز
ئوللوسونو
ئاخشتەر
ئاهشێری.




نەخشەی فەرمانڕەوایی ماننایيەكان

## کاردۆخییەکان

کۆمەڵێک لە زانایان وەک (جۆرج ڕۆلینسن) لەو بڕوایەدان کە کاردۆخییەکان هەمان کوردەکانی ئێستان و وشەی کاردۆخی، وشە کۆنەکەی (کوردستان)ە کە لە سەردەمانی کۆن بۆ خەڵک و ئەم ناوچەیە بەکارهاتووە.

(کاردۆخی، کاردۆخوی، کاردۆسی، یان کاردۆستۆی)، بە یەکێک لە گەلە ڕەسەنەکانی کوردستانی کۆن دادەنرێن، لە ناوچەکانی باشووری ڕووباری (بوتان سو)ی کوردستانی باکوور لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و ناوچەی بۆتان بوون. بە گوتەی سەرچاوەکان لە ناوەڕاستی سەدەی حەوتەمی پێش زایین لەم ناوچەیە نیشتەجێ بوون.

ناوی کاردۆخییەکان بۆ یەکەمجار لە مێژوودا لە کتێبەکەی (گەزنەفون) یان (کسینفون) بە ناوی (گەڕانەوەی ١٠ هەزار یۆنانی) هاتووە کە لە کاتی گەڕانەوەیان بەرەو ناوچەی ئەرمەنستان لە شەڕی ئەخمینییەکاندا ڕووبەڕووی کاردۆخییەکان دەبنەوە. باس لەوە دەکات کە سوپاکەی تووشی بەرەنگاری سەخت بووەتەوە لە ناوچەکانی (ئانتی توروس، هەکاری) یان کوردستانی مەرکەزی، کاردۆخییەکان هەتا سەر دەریای ڕەش شەڕیان لەگەڵ سوپای شکستخواردووی (گەزنەفون) کردووە (٤٠٢ پ. ز).

گەزنەفون لە کتێبەکەیدا باسی ئازایەتی کاردۆخییەکان دەکات و دەڵی: ئەم کاردۆشیانە سەریان بۆ فەرمانڕەوای ئێران شۆڕ نەکردووە، تەنانەت فەرمانڕەوای ئێران بە سوپایەکی (١٢٠) هەزار کەسییەوە هێرش دەکاتە سەریان، بەڵام کاردۆخییەکان تێکیان دەشکێنن.
ناوی ئەم گەلە لە سەرچاوە مێژووییە (ڕۆمییەکان) بە (کوردۆئەن) هاتووە کە هەر مانای (کوردستان) دەداتەوە.

## زاراوەی کاردۆخی

بە گوتەی سەرچاوە مێژووییەکان، زاراوەی کاردۆخی لە زاراوەی (کردا)ی سۆمەری وەرگیراوە و دواتر (خ)ی سۆمەری بۆ زیاد کراوە و بووەتە (کرداخ)، پاشان زیادەی (وی) کۆی یۆنانی چووەتە سەر و لەسەر زمانی یۆنانییەکان بووە بە (کرداوخوی)، واتا خەڵکی وڵاتی (کردا).

## کۆمەڵگای کاردۆخییەکان

ئەوان کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵییان هەبوو کە زیاتر گرنگییان داوە بە باخداری و ڕەزی ترێیان بە ناوبانگ بووە، هەروەها خانووەکانیان لە قووڕ و بەرد درووست کردووە.




نەخشەی فەرمانڕەوایی کاردۆخییەکان

## بەرچاوڕوونی

سەرچاوە مێژووییەکان باس لە کۆمەڵێک کۆچی بە کۆمەڵ دەکەن لە نێوان هەزارەی سێیەم بۆ یەکەمی پێش زایین، کە خەڵک لە ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاست و ئەورووپاوە بەرەو کوردستانی کۆن هاتوون و لەوێ نیشتەجێبوون، تەنانەت هەندێکیان توانیان دەسەڵاتداریی فراوان و بەهێز درووست بکەن.

لێرەدا ئاماژە بە ناو و کورتەیەک لە مێژووی ئەم گەلە کۆچەریانە دەکەین، وەک کەسانێک کە لە خاکی کوردستان ژیاون و دەسەڵاتیان هەبووە، نەک وەک خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە (کورد)، یەکلاکردنەوەی ئەم بابەتە کە ئایا هیتییەکان و ئیلامییەکان و سیکیثەکان کورد بوون یان نا؟ بابەتێکە هێشتا پێویستی بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیە.

## هیتییەکان

هیتییەکان لە سەرەتا لە دەوروبەری ڕووباری هالیس (قزل ئیرماق)ی ئێستا نیشتەجێ بوون (٣٠٠٠ ساڵ پ. ز)، دواتر بەهۆی کۆچی بەکۆمەڵەوە بەرەو ناوچەکانی ئەنادۆڵ هاتوون و بڵاو و نیشتەجێ بوون. وەک سەرچاوە مێژووییەکان باس دەکەن ناوی هیتییەکان لە کتێبی پیرۆزی تەورات بە (حیسی) هاتووە، ئەو زمانەی کە هیتییەکان قسەیان پێکردووە ڕیشەی بۆ کۆمەڵە زمانەکانی هیندۆئەورووپی دەگەڕێتەوە.

## کۆمەڵگای هیتی

لە کۆمەڵگای هیتی زیاتر بایەخ بە کشتوکاڵ دراوە و بەپێی گوتەی سەرچاوەکان هیتییەکان یەکەم گەل بوون لە جیهانی کۆندا کە توانیان ئاسن بە کار بهێنن بۆ کاروباری ڕۆژانە و سەربازی و دروستکردنی کەلوپەلی ناوماڵ.
بەپێی بەڵگە شوێنەواری و مێژووییەکان یاسا لە کۆمەڵگای هیتی سەروەر و باڵادەست بووە و ئەوان بۆ چارەسەرکردنی زۆربەی کێشەکانی ڕۆژانە و بەڕێوەبردنی کارەکانیان، یاسای تایبەتیان هەبووە، بەڵگەش بۆ ئەم بابەتە هەبوونی یاسایەکی (١٠٠) بڕگەیی بووە.

## هونەر لای هیتییەکان

کۆمەڵگای هیتی لە ڕووی هونەرەوە لە ئاستێکی باڵا و بەرزدا بووە، بەتایبەتی لە هونەری پەیکەرتاشین و بیناسازی و وێنەکێشان پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە.

## ئایین لە کۆمەڵگای هیتی

سەبارەت بە ئایین لەو کۆمەڵگەیە، دەبێ بڵێین خەڵکی هیت هەروەک خەڵکانی تری ئەو سەردەمە

بڕوایـان بـه فرەخواوەنـدی و درووسـتکردنی بـت بـۆ شـتە جیاوازەکان هەبووە. لـە گرنگترین خواوەندەکانی هیتـی دەتوانین ئامـاژە بـە خواوەنـدی (شوشـکا) بکەین کە چەندان پەرستگای تایبەتیان بۆ درووست کردووە و سـاڵانە چەنـدان ڕێوڕەسـمیان بـۆ گێـڕاوە، ئـەوەش جێـی باسـە کـە خەڵکـی هیتـی لـە ڕووی ئایینییـەوە بڕوایـان بـە دواڕۆژ هەبـووە.

## سیستمی دەسەڵاتداری هیتییەکان

دەسەڵاتداری لای هیتییەکان بە سیستمی پشتاوپشت بـووە، واتـا لـە پـاش مردنـی بـاوک دەسـەڵات بـۆ کوڕەکـەی ماوەتـەوە، بـەو شـێوازە نـەوە دوای نـەوە دەسـەڵات گواسـتراوەتەوە.

## فەرمانڕەوایی هیتی

ئەوان پاش کۆچی بە کۆمەڵ لە ناوچەکانی قەوقازەوە بـۆ ناوچەکانـی ئەنـادۆڵ، شـاری (گوڵتەبـە)ی ئەمڕۆیـان درووستکرد و کردیانە پایتەختی خۆیان، دواتر پایتەختیان بۆ شـاری (کۆشـارا) گواسـتەوە، بەڵام لـە سـەردەمی پاشـا (هاتووسـیلی یەکـەم ١٦٥٠ - ١٦٢٠ پ. ز) پایتەختیـان بـۆ شـاری (هاتوسـا یـان - بۆغازکوی) ئێستا گواستەوە.
بەپێـی تێپەڕینـی کات شـاری (هاتوسـا) دەبێتـە یەکێک لـە گرنگترین شـارەکانی هیتییـەکان و ناوەندی دەسـەڵات و هێـزی سـەربازی و سـەنتەری ئایینـی

هیتییەکان، ئەم شارە ١٤٤ کم لە ئەنقەرەی تورکیا دوورە.
یەکێک لە گرنگترین و بەناوبانگترین شەڕەکانی دەوڵەتی هیتی لە ساڵی (١٥٩٦ پ. ز) ڕوویدا، کە بە فەرمانی پاشا (مورشیلی یەکەم ١٦٢٠ - ١٥٩٠ پ. ز) هیتییەکان هێرشیان کردووەتە سەر دەوڵەتی بابل لە باشووری عێراقی ئێستا، لە ئەنجامدا هیتییەکان توانیان شاری بابلی پایتەختی دەوڵەتی بابل داگیر بکەن.
لە ساڵی (١٤٠٠ پ. ز) وڵاتی هیتییەکان گەشە و فراوانبوونی گەورەی بەخۆیەوە بینی و بووبووە ناوەندی هێز و ڕۆشنبیری و شارستانییەت لە ناوچەکەدا.
لە سەردەمانێکدا ئیمپراتۆری هیتی بەهۆی زاڵبوون و شکست پێهێنان بە دەسەڵاتی میتانییەکان توانی بگاتە لووتکەی هێز و دەسەڵات، بۆیە بەمە ڕازی نەبوون و پاش داگیرکردنی وڵاتی میتانییەکان، هێرشیان کردە سەر وڵاتی سوریا و دواتریش ئیسرائیل و توانی بەشێکی زۆر لەم خاکە داگیر بکات.
پاشان سوپای هیتی بە فەرماندەیی پاشا (مواتالیسی دووەم ١٣١٥ - ١٢٧٢ پ. ز) هێرشیان کردە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری میسری کۆن، لە ئەنجامی ئەم هێرشەدا شەڕێک لە نێوان سوپای هیتی و سوپای میسر بە فەرماندەیی فیرعەون

(ڕەمسیسی یەکەم ١٣٠٨-١٢٩٠ پ. ز) ڕوو دەدات، کە لە مێژوودا بە ناوی شەڕی (قادشی یەکەم) بە ناوبانگە.

لە شەڕی قادشی یەکەم سوپای هیتی لە بەرانبەر سوپای میسر تووشی شکست دەبێت و لە ناوچەکە دەکشێتەوە، بەڵام دووبارە لە ساڵی (١٢٧٤ پ. ز) سوپای هیتی بە ٥٠ هەزار سەربازەوە هێرش دەکاتە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری میسر و لە نزیک ڕووباری (عاسی) نزیک شاری قادش کە دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای شاری (حەمس)ی ئێستا لە سوریا، جەنگ بەرپا دەبێت و کۆتاییەکەی بە نووسین و واژووکردنی ڕێککەوتننامەیەک دەبێت لە نێوان هەردوولا، کە بەپێی ئەم ڕێککەوتننامەیە سنووری هەردوولا دیاری دەکرێت.

## کۆتاییهاتنی دەسەڵاتداریی هیتییەکان

لە پاش شەڕی قادش دەسەڵاتی هیتییەکان بە هۆی کۆمەڵێک کێشەی ناوخۆییەوە بەرەو لاوازی دەچوو، تا لە سەدەی هەشتی پێش زایین لەلایەن دەوڵەتی ئاشووری و هەردوو شارنشینی (تراکی و فریجی) هێرشی کرایە سەر و بە یەکجاری ڕووخاندیان.

**ئەو سێ دەوڵەتەی هیتی دایانمەزراند:**
١- دەوڵەتی یەکەمی هیتی (١٦٥٠ - ١٤٩٠ پ. ز).
٢- دەوڵەتی دووەمی هیتی (١٤٩٠ - ١١٩٠ پ. ز).
٣- دەوڵەتی سێیەمی هیتی (١١٩٠ - ٧٠٠ پ. ز).

**ناوی پاشاکانی سەردەمی دەوڵەتی هیتی:**
١- پامپا
٢- پیثانا
٣- پییوسی
٤- ئانیتتا
٥- توهادلییای یەکەم
٦- پوساررووما
٧- لابارنای یەکەم
٨- هاتووسیلیی یەکەم
٩- مووسیلیی یەکەم
١٠- هانیتلیی یەکەم
١١- زیدانتای یەکەم
١٢- ئاممونا
١٣- هوززییای یەکەم
١٤- تیلیپپینکۆ
١٥- ئاللووامنا
١٦- هانیتلیی دووەم
١٧- توهوروایلیی
١٨- هوززییای دووەم
١٩- زیدانتای دووەم

٢٠- مرواتاللی یەکەم/ مرواتالیسی یەکەم
٢١- توهادلییای دووەم
٢٢- ئارنوواندای یەکەم
٢٣- هاتووسیلیی دووەم
٢٤- توهادلییای سێیەم
٢٥- توهادلییای چوارەم
٢٦- شووپیڵۆلیوومای یەکەم
٢٧- تلیبینو/ ئارنوواندای دووەم
٢٨- مووسیلیی دووەم
٢٩- مووسیلیی سێیەم
٣٠- هاتووسیلیی سێیەم
٣١- توهادلییای پێنجەم
٣٢- کوروتنا
٣٣- ئارنوواندای سێیەم
٣٤- شووپیڵۆلیوومای دووەم
٣٥- ئیختا
٣٦- باتتوتیششۆ
٣٧- تووتخالیای یەکەم
٣٨- تووتخالیای دووەم
٣٩- ئارلووفەندای یەکەم
٤٠- تووتخالیای سێیەم
٤١- لەگەڵ چەندانی تر کە بوون بە پادشای ئیمپراتۆریەتی هیتی (حیس)یەکان تا سەدەی هەشتەمی پێش زایین.




نەخشەی فەرمانڕەوایی هیتییەکان

## ئیلامییەکان

ئیلامییەکان کۆمەڵێک خەڵکی هیندوئەورووپی بوون کە بۆ ناوچەکانی باشوور کۆچیان کردبوو و دواتر لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران، نیشتەجێ بوون.

وشەی ئیلام یەکەم جار لەلایەن ئەکەدییەکانەوە وەک (ئیلام - تو) بەکارهاتووە، بەڵام لە کتێبی پیرۆزی تەورات بە (عیلام) هاتووە، ئیلامییەکان خۆشیان بە وڵاتەکەیان گوتووە (هەلتەمتی) واتا (سەرزەمینی خودا).

بە گوتەی مێژوناسە ئێرانییەکان، ناوی هەردوو شاری ئیلام و خوزستان ڕیشەکەیان لەناو و وشەی ئیلامەوە سەرچاوەی گرتووە. سەبارەت بە وشەی خوزستان، لە وشەی (uvja) هاتووە کە ئەمیش لە بەردە نووسراوەکانی (نەخشی ڕۆستەم، تەختی جەمشید و شوش/ سوسە) بە واتای ناوی ئیلام هاتووە.

## دەسەڵاتداری ئیلامییەکان

ئیلامییەکان لە سەرەتای چەرخی پێش ئیلام، تا کۆتایی سەردەمی ئیلامی نوێ، واتا نزیکەی ٢٦٦١ ساڵ لە باشووری ڕۆژئاوای ئێران ژیاون و فەرمانڕەواییان کردووە و لە پاش ڕووخانی

دەسـەڵاتیان و بێهێزبوونیـان هـەر لـەو ناوچەیـە ماونەتـەوە. لـە سـاڵی (٢٧٠٠ پ. ز) یەکـەم شانشـینی ئیلامی لە شـاری (شوشـە/ سوسـە) کە وەک پایتەختی ئیلامییـەکان نـاوی هاتـووە، دامـەزرا.

ئـەوان بـە بەردەوامـی لەگـەڵ دراوسـێکانیان لـە ڕۆژئـاوا (بابلـی و ئاشـورییەکان) دووچـاری ململانێ و کێشـە دەبـوون و هەندێجاریـش کێشـەکان دەگەیشـتنە شـەڕ.

سـەردەمی دەسەڵاتداری ئیلامییەکان لەلایەن مێژوونووسە ئێرانییەکانـەوە بۆ چـوار قۆنـاغ دابەش کراون:

١- نیا ئیلامی
٢- ئیلامی کۆن
٣- ئیلامی ناوەند
٤- ئیلامی نوێ.

## هونەر لای ئیلامییەکان

ئیلامییـەکان لـە ڕووی هونـەرەوە زیاتر بایەخیـان بە نەخشـاندنی گڵێنـە و دروسـتکردنی نەخشـی شـێوازی ئەندازەیی و نەخشـاندنی وێنـەی ئـاژەڵ لەسـەر قـاپ و گڵێنـە داوە، بەڵگـەش بـۆ ئەمـە دۆزینـەوەی کۆمەڵێـک قاپـی گڵێنـە و گۆزەیـە کـە لـە پاشـماوەکانی شـاری (سوسـە) دۆزراونەتـەوە.

سـەردەمی ئیلامییـەکان بـە سـەردەمی دۆزینـەوە و

بەکارهێنانی برۆنز دادەنرێت و کۆمەڵێک پارچەی شوێنەواریی بەنرخ کە زیاتر کەلوپەلی سەربازیین ماونەتەوە و لە مۆزەخانەی شارستانی هەولێر، پارێزراون.

## ئایین لە ئیلامی کۆن

ئەوانیش هەروەک گەلانی تری ئەو سەردەمە بڕوایان بە فرەخواوەندی هەبووە و پانتیۆنیان هەبووە، لە گرنگترین خواوەندەکانیان دەتوانین ئاماژە بە خواوەندەکانی (شالا، ئانشو، شیناک) بکەین کە بۆ هەریەک لەمانە پەرستگای گەورەیان درووستکردووە و داوونەریتی تایبەت بە خۆیانیان هەبووە. خواوەندی (ئینشوشینک) یەکێک بووە لە گەورەترین خواوەندەکانی ئیلام، کە خوای پارێزەری شار بوو. ئیلامییەکان لەژێر کاریگەری ئایینی خەڵکی سۆمەریدا بڕوایان بە دوارۆژ و سزا و پاداشتی ئەو دنیا هەبووە.

یەکێک لە گرنگترین و بەرچاوترین شوێنەواری بەجێماوی سەردەمی دەسەڵاتداری ئیلامییەکان، شوێنەواری زیقورات (چەغازەنبیل)ـە کە بە گوتەی پسپۆڕانی مێژوو و شوێنەوار، ئەم شوێنەوارە بەجێماوە لە شاری (دوراونتاش)ـە لە نزیک سوسە لە پارێزگای خوزستانی ئێران، کە لەلایەن پاشا (ئۆنتاش گال ١٢٥٠ پ. ز) درووستکراوە.




نەخشەی فەرمانڕەوایی ئیلامییەکان

## سیکیثەکان

سـیکیثەکان، کۆمەڵـە گەلێک بـوون کـە لـە نیـوەی یەکەمـی هـەزارەی یەکەمـی پێش زاییـن لـە دۆڵەکانـی قەوقـازەوە بـەرەو ناوچەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ئاسـیای بچـووک واتـا (کوردسـتانی تورکیـای ئەمڕۆ) کۆچیـان کـرد و لـە پـاش گەیشـتنیان بـەو ناوچانـە، بـوون بـە دوو کۆمـەڵ:

**کۆمەڵەی یەکەم:** ڕوویـان لـە باشـووری قەوقاز کـرد و لـە دەوروبـەری دەریاچـەی (ورمـێ) نیشـتەجێ بـوون و بـەرە بـەرە تێکـەڵ بـە دەسـەڵاتی میدییـەکان بـوون.

ئەمـان پـاش ئـەوەی لـە ناوچەکـەدا بڵاوبوونەتـەوە، خۆیـان دەگەیەنن بـە (هەگمەتانـە)ی پایتەختـی دەوڵەتـی میدیـا و لـە ناوچەکانـی سـنووری دەوڵەتـیماننـا نێشـتەجی دەبـن و دواتـر توانیان لـە ناوچەکانی موکریان و ئازەربایجانی ئێرانـی ئێسـتا فەرمانڕەواییەکـی بچووک وەک میرنشـین دابمەزرێنن، بـەڵام بـەوە ڕازی نەبـوون و هەوڵـی زیادەڕۆیـی و پێشـڤەچوونیان دا، تـا گەیشـتنە ناوچەکانـی کەرکـووک و هەولێـری ئێسـتا، ئیتـر تـا سـەدەکانی دووەم و سـێیەمی پێش زاییـن فەرمانڕەوایـی ئـەم ناوچانەیـان کـردووە.

سـیکیثەکان بـە بنیادنـەری شـاری (سـەقز) دادەنرێن کـە دەکەوێتـە پارێزگای کوردسـتانی ئێـران و شـارێکی ناسـراوی کوردسـتانە.

**کۆمەڵەی دووەم:** ئەمان بەردەوام بوون لە کۆچ و بەرەو ناوچەکانی ئەنادۆڵ ڕۆیشتن.
خەڵکی سیکیثی بە ئازایەتی و شەڕکەری باش و چاونەترس ناسرابوون و لە کاتی جەنگ جیاوازیان نەدەخستە ناو ڕەگەزەکان، ژن و پیاو بەیەکەوە بەشداری شەڕیان دەکرد.
ئەوان ئامێر و کەلوپەلی سەربازیی پێشکەوتووی ئەو سەردەمە وەک ڕم و تیر و قەڵغانیان لە ئاسن دروستکردووە و لە شەڕدا بەکاریان هێناون، ڕەشەوڵاخ و عارەبانەی جەنگی بەشێکی سەرەکی پێداویستی شەڕەکانیان بووە.
سیکیثەکان لە کاتی شەڕ سوپاکەیان دەکرد بە سێ بەش و هەر بەشێک فەرماندەی خۆی هەبوو، بۆ هێرشکردنیش تەکتیکی سەربازی (پەلامار و کشانەوە)یان پێڕەو کردووە.

## ئایین

سیکیثەکان زیاتر دیاردە سروشتییەکانیان پەرستووە و ساڵانە ڕێوڕەسمی تایبەتیان هەبووە بۆ قوربانیکردن و بردنی دیاری بۆ پەرستگا و خواوەندەکان.
یەکێک لە بیروباوەڕە سەرەکییەکانی سیکیثەکان کە دکتۆر (کەیوان ئازاد) لە یەکێک لە کتێبەکانی بە ناوی (چەردەیەک لە مێژووی کورد) بە تێروتەسەلی باسی دەکات (ناشتنی تەرمی مردووە). ئەو

دەنووسێ: سەبارەت بە مردن باوەڕیان وا بووە کە پێویستە لاشەی مردوو دوای ٤٠ ڕۆژ بنێژرێت و لەو ماوەیەشدا جەستەکە بە بۆنی جۆراوجۆر ئاوپرژێن دەکرا بۆ ئەوەی بۆن نەکات، هەر لەو ماوەیەشدا هەمووان کۆدەبوونەوە بۆ بەشداری ڕێوڕەسمی ناشتنی مردووەکە، دواتر لاشەکە دەخرایە سەر عەرەبانەیەک و لە چەند ناوچەیەکی خۆیان دەگێڕا. دوای ئەم ڕێوشوێنانە، مردووەکە شۆڕ دەکرایەوە ناو گۆڕێکی چوارگۆشەی گەورە و هەموو کەلوپەل و پێداویستییەکانی لەگەڵدا دەخرانە ناو گۆڕەوە.

## کولتووری جلوبەرگ لای سیکیث

پیاو بەدلەیەکی درێژیان لە بەر دەکرد کە لە ناوقەدەوە بە پشتوێنێک بەسترابوو، کڵاوێکی خڕی شێوە لوولەیی هەرمێییان لەسەر دەنا لەگەڵ پێڵاوێکی پۆستاڵئاسای ئەمڕۆ، ژنیش ڕۆبی درێژیان لە بەر دەکرد و زۆر جار بە پارچە ئاڵتوونێک خۆیان دەرازاندەوە.




نەخشەی فەرمانڕەوایی سیکیثەکان

## بەشی چوارەم

## دەوڵەتی ماد

### ئیمپراتۆریەتی میدیا، چەتری پاراستنی کورد و یەکخستنەوەی هەرچوار پارچەی کوردستان.

(میدیا) ئیمپراتۆریەتی باپیرانی کوردە لە نزیکەی (٧٠٠ ساڵ پێش زایین)، هۆزەکانی کورد لە نێوان خۆیان یەکگرتنیان ڕاگەیاند و بە گەورەترین و بەهێزترین ئیمپراتوریەتی کورد لەو سەردەمەدا دادەنرێن، کە بۆ یەکەمجار لە مێژوودا پاشایەکی میدی توانی هەر چوار پارچەی کوردستان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و بۆ ماوەیەکی درێژ فەرمانڕەوایی بکات.

میدییەکان کۆمەڵە هۆزێکی کوردبوون لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێبوون، دراوسێی مانناییی و ئورارتوییەکان بوون، ناوی میدییەکان بۆ یەکەمجار لە (٨٣٥ پ. ز) لە سەردەمی (شەلمانسەری سێیەم پاشای ئاشووری ٨٥٨ تا ٨٢٤ پ. ز) ناویان لە ساڵنامەکاندا ئاماژەی پێ کراوە.

جیۆگرافیای ئیمپراتۆریەتی ماد لە بەشی باکووری ڕۆژئاوای ئێرانی کۆن هەڵکەوتووە، سنووری ئەم ئیمپراتۆریەتە لە دوای سەردەمی پاشا (کەیخوسرەو)، واتا پاش ساڵی (٦١٢ پ. ز) لە ڕۆژهەڵاتەوە لە

ڕووبـاری (جیحـون) دەسـتپێدەکات، لـە باکـورەوە ڕووباری ئـاراس، لـە باشـوورەوە کەنداو و لە ڕۆژئاوا ڕووبـاری (هالیس یـان قـزڵ ئیرمـاق)ی ئێسـتا بـووە.

بـە گشـتی مێژوونووسـان ڕووبـەری ئیمپراتۆرییەکە بـە ٣,١ ملیـۆن کیلۆمەتری چوارگۆشـە دەخەمڵێنن.

(ئیقرار عەلییێڤ) مێژوونووسـی سـەردەمی سۆڤیەت، لـەو بڕوایەدایـە کـە جیۆگرافیـای مـاد بەسـەر دوو بەشـی شـاخاوی و بیابانـدا دابـەش دەکرێـت، بەشـی شـاخاوی مەبەسـت ئـەو ناوچانەیـە کـە کەوتوونەتـە سێگۆشـەی زنجیـرە چیـای زاگـرۆس و مەبەسـت لـە بەشـی بیابانیش ناوچەکانی ناوەندی ئێرانن، تەنانەت گوتـراوە، هەندێـک لـەم بیابانانـە بـە خـوێ، یـان لمـی سـوور داپۆشـراون.

زۆرجـار ناوچـەی مـاد دەکەوێتـە بـەر هێرشـی ئاشـوورییەکان، بۆیە بۆ ڕووبەڕووبوونـەوە لەگەڵیان سـەرۆک هۆزەکانـی مـاد بڕیاریـان دا یەکگرتـن لـە نێوان خۆیـان ڕابگەیەنن و بەرپەرچـی هـەر هەڕەشـە و هێرشـێکی ئاشـوورییەکان بدەنـەوە.

بـە گوتـەی هیـرۆدۆت، شـەش هـۆزی سـەرەکی ڕۆڵیـان هەبـووە لـە یەکگرتنـی مـادەکان، کـە بریتیـن لـە هـۆزی (بوسـای، پارێتـا کێنـۆی، سـترەخاتیس، ئاریزانتـۆی، بودیـۆی و ماغـوی)، گـەورە پیاوانـی ئـەو شـەش هـۆزە کۆبوونەتـەوە و بڕیاریـان داوە (دیاکـۆ) وەک فەرمانڕەوا و پاشـای خۆیـان هەڵبژێرن و گوندی (هەگمەتانە)یـان کـرد بـە پایتەختـی خۆیـان.

## هەگمەتانە

ئەم شوێنە لە سەدەی هەشتەمی پێش زایین وەک پایتەخت هەڵبژێردرا، لە سەرەتادا گوندێکی سادە بوو، دواتر دیاکۆ ئاوەدانی کردەوە. بە گوتەی باوکی مێژوو (هیرۆدۆت) ئەم شارە کومەڵگەی شاهانەی میدییەکان بوو و لە کۆمەڵێک کۆشک و گەنجینە و شوێنی سەربازی پێکهاتبوو، کە لە بەرزاییەک دروستکرابوون، لە دەوروبەرەکەشی حەوت ڕیز دیواری بەرز هەڵچنرا، بەشێوەیەک هەر دیوارێک لە دیوارەکەی پێش خۆی حەوت ڕیز بەرزتر بوو.

یۆنانییەکان بەم شارەیان وتووە (ئەکبەتان)، واتا شوێنی هەمووان. لە ڕووی سیستمی ئاودێرییەوە شارێکی فراوان و پێشکەوتوو بووە، لە پشکنینە شوێنەوارییەکاندا دەرکەوتووە کۆڵانەکانی ئەم شارە بە خشت داپۆشراون و دیواری خانووەکان لە خشتی سوورکراوە دروستکراون.

لە ساڵی ١٩١٣ لەلایەن تیمێکی فرەنسایی کە لە مۆزەخانەی لۆڤەرەوە هاتبوون، بە سەرپەرشتی (شارل فوسی) کاری کنە و پشکنین بۆ شارەکە کراوە، بەڵام هێشتا ئەنجامەکەی ڕانەگەیەنراوە.

## ئابووری

(ڕێـی ئاوریشـم) کـە ڕێیەکـی گـەورەی بازرگانـی بووە و بە شادەماری ئاڵوگۆڕی بازرگانی ناسراوە، ئاسیای ناوەڕاستی بە ناوچەکانی قەوقاز و ڕۆژئاوا و وڵاتانی ناوچەکە دەبەستەوە. ئەم شاڕێیە بەناو ئیمپراتۆریەتی ماددا تێپەڕیوە و کاریگەریی گەورەی ئابووری و بازرگانی بۆ ئیمپراتۆریەتی ماد هەبووە، چونکە ناوەندێکی ستراتیجیی بووە بۆ کڕین و فرۆشتنی کەلوپەل و کەرەستە، بۆیە ناوچەی میدیا لە ڕووی ئابوورییەوە بە ناوچەیەکی گرنگ دادەنرا.

سەبارەت بە کار و چالاکی خەڵکی ماد، ئەوان بە دوو کاری سەرەکی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری خەریک بوون، کشتوکاڵ لە سەردەمی ماد بەهۆی بەپیتیی خاک و فراوانی جیۆگرافیاکەیەوە گەشەی کردووە و ئاودێری بە دوو شێوازی سروشتی و کارێز کراوە.

لە ڕووی ئاژەڵداریشەوە میدییەکان زۆر گرنگییان بە بەخێوکردنی ئەسپ داوە و لە پەروەردەکردنی ئەسپدا دەستێکی باڵایان هەبووە. جیا لە ئەسپ، خەریکی بەخێوکردنی مەڕ و بزن و حوشتریش بوون.

ئاژەڵداری لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ماد بەشێوەی کۆچەری و لە بەشی ڕۆژئاواش بەشێوەی نیشتەجێبوون، یان نیمچە نیشتەجێبوون کراوە.

ئیمپراتۆریەتی ماد خاوەن خاکێکی پڕ خێروبێر بووە، تەنانەت لەو ناوچانەی کە بەهۆی سەختی خاکەکەیەوە نەیانتوانیوە کشتوکاڵ بکەن، خەریکی دۆزینەوە و دەرهێنانی زێڕ و زیو و مەڕمەڕ و گرانێت بوون. لە ڕووی پیشەگەریشەوە ئاسنگەری و بەردتاشین کارێکی گرنگیان بووە، بۆیە پاش ماوەیەکی کەم ئیمپراتۆریەتی ماد گەیشتە ئاستێکی بەرزی دارایی و خەڵکەکەش بژێویان باش بووە.

## خەت و نووسین

بەپێی بەڵگەکان، دانیشتووانی ناوچەکانی نزیک دەریاچەی ورمێ شێوازی خەت و نووسینی تایبەتی خۆیان هەبووە، ئەم خەتە جۆرێک بووە لە خەتی بزماری، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێ ناوچەی تر جۆرێک لە خەتی هیرۆگلیفی بەکار هاتووە، بەڵام لەبارەی دانیشتووانی ناوەندی مادەکانەوە، هیچ سەرچاوەیەک نییە ڕاستەوخۆ بیسەلمێنێت مادەکان خەت و نووسینی تایبەتی خۆیان هەبووە، تەنیا کۆمەڵێک لە مێژوونووسان لەو بڕوایەدان کە ئەو خەتەی ئێستا بە (خەتی هەخامەنشی) دەناسرێت، لە بنەڕەتدا خەتی ئیمپراتۆریەتی میدیایە.

## شارستانیەت

بەهۆی فراوانی خاکی ئیمپراتۆری میدیا و هەبوونی جۆرەها خێڵ و عەشیرەتی جیاواز، دەکرا هەریەکەیان لە بواری هونەر و شارستانیەت دەستێکی باڵای هەبێت، بۆیە بەگوێرەی سەرچاوەکان و دۆزینەوە شوێنەوارییەکان و شارستانیەتی پێشوو، لەو سەردەمەدا ئیمپراتۆریەتی میدیا لە ئاستێکی بەرزدا بووە و تەنانەت کاریگەریشی لەسەر دەوڵەتەکانی دراوسێی هەبووە.

سەرچاوە فارسییەکان ئاماژە بە کاریگەریی مادەکان لەسەر فارسە ئەخمینییەکان دەکەن لە بوارە جیاوازەکانی وەک بەکارهێنانی پێستی ئاژەڵ و قەڵەم لە جیاتی نووسین لەسەر خشت، هەروەها کاریگەریی میدییەکان لە ڕووی بیناسازییەوە بابەتێکی حاشاهەڵنەگرە، تەنانەت لە یەکێک لە دەقە مێخییە بەجێماوەکان لە شوێنەواری (پرسپۆلیس) باسی ئەم بابەتە کراوە.

لە سەردەمی دەسەڵاتداری میدییەکان، بواری پۆستە و گەیاندن گەشە و گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینیوە، ئەوان بۆ شەڕەکانیان گالیسکەی جەنگی و شمشێری کەوانەییان بەکار هێناوە، کە لەو سەردەمەدا داهێنانێکی نوێ بووە.

## جلوبەرگ و پۆشاک

لە شوێنەوارە بەجێماوەکانی سەردەمی میدییەکان و پارس دەردەکەوێ کە پیاو یان سەربازانی میدی شێوازی جلوبەرگیان جیاوازە.

پیاوی میدی کراسی گەورە و شۆڕ (ساراپیس) کە قۆڵێکی درێژی هەبووە لەگەڵ پانتۆڵێکی فش کە لە ڕاستیدا هاوشێوەی تەنوورەی ئێستە بووە و لە ناوەڕاستەوە بە پارچە قوماشێک کۆکراوەتەوە و لەبەر کراوە، ئەوان پشتوێنیشیان لەسەر کەمەر بەستووە، کە هەندێ جار بە پارچە زێڕێک کە نەخشی تایبەتی لەسەر بووە نەخشێنراوە. باڵاپۆش، یان چاکەتێکی دروستکراو لە پێستی ئاژەڵ و کڵاوێک بە شێوازی نیوبازنەیی تەواوکەری پۆشاکیان بووە. بەگشتیی پیاو، یان سەربازی میدی بە هەڵگرتنی خەنجەرێک کە بە پێشتوێنەکەی بەستراوەتەوە دەناسرێنەوە.

## ئایین

ئایینی سەرەکی میدییەکان مەزدایی بووە، مەزدایی یەکێک بووە لە کۆنترین ئایینەکانی ئەو سەردەمە، کە لەلایەن پیاوانی ئایینی بەناوی (موغ) پارێزراوە و گواستراوەتەوە سەردەمی مید. ناوی موغ لە هۆزی میدی (ماغویی)ـەوە هاتووە کە یەکێک لە شەش

خێڵە سەرەکییەکانی دامەزرێنەری میدیا بوون.
لە ساڵی (٦٦٠ تا ٥٨٣ پ. ز) زەردەشت لە ناوچەی هەورامان کە دەکەوێتە ناو جیۆگرافیای دەوڵەتی ماد، لەدایک بووە.
زەردەشت لە تەمەنی ٤٠ ساڵی بانگەشەی پەیامهێنی کرد و هەوڵی دا خەڵک بەرەو تاکخواوەندی، یان یەکتاپەرستی هان بدات، پاش ئەو هەوڵانە زەردەشت ڕووی کردە دەسەڵاتداران و گەورەپیاوانی ئیمپراتۆریەتی ماد، بەڵام بەهۆی نوێیی پەیام و ئایینەکەی و خوگرتنی میدییەکان بە ئایینی مەزدایی، ئەم ئایینە تازەیە لەلایەن میدییەکانەوە پەسند نەکراوە، تەنانەت دژایەتیشیان دەکرد، بۆیە زەردەشت بەرەو ناوچەی (باکتریا یان بەختریا) ڕۆیشت و پاشان لەلایەن پارسەکانەوە پێشوازی لێکرا.

## پاشاکانی میدیا
## دیاکۆ، یەکەم پاشا و دامەزرێنەری دەوڵەتی میدیا

دیاکۆ کە لە سەرچاوەکاندا بە ناوی جیاواز هاتووە، هێرۆدۆت ناوی بە (دیوکس) دەبات، لە سەرچاوە ئاشوورییەکان بە Da_a_a_uk هاتووە و لە ئیلامی بە Da_a_ya_uk هاتووە و ماوەی ٥٣ ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە.
دیاکۆ پلانی درووستکردنی دەوڵەتی یەکگرتووی میدییەکانی هەبوو، بۆیە هەوڵی دا لە گوندەکەی خۆیەوە دەستپێبکات و لە نێوان خەڵکدا دادپەروەریی

پێڕەو بکات، پاش ماوەیەک ناوبانگی پەیدا کرد و لەلایەن خەڵکی دەوروبەریشەوە وەک گەورە، یان دادوەری بێلایەن هەڵبژێردرا.

دواتر لەژێر فشاری خەڵک و قورسیی کارەکەی، دیاکۆ وازی لە بەرپرسیارێتی هێنا. لەگەڵ ئەم ڕووداوە، ئەو ناوچانەی خەڵکی مادی لێ نیشتەجێ بوون، تووشی تالان و کوشتار و کێشەی زۆر بوون، لەبەرئەوە سەرۆک هۆزەکانی میدیا داوایان لە دیاکۆ کرد، ببێتە گەورە و پاشای هەمووان، ئەویش قبووڵی کرد و ئەکباتانی (کە ئەوکاتە ئاواییەکی بچووک بوو) کردە ناوەندی فەرمانڕەوایی و پایتەختەکەی.

دیاکۆ هەردەم لە هەوڵی بەهێزکردنەوەی سوپا و فراوانکردنی ڕووبەری دەسەڵاتەکەیدا بووە، بۆیە سارگۆنی دووەم پاشای ئاشووری (لە ساڵی ٧١٥ پ. ز) بۆی دەرکەوت دیاکۆ لەگەڵ ڕۆسای پاشای ئورارتو هاوپەیمانێتییان درووستکردووە، بۆیە هێرشی کردە سەر میدییەکان و شەڕی هەڵگیرساند، توانی دیاکۆ و خێزانەکەی بە دیل بگرێت و بۆ شاری (حەما) دووریان بخاتەوە.

## فەروەرتیش

فەروەرتیش یان فراوەرتیس، دووەم پاشای مادەکان بوو و لە نێوان ساڵەکانی (٦٥٥ تا ٦٣٣ پ. ز) فەرمانڕەوایی

گرتـە دەسـت، لەگـەڵ هاتنـە سـەرتەختی فەروەرتیـش، سـکاییەکان و پارسـەکان فەرمانڕەواییـان دەکـرد، ئـەو کـە هـەردەم لـە بیـری فراوانکردنـەوەی دەسـەڵاتەکەیدا بـوو، هێرشـی کـردە سـەر پارسـەکان و توانـی سـەنتەری فەرمانڕەواییەکەیـان بخاتـە ژێردەسـتی خـۆی. دواتـر دەسـتی کـرد بـە کۆکردنـەوەی سـوپایەکی گـەورە و بـەرەو نەینـەوای پایتەختـی ئاشـوورییەکان بـەڕێ کـەوت، بـەڵام پێـش گەیشـتنی سـوپاکەی فەروەرتیـش هـەواڵ گەیشـتە ئاشـوورییەکان، بۆیـە ئـەوان زووتـر هێرشـیان کـردە سـەر میدییـەکان. لـە لایەکـی تریشـەوە سکاییەکان کـە لـە نزیـک دەریاچـەی ورمـێ دەژیـان و هاوپەیمانـی ئاشـوورییەکان بـوون، دەسـتیان کـرد بـە ئامادەکردنـی سـوپایەکی بەهێـز و هێرشـیان بـردە سـەر میدییـەکان بـۆ پشـتیوانی ئاشـوورییەکان، کەواتـە میدییـەکان کەوتبوونـە نـاو گەمـارۆی سـکایی و ئاشـووری.

لـە یەکێـک لـەم شـەڕە قورسـانەدا لـە سـاڵی (٦٣٣ پ. ز) فەروەرتیـش کـوژرا و دەوڵەتـی میدیـا ئیتـر بێهێـز بـوو، سکاییەکان ئەم دەرفەتەیان قۆستەوە و کەوتنە تاڵانکردنی پایتەختەکـەی.

## کەیخوسرەوی بنیادنەر

ئیمپراتۆریەتـی میدیـا لـە فەرمانڕەوایەتـی ئێـران و باکـووری عێـراق (هەرێمـی کوردسـتانی ئێسـتا) و تـەواوی تورکیـا و سـووریا و تـا یۆنانیـش درێـژەی

هەبـووە و لـە سـەردەمی پاشـا کەیخوسـرەو تـەواو فـراوان بـووە، کەیخوسـرەو بـە یەکخسـتنەوەی هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان نـاوی بـە زێـڕ لـە مێژوودا تۆمـار کـراوە.

## کەیخوسرەو

لـە سـەرچاوە یۆنانییـەکان نـاوی بـە (کیاکسـار) و لـە فارسـی بـە (هوخشـترە) هاتـووە، کـوڕی دیاکـۆی دامەزرێنـەری دەوڵەتـی مـاد و سـێیەم پاشـای میدییەکانە، لە ساڵی (٦٢٥ - ٥٨٥ پ. ز) فەرمانڕەوایی کـردووە و یەکێـک بـووە لـە بەهێزتریـن پاشـاکانی میدیا، لە سـەردەمی ئـەودا کورد لەوپەڕی بەهێزی و شکۆمەندی خۆیدا بووە و بۆ یەکەمجار لە مێژووی کـورددا کەیخوسـرەو توانـی خاکـی هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان ئـازاد بکات و بیانخاتـەوە سـەر دەوڵەتەکـەی.

هیـرۆدۆت لـە کتێبەکـەی بـە نـاوی (هیسـتۆریا) کـە نزیکـەی ٥٠٠ سـاڵ پێـش زاییـن نووسـیویەتی و سـەردەمەکەی زۆر نزیکـە لەگـەڵ سـەردەمی میدییـەکان، ئامـاژەی بـەوە داوە، (دوای ئـەوەی باوکـی کەیخوسـرەو لەلایـەن ئاشـوورییەکانەوە دەکوژرێـت، کوڕەکـەی جێـی دەگرێتـەوە و هـەر زوو توانـی سـوپایەکی بەهێـز پێکـەوە بنێـت و هەمـوو خاکـی ئێرانـی ئێسـتا بخاتـە ژێـر دەسـەڵاتی خـۆی، دوای

ئەوە بڕیار دەدات هەموو ئەو خاکە ڕزگار بکات کە ئاشوورییەکان دەستیان بەسەردا گرتووە، بۆیە بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی گەورەترین دەوڵەتی ئەوکات (ئاشوورییەکان)، ڕوو دەکاتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئاشووری و لە ساڵی ٦١٦ پێش زایین، سوپای میدییەکان توانی شاری (ئەراپخا) ڕزگار بکەن و دواتر شاری (ئوربیلوم) پاشان شاری (تربیس) و لە پاش پەڕینەوە لە دیجلە، شاری (ئاشوور)ی پایتەختی ئاشوورییەکانیان داگیر کرد. لەوکاتەدا بابلییەکان بۆ هاوکاری و هاوپەیمانی میدییەکان هاتن و لەوێ ماد و بابل هاوپەیمانیان بەست.

لە ساڵی (٦١٢ پ. ز) سوپای میدییەکان و بابل هێرشیان کردە سەر نەینەوا و توانیان داگیری بکەن، لێرەدا بە یەکجاری کۆتایی بە دەسەڵاتی ئاشوورییەکان هات.

**هەوڵ و پلانڕێژی کەیخوسرەوی مەزن بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی ئاشوورییەکان، دەکرێ بە کورتی بەم شێوازە باس بکرێت:**

لەسەر کەیخوسرەو - کیاکسار، پێویست بوو دوژمنە دێرینەکەی کورد لەناو ببات و لەپێناو ئەو ئامانجە کەوتە داڕشتنی پلانێکی ورد، سەرەتا توانی ئەو ناوچانەی ئاشوورییەکان داگیریان کردبوو ڕزگار بکات و دواتر کەیخوسرەو بە هاوکاری سوپای ماد کە نزیکەی ٤٥٠ هەزار سەرباز

دەبوون، لەگەڵ نزیکەی ٥٠ هەزار سەربازی سوپای کلدانییەکانی بابل بە فەرماندەیی (نەبوو پۆلاسەر) لە (٦٢٦ – ٦٠٥ پ. ز) هێرشیان کردە سەر وڵاتی ئاشوور، ئەوەبوو یەک لە دوای یەک ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئاشوورییان گرت، هەروەها لە ساڵی (٦١٤ پ. ز) توانی شاری نەینەوای پایتەخت گەمارۆ بدات، گەمارۆکە نزیکەی دوو ساڵی خایاند تا ساڵی (٦١٢ پ. ز).

لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا سەربازەکانی ماد بەنداوێکیان لەسەر ڕووباری دیجلە ڕێک لە بەردەم دەروازەی شاری نەینەوا دروستکرد و دواتر بەنداوەکەیان شکاند، ئەوەبوو سوپای ماد بە سەرکردایەتی کەیخوسرەو چوونە ناو شاری نەینەوای پایتەختی دەوڵەتی ئاشوورییەکان، بەڵام پاشای ئاشوورییەکان سین شار ئیشکۆن (٦٢٥ – ٦١٢ پ. ز) بەخۆی و ژن و منداڵەکانییەوە، خۆیان خستە ناو چاڵێکی ئاگر کە پێشتر ئامادەی کردبوو بۆ ئەوەی بەدیل نەکەوێتە دەست پاشای میدییەکان.

هەر لەو کاتەدا، نزیکەی ١٠ هەزار سەربازی دەوڵەتی ئاشووری بە سەرکردایەتی (ئاشوور ئۆپالتی دووەم ٦١٢ - ٦١٠ پ. ز) کە سەد و حەڤدەیەمین و دوایین پاشای ئاشوورییەکان بوو، بەرەو شاری حەڕانی باکووری کوردستان هەڵاتن، بەڵام سوپای ماد بە سەرکردایەتیی کەیخوسرەو لە ساڵی (٦٢٥ – ٥٨٤ پ. ز) شاری حەڕانیشی

گەمارۆ دا، سەرئەنجام لە ساڵی (٦١٠ پ. ز) بۆ هەمیشە کۆتایی بە دەوڵەتی ئاشووریی هات.
لێرەوە دەوڵەتی ئورارتو لە باکووری کوردستان خرایە سەر ئیمپراتۆریەتی ماد، بەمەش تەواوی خاکی کوردستان لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتدا یەک خرا، ئەویش دەوڵەتی گەورەی ماد بوو.
لە پاش ئاشوورییەکان، کەیخوسرەو بڕیاری دا دەست بەسەر شانشینی دەوڵەمەندی (لیدیا)دا بگرێت، کە دەکەوێتە یۆنانی ئێستا، دوای چەندان شەڕ و گرتنی بەشێک لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی لیدی، بەهۆی خۆرگیرانێکەوە هەردوو سوپا لە ساڵی (٥٨٥ پ. ز) کۆتاییان بە شەڕ هێنا و ئەوەبوو شازادە (ئاریانیسی) کچی پاشا ئالیاتسی دووەم، لە (ئەژدەهاک)ی کوڕی پاشای ئیمپراتۆری ماد مارە کرا، هەروەها شازادە خاتوون (ئامیتیسی) کچی پاشای ئیمپراتۆریەتی ماد لە (نەبووخەزنەسری دووەم) (٦٠٥ – ٥٦٢ پ. ز) پاشای وڵاتی تازە دامەزراوی بابل مارە کرا، بۆ زیاتر بەهێزکردنی هاوپەیمانیەتی نێوانیان. بەم جۆرە هاوسەنگیی سیاسی و سەربازی لە ناوچەکە هاتە ئاراوە.
ماوەی دەسەڵاتی پاشا کەیخوسرەو بە قۆناغێکی زێڕینی ئیمپراتۆریەتی ماد دادەنرێت و دەسەڵاتی گەیشتە لووتکە و بووە زلهێزێکی جیهانی ئەو سەردەمە.
ساڵی مردنی کەیخوسرەو لە نێوان ٥٨٥ تا ٥٨٤

پێش زایینە و دیاکۆنۆفی مێژوونووس لەو بڕوایە دایە گۆڕی کەیخوسرەو لە شوێنەواری قزقاپانە لە پارێزگای سلێمانی.

## ئاستیاک

ناوی ئەم پاشایە لە سەرچاوە بابلییەکان بە (ئیختوویگو) و لە ئەکەدی بە (ئیشتوویگو) و بە عەرەبی (ضحاک) هاتووە.
ئاستیاک دوا پاشای میدییەکان بوو کە لە ( ٥٨٥ – ٥٥٠ پ. ز) فەرمانڕەوایی کردووە، لە هەندێ سەرچاوە ناوی ئاستیاک بە (ئەریشتڤاگا) هاتووە کە مانای تیرهاوێژ دەگەیەنێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو پاشایەک بوو کە لە سەرکردایەتیی سوپا و جەنگ بێزار بووە و زۆرتر مەیلی ڕابواردن و خوشگوزەرانی هەبووە، تا ئاستێک کە ویل دورانت ناوی لێ ناوە (ستەمکارە ژنانییەکەی ئەگبەتانا).
لە ماوەی ٣٥ ساڵ دەسەڵاتداریی خۆی، ئاستیاک هێرشی کردووەتە سەر ناوچەکانی قەوقاز و وڵاتی لیدیا، بەڵام لە شەڕ دژی لیدییەکان سەرکەوتوو نەبوو، ئاگربەستی دوو لایەنە ڕاگەیەنرا و ئاستیاک لەگەڵ کچی پاشای لیدیا هاوسەرگیریی کرد.
هەندێ لە سەرچاوەکان و پسپۆرانی شوێنەوار دەڵێن، لە ئەنجامی ئەو هاوسەرگیرییە کچێک بە ناوی (ماندانا) لە دایک بوو کە دواتر بوو بە

هاوسەری کامبیز، یان کەمبوجیە پاشای پارس و دایکی (کوروش) کە لە مێژووی ئێراندا بە کوروشی مەزن یاد دەکرێ.
ئاستیاک لە ماوەی دەسەڵاتدارییەکەی تووشی هەندێ هەڵە دەبێت، کە وا دەکات ئیمپراتۆری میدیا لە لووتکەوە بەرەو لەناوچوون بڕوات.
گەورەترین هەڵەی ئاستیاک ئەوەبوو بناغەی دەوڵەتی میدیا کە کۆدەنگی و دوورکەوتنەوە لە تاکڕەوی بوو، پشتگوێ خست و پێڕەوی هەمان بنەمای نەکرد، هەروەها ئەو هاوپەیمانێتییەی لەلایەن باوباپیرانی درووستکرا و پارێزرابوو، بایەخی پێ نەدا، تەنانەت هێرشی کردە سەر لیدییەکان کە سەردەمانێک هاوپەیمانی کەیخوسرەو بوون بۆ لەناوبردنی ئاشوورییەکان.
هەبوونی سەروەت و سامانێکی ئێجگار زۆر لەژێر دەستی ئاستیاک، وای لێ کردبوو بیر لە پێشخستنی بواری ئابووری و داهات نەکاتەوە، بەڵکوو خۆی و دارودەستەکانی ڕوویان کردە ڕابواردن و بە فیڕۆدانی سامانی گشتی، تا ئەو ئاستەی کاریگەریی کردە سەر خەڵک.
هاوکات لەگەڵ کەمتەرخەمیی ئاستیاک و بێئاگابوونی لە دۆخی خراپی خەڵکی ژێر دەسەڵاتی، لە وڵاتی پارس خەریکی ئاوەدانکردنەوەی وڵات و بەهێزکردنەوەی دەسەڵاتی خۆیان بوون، لە پاش کەمبودیە، (کوروشی) کوڕی کە بە (کاوەی ئاسنگەر) ناسراوە و کچەزای ئاستیاک بوو، دەگاتە دەسەڵات و لە ساڵی (٥٥٣ پ. ز)

کوروش بە هاوکاری یەکێک لە فەرماندەکانی سوپای میدی بە ناوی (هارپاک) بڕیاری شەڕکردن لە دژی دەسەڵاتی میدییەکان دەدات.

شەڕ لە نێوان هەردوولا لە هەمان ساڵ دەستی پێکرد، لەگەڵ ڕوودانی ئەم شەڕە پاشای بابل ڕووی لە شاری (حەڕان) کرد کە سەردەمانێک ئاستیاک لە ژێردەستی کلدانییەکان دەری هێنابوو، بابلییەکان توانییان دەست بەسەر شارەکەدا بگرن.

ئەنجامی ئەم شەڕە بە دۆڕانی ئاستیاک و دیلبوونی بە دەستی کوروش کۆتایی هات، کوروش بڕیاری دوورخستنەوەی ئاستیاکی بۆ ناوچەی (هیرکانیا) دەرکرد، کە دەکاتە باشووری دەریاچەی کاسپین.

لە کۆتاییدا وڵاتی میدیا کەوتە دەست پارسەکان، ئەوان بۆ تێکدانی ناو و کەسایەتی ئاستیاک، هەموو هەوڵی خۆیان دەدا تا ئەو ئاستەی چیرۆکێکیان دروستکرد و لەناو خەڵک بڵاویان کردەوە کە گوایە ئاستیاک پاشایەکی خوێنمژ و ستەمکار بووە و دوو مار لەسەر شانی هەبوون کە هەموو ڕۆژ گیانی دوو گەنجی دەرخواردی مارەکانی سەرشانی داوە. ئەم بابەتە زیاتر لە ئەفسانەکاندا هاتووە و دوورە لە ڕاستییەوە.

لە هەندێ لە سەرچاوەکان و لەلایەن کۆمەڵێک لە پسپۆڕانی مێژوو، باس لە خەونێک دەکرێ کە ئاستیاکی پاشای ماد بینیویەتی، هەر ئەم خەونەش بووە هۆی دروستبوونی ترس لە تێکچوون، یان کۆتایی پێهاتنی دەسەڵاتەکەی.

## (لێرە ئێمە تەنیا ئاماژە بە خەونەکە دەکەین)

## چیرۆکی خەونەکەی ئاستیاک

کاتێک ئاستیاک لە سەروبەندی ڕابواردن و بێئاگایی لە دەسەڵات بوو، لە وڵاتی پارس کەمبودیە سەرقاڵی بەهێزکردن و ڕێکخستنی سوپا بوو، خێزانی کەمبودیە کە دەکاتە کچی ئاستیاک، دووگیان بووە، ئاستیاک خەون دەبینێت کە لەسەر سکی کچەکەی دارێکی گەورە ڕوواوە و لقوپۆی سێبەری خستووەتە سەر چواردەوری.

ڕۆژی دواتر ئاستیاک ئەم خەونە بۆ دارودەستەکەی دەگێڕێتەوە، ئەوان وا لێکی دەدەنەوە لە کچی ئاستیاک منداڵێک لە دایک دەبێت و دەبێتە دەسەڵاتدارێکی گەورە، تەنانەت مەترسی بۆ دەسەڵاتەکەی باپیریشی (ئاستیاک) دەبێت، بۆیە لە پاش ئەم خەونەوە ترسێک لای پاشای میدیا دروست دەبێت و هەوڵی کوشتن و لەناوبردنی ئەو منداڵە دەدات، بۆیە بابەتەکە لای یەکێک لە گەورە وەزیرەکانی بەناوی (هارپاک) باس دەکات و داوای لێ دەکات پاش لەدایکبوونی کچەزاکەی یەکسەر بیکوژێت.

هارپاک ئەرکی جێبەجێکردنی ئەم کارە بە یەکێک لە ژێردەستەکانی دەسپێرێت کە ناوی میهردادە، بەڵام میهرداد پاش ئەوەی منداڵەکە لە هارپاک

وەردەگرێت و بەرەوماڵی خۆی دەڕوات، دەبینێت خێزانەکەی منداڵێکی مردووی بووە، ئیتر بڕیار دەدات جلی شاهانەی کچەزاکەی ئاستیاک لەبەر منداڵە مردووەکەی خۆی بکات و فڕێی دەدات. کۆرپەکەی ماندانای کچی ئاستیاک لە دامێنی ئەو خێزانە گەورە دەبێت، دوای گەورە بوونی، ئاستیاک بەو بابەتە دەزانێت و داوا دەکات کوڕەکە لە کۆشکی پاشایەتی لەگەڵ خۆی بژی.

ئاستیاک کە بە خیانەتی هارپاکی وەزیری زانی، لە تۆڵەی ئەو کارەدا سزای هارپاکی دا، سزاکەش ئێوارەخوانێک بوو بە گۆشتی یەکێک لە منداڵەکانی هارپاک و دەرخواردیشی دەدات، دواتر هارپاک ئەمە دەزانێت و ڕق و کینە بەرانبەر ئاستیاک لە دڵ دەگرێت.

ئاستیاک فەرمانی ناردنی کوروش لە وڵاتی ماد بۆ لای دایک و باوکی لە وڵاتی پارس دەدات، کوروش لەوێ بە شێوازێکی سەربازی و کارامە پەروەردە دەکرێت و پاش مردنی باوکی، دەبێتە پاشا و دەسەڵاتداری پارسەکان.

لە پاش تێپەڕینی چەندان ساڵ و بێهێزیی دەوڵەتی میدیا، دەوڵەتی پارس بووە دەوڵەتێکی بەهێز لەژێر سەرکردایەتی پاشایەتی (کوروش) کە لای پارسەکان بە (کوروشی مەزن) بەناوبانگە.

دواتر پارسەکان بڕیاری هێرش بەسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی میدیا دەدەن، بەڵام لێرەدا ڕۆڵی

هارپـاک وەک گـەورە سـەرکردەیەکی سـوپای میدیـا بـە خیانـەت دەسـتپێدەکات و پێش دەسـتپێکردنی شـەڕ لەگـەڵ سـوپای پارسـەکان، لەگەڵیـان ڕێکدەکەوێـت و دەبێتە ڕێنیشـاندەر و چاوسـاغی کوروش و سـوپاکەی، بۆیـە بەهـۆی خیانەتـی هارپـاک، سـوپای پـارس زۆر بـە خێرایـی و بـە پلانـی پێشـوەختە توانـی زۆربـەی ناوچـەکان داگیـر بـکات و تەنانـەت گەیشـتنە شـاری هەگمەتانـەی پایتەختـی میدییـەکان و لـەوێ ئاسـتیاک بەدیـل دەگـرن و فەرمانـی دوورخسـتنەوەی دەدەن.



شوێنەواری هەگمەتانە



پیاوێکی میدی



خەونەکەی ئاستیاک

## شوێنەوارەکان

### گۆڕە دخمەکان

یەکێک لە شوێنەوارە بەجێماوەکانی ئیمپراتۆریی میدیا، کۆمەڵێک گۆڕە کە لەناو شاخ و شوێنە بەرزەکان هەڵکەنراون، بەمەبەستی ناشتنی تەرمی پاشاکانی میدیا درووست کراون، ئەمانە کە وەک زەنجیرە گۆڕن، مێژووی درووستکردنیان بۆ سەرەتای دەسەڵاتداری میدیا دەگەڕێتەوە، کە پاشان لەلایەن پاشاکانی پارس و ئەخمینی لاسایی کراونەتەوە.

لێرە باسی دوو نموونە لەو گۆڕانە دەکەین کە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و کوردستانی باشوورن:

### گۆڕی فەخریقا

ئەم شوێنەوارە دەکەوێتە باکووری گوندی ئەگریقاش (١٥ کیلۆمەتری باکووری ڕۆژهەڵاتی مەهاباد). ئەم گۆڕە مێژووییە بە بەرزی پێنج مەتر لەناو چیادا درووست کراوە و ١٣٣١ مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە.

وشەی فەخریقا لە دوو بەش پێکهاتووە، فەخر واتا شکۆ، گا یان قا بە واتای شوێن دێت، واتا شوێنێک بۆ شکۆ.

هەر لەبەر شوێنی ستراتیجی و ئایینی گۆڕەکەیە دەگوترێت لەلایەن پاشاکانی مادەوە بە تایبەت (فەروەرتیش) و فەرماندە گەورەکانی سوپاکەی

درووستکراوه بۆ ناشتنی تەرمی کەسایەتییە گرنگەکان.
لە هەندێ سەرچاوەش باس لەوە دەکرێ کە ئەم گۆڕە ئارامگای پاشای ماد فەروەرتیش خۆیەتی. ڕووی ئەم ئەشکەوتە لە خۆرە، ئەویش بەهۆی بڕوای میدییەکان بە ڕووناکی و پێویستی هەبوونی نوور لەناو گۆڕ بەو شێوەیە درووستکراوە.
لە بەشی پێشەوەی شوێنەوارەکە سێ ستوون بە بەرزی ١٧٦ سم هەیە کە بە شێوازی خڕ درووستکراون و بە دوو قادرمە بەرەو ژوورەوە دەچێت بۆ هۆڵێکی گەورە و سێ گۆڕی تێدایە بە بەرزی نیو مەتر.

## ئەشکەوتی قزقاپان

ئەشکەوتی مێژوویی قزقاپان، لە ناوچەی چەمی ڕەزان لە نێوان سلێمانی و سووورداش هەڵکەوتووە، ٥٠ کم لە سلێمانییەوە دوورە و نزیکە لە گوندی زەرزی، لە دۆڵی چەمی ڕەزان، بە بەرزایی ١٠ مەتر لەناو شاخ هەڵکەنراوە و بە کۆمەڵێ نەخش کە تایبەتن بە سەردەمی دەسەڵاتداری میدییەکان، ڕازێنراوەتەوە.
سەبارەت بە نەخشەکانی سەر دیواری بەشی پێشەوەی ئەم ئەشکەوتە لە لای دەستی ڕاستی ئەشکەوتەکە ئەستێرەیەکی خواوەندی عەشتار نەخشێنراوە، پاشان ستوونێکمان دێتە پێش کە بنکەکەی بە شێوازی چوارگۆشە و سەرەوەی بەشێک لە ستوونەکە بە

نیوبازنەیی درووستکراوە، پاشان ستوونەکە تا ژێر سەقفی ئەشکەوتەکە درێژ دەبێتەوە، لە بەشی کۆتایی ستوونەکە، بەردەکە هەندێ بە لای چەپ و ڕاستدا پان بووەتەوە و بە شێوازی بازنەیی و بە ناو یەکدا هەڵکۆڵدراوە.

لە ناوەندی ئەشکەوتەکە دەرگای چوونە ژوورەوە هەیە کە لە بەشی سەرەوەیدا وێنەی دوو پیاو کێشراوە، هەردووکیان کەوانیان بە دەستەوەیە، کە نیشانەی هێز و دەسەڵاتە.

بە گوتەی سەرچاوەکان، پیاوی لای ڕاست فەروەرتیشی پاشای میدییەکانە و ئەوەی تریش پیاوێکی ئایینی زەردەشتییە.

لە نێوان ئەم دوو پیاوەدا، ئاگردانێک هەیە کە هەردووکیان دەستیان بۆ لای ئاگرەکە درێژ کردووە، پێدەچێ ئاگری پیرۆزی ئایینی زەردەشتی بێت کە لەو سەردەمەدا پێڕەو و بڕواداری زۆری هەبووە.

لە پاش ئەم نەخشە، دیسان ستوونێکی تر هەیە هەر بە شێواز و دیزاینی ستوونەکەی یەکەم کە لە سەرەوە باس کراوە. هەر لە تەنیشت ستوونی دووەم، لە بەشی سەرەوەی دیوارەکە، نەخشێکی فەروەهەر هەیە کە نیشانە و سیمبولی زەردەشتییەکانە، کێشراوە.

ئەشکەوتەکە دەرگایەکی بچووک و کورتی هەیە و دەچێتە ناو ژوورێک، لەو ژوورە سێ گۆڕی تێدایە بە بەرزی یەک مەتر، مێژووناسان لەو بڕوایەدان کە تەرمی کەیخوسرەوی پاشای میدیا لەوێ نێژرابێ.



شوێنەواری فەخریقا



شوێنەواری قزقاپان

## سەرچاوەکان:


١. پاشایەتی ماد، نووسینی ئیقرار عەلییێف، وەرگێڕانی: سەلام ئیسماعیل پوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ٢٠١٦.

٢. میدیا، نووسینی دیاکۆنۆف، وەرگێڕانی: بورهان قانیع، چاپی سێیەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ٢٠٠٨.

٣. مێژووی نەتەوە کۆنەکانی کوردستان، نووسینی: شاخەوان فایەق ئەلیاسی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ٢٠٠٨.

٤. مێژووی ماد لە زنجیرە مێژووی کامبریدج، نووسینی: م. ا. دیاکۆنۆف، وەرگێرانی: عوبێد سورخابی، سلێمانی، ٢٠١٣.

٥. کورد و دیرۆکە تاڵانکراوەکەی، نووسینی: حەمەسدیق میرزا، چاپخانەی گوڵی نێرگز، سلێمانی، ٢٠١٢.

٦. مەملەکەتی ماد، نووسینی: دکتۆر ئەحمەد ئەلخەلیل، وەرگێڕانی: حەمەسەعید کەلاری/ pdf.

٧. هاونەتەوەیی کورد و ماد، نووسینی: حەبیبولا تابانی/ pdf.

٨. نامەی ماستەری کۆزاد محەمەد ئەحمەد/ pdf.

٩. ژمارە یەکی گۆڤاری سۆبارتۆ/، هەولێر، ٢٠٠٧.

١٠. شارستانییەتی خورییەکان، نووسینی: گێرنوت ڤیلهێم، وەرگێڕانی: ئارام هەمەوەندی/ pdf.

١١. موساسیر لە سەرچاوە مێخییەکاندا، نووسینی: ئارام هەمەوەند/ pdf.
١٢. کورد کێیە؟ نووسینی: سۆران حەمەڕەش/ pdf.
١٣. چەردەیەک لە مێژووی کورد، نووسینی: دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر، چاپی حەوتەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٣.
١٤. مێژووی کورد و کوردستان، محەمەد مەردۆخی کوردستانی، وەرگێڕانی: عەبدولکەریم محەمەد سەعید.
١٥. مێژووی گەلی کورد و نەتەوەی کورد تورکمان نییە، نووسینی: سالّح قەفتان.
١٦. کورد و کوردستان، نووسینی: ئارشاک سافراستیان، وەرگێڕانی: ئەمین شوانە.
١٧. کورد و مێژوو، نووسینی: قادر ئەحمەدی، سلێمانی، ٢٠٠٥.
١٨. کوردستان لە مێژوودا، چاخە کۆنەکان (١٠٠ هەزار سالّ پ. ز تا ٤٠٠ی زایینی)، نووسینی خەسرەو گۆران، وەرگێڕانی: ئاسۆ کەریم، هەولێر، ٢٠٠١.
١٩. دەولّەتی ماد، نووسینی: ئیسماعیل مارف،سلێمانی، ٢٠١٤.

**سەرچاوەی فارسی:**

٢٠. کورشی کەبیر، نووسینی: ئەلبێر شاندور، وەرگێڕان:ی محەمەد قازی، چاپی هەشتەم، تاران.

٢١. تاريـخ شآهەنشـاهی هەخامەنشـی، نووسـینی: ا. ت. ومسـتد/ وەرگێڕانـی دکتـۆر محەمـەد موقـەدەم، چاپخانـەی ئەمیـر کەبیـر.
٢٢. انسـان کهـف شـاندر فـي کوردسـتان، تێـزی خوێندنـی بـاڵای ایهـان محمـد قـادر ئامێـدی..
٢٣. ئینتەرنێت - ویکیپیدیای ئازاد.

## سوپاس و پێزانین

سوپاسی تایبەت بۆ هاوڕێ و مامۆستای بەڕێزم کاوە جەم کە فێری ئەلفوبێی کاری ڕۆژنامەنووسی کردم.
د. کەیوان ئازاد ئەنوەر، ئەرکی پێداچوونەوەی مێژوویی کتێبەکەی لە ئەستۆ گرت.
د. ئاری خەلیل کامیل، ئەرکی پێداچوونەوەی شوێنەواریی بابەتەکانی لە ئەستۆ گرت.

**سوپاسی هەریەک لە بەڕێزان:**
سەرباز ساڵح، خاوەن ئیمتیازی دەزگای میدیایی وشە.
د. کۆزاد محەمەد ئەحمەد لە سەرۆکایەتیی بەشی شوێنەوار لە زانکۆی سلێمانی.
د. دڵشاد زاموا.
د. ئارام جەلال حەسەن.
مامۆستا هاوار نەجمەددین هەواس.
مامۆستا جیهاد نەزیف.
چۆمان تەقیەددین.
سەرباز ئەحمەد.
کتێبخانەی بەشی شوێنەواری زانکۆی سەلاحەددین، هەریەکەیان بە جۆرێک لە جۆرەکان هاوکارییان کردووم لەم کارەدا.